هونەرە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری

# کەرکووك

ستران . گۆڤەند . موزیك

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هونەرە فۆلكلۆری و میللییەكانی دەڤەری

# كەركووك

ستران . گۆڤەند . موزیك


كۆكردنەوە و نووسینەوەی نۆتەكان

**بەشیر سەبری بۆتانی**

پێداچوونەوەی تێكستە كوردییەكان

**ئاوڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە**

ناوی کتێب: هونەرە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری کەرکووك
کۆکردنەوە و نووسینەوەی نۆتەکان: بەشیر سەبری بۆتانی
پێداچوونەوەی تێکستە کوردییەکان: ئاوڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٣٤
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٠٩١ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## نەخشەی ستانی کەرکووک



## هونەرە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری کەرکووك

لە ستانی کەرکووك هەردوو دیالێکتی سۆرانی و گۆرانی قسەیان پێ دەکرێ. فۆلکلۆری ئەم دوو دیالێکتە لە هۆش و بیری دانیشتووانی ئەم دەڤەرە دەژیت کە بەشێکە لە فۆلکلۆری دەڤەرەکانی دەوروبەر و کاریگەریی زۆریان بەسەر یەکترەوە هەیە. بەڵام لە بەر سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لەم دەڤەرەدا، وەك دەبینین، نەیتوانیوە وەك دەڤەرەکانی دەوروبەر گەشە بکات و پەرە بستێنێت. لە هەر گوند و شارۆچکەیەکی ئەم دەڤەرەدا دەنگبێژەکی ناوداری لێ هەڵکەوتووە و گەلەك زانیاریی لەسەر فۆلکلۆردا هەبوونە. لەو سەردەمەی کە ژیانی لاوێنیم لە شاری کەرکووك بۆ ماوەی دە ساڵەك بە سەر برد، زۆر خولیای سترانە فۆلکلۆرییەکانی بووم. لەبەرئەوە دەکارم بېێژم هەر پیرەکی دەنگبێژ بمردایە، زیانەك بوو لە سامانی نەتەوایەتیمان دەکەوت، چونکو وەك پێویست، بایەخ بە کۆکردنەوە و پاراستنی ئەم هونەرە لە فەوتان نە درابوو.

ئەگەر ئێمە سترانەکانی دەڤەری کەرکووك بە پێی ناوچەکان شی بکەینەوە، دەردەکەوێ کە لە باکوور و باشووریدا سترانەکان وەك یەك نین. بۆ بەڵگە، لە باکووری دەڤەرەکە وەك پردێ و دووبز زیاتر دوو مۆرکی حەیران و لاوك باون "سۆرانی، بادینانی، هەکاری و بۆتانی"، بەڵام ناوڕاست و باشووری دەڤەرەکە کە بە گەرمیان بە ناوبانگە، زیاتر چەند لق و پۆپەی هەواکان باون "ئەردەڵانی"، وەك ئەڵڵاوەیسی، قەتار، بەرزەقەتار (خاوکەر) و خورشیدی. شایانی باسە کە لەم دەڤەرەدا هەوا، سترانی بێ ڕەزم (بێ ڕەوت، بێ ئاکل) و سترانگەلێك کە بە پیڤانی ٨/٥،٨/١٠ و ١٠/١٦ فرە بەر بڵاوە. موزیکژەنەکانی ئەم دەڤەرە لە دیوەخانانداا ئامێری باڵەبان، بلوێر، تەپڵ، دەفی مەزن و بچووکیان بەکار دەهێنا، لە شاییدا دەهۆڵ و زورنایان بەکار دەهێنا، هەروەها لە مێرگانیش دووزەلە و تەکزەلەیان بەکار دەهێنا و هتد. ئەو ئامێرانە لە کەرستەی خودی دەڤەرەکە دروست دەکران، هەروەها ئامێری تەنبووریش لە شاری کەرکووك پەیدا دەبوو، کە لە زاخۆ و مووسڵ دروست دەکرا.

### ١- هەوا

شایانی باسە کە گەلەك جۆری هەوا لە دەڤەری کەرکووك بە ناوبانگن، وەك هەشت هەوای سەرەکی "عەجەم، نەهاوەند، کورد، حیجاز، ڕاست، بەیات، سەبا و سێگاه" لەگەڵ

چەند لق و پۆپەك وەك "ئەڵڵاوەیسی، قەتار، خاوکەر، خورشیدی، هیجران، ئورفا، چوارگا، پێنجگا، حوسەینی، دەشت، دەروێشی، قەزاز، ئەوج، خەناباد و هەزام...

**٢- بەستەی ئەڤین و دڵداری**

زۆرینەی ئەم بەستانە دەربارەی ئەڤین و دڵداری بوون، بە ڕەزمەکی نەرم دەخوێندران، هەروەها جۆرەکیان تایبەت بوون بە دانیشتن لە دیوەخانەکاندا . ئەم بەستانە ڕاستەوخۆ لە لە قووڵاییی دەروونەوە دەردەچوون و لە لای هونەرییەوە زۆر ڕێکوپێکن.

**٣- بەستەی گەرووِیی (بەستەی چەپڵە، چەپڵەڕێزان)**

ئەم بەستەیە ڕاستەوخۆ لە گەرووەوە دەردەچوو و دوو جۆری هەیە:

ئا- بەستەی خێرا: ئەم بەستەیە بۆ دیلان دەبێت و زیاتر لە گەڵ چەپڵەدا دەوترێ.

ب- بەستەی خاو: ئەم بەستەیە زۆر خۆشە و بە ڕەزمەکی نەرم و هێدی و دەخوێندرێ.

**٤- بەستەی بێ ڕەزم**

دەنگبێژەکان بە بێ ڕەزم لە قووڵاییی هەستەوە بە جۆش و خرۆش دەیانخوێند. ئەم بەستەیە پابەندی هەڵپەڕکێ نییە.

**٥- بەستەی تێکەڵاو (بە ڕەزم و بێ ڕەزم)**

دەنگبێژەکان دوو دێڕی بەندەکیان بە خەمناکی و بە بێ ڕەزم دەخوێند و پاشتر هەر هەمان دوو دێڕ بە ڕەزم دەخوێندەوە. ئەم دیاردەیە لە باکووری کوردستانیشدا باوە، بەڵام بە شێوە و هەستەکی ترەوە. ئەم بەستانە تەنیا بۆ گوێگرتن بوون و لە ناوەڕۆکدا سەبارەت بە ئەڤین و خۆشەویستی بوون.

**٦- نارین**

ئەم بەستەیەی کە لە لایەن ژنانەوە بۆ گواستنەوەی بووك بە دابونەریتی تایبەتی کوردەواری بە خەمباری و بە بێ ڕەزم دەخوێندرێ.

**٧- سەرهەوا و بەستەی ئاینی**

ئەم سەرهەوا و بەستەی ئاینییە بە دیالێکتی گۆرانی و سۆرانی لە لایەن پیاوانەوە لە تەکیە و خانەقاکاندا دەخوێندران. ئەو بابەتانەی کە بە دیالێکتی (گۆرانی) بوون، زیاتر لە سەر هەوایە لق و پۆپەکان دەخوێندران "ئەڵڵا وەیسی، خورشیدی، قەتار و خاوکەر..." و ئەو بابەتانەی کە بە دیالێکتی (سۆرانی) بوون، زیاتر لە سەر هەوایە سەرەکییەکان دەخوێندران "سەبا، بەیات، ڕاست و حیجاز...".

نووسەر کاک ئەحمەد جزیری لە پەرتووکی (محەمەد عارفێ جزیری-سترانبێژێ مرۆڤپەروەر) دا دەبێژێت کە لە ساڵانی ١٩٤٦ و١٩٤٧ دا هونەرمەندی میللی محەمەد عارف جزیری لە باشووری گەرمیان تیپەکی ئاینیی بۆ خوێندنی مەولوود پێك هێنا و چالاکییان دەنواند. ڕەمەزان جزیری، عەڤدۆ ئەسعەد جزیری، حەسەن حەمدانی و زاواکەی عارۆ (عارف) ئەندامانی ئەم تیپە بوون کە لە دوو ساڵ زیاتر بەردەوام نەبوو.

**٨- دیلان**

ئامانج لە مۆرکی دیلان "بەستەی هەڵپەڕکێ" بە تەنیا بەردەوامبوونی هەڵپەڕکێیەکە بوو، نەك ناوەڕۆك و ئاواز بوو. لە بەر ئەوە دروستکردن و ژەنینی ئەم بابەتە فرە ئاسانە. زۆربەی ئەم بەستانە بە ڕەزمەکی بڵند و خێرا دەخوێندرێن.

**٩- بەستەی کار**

ئەم بەستەی خاو و بێ ڕەزمە لە دەڤەری کەرکووکدا وەك هەموو دەڤەرەکانی تری کوردستان پێوەندییەکی ڕاستە و خۆی بە کارکردنەوە هەیە، بە تایبەتیش بە دەم کارکردنەوە دەوترێت، وەك ڕەزبڕین، شەنکردن، چاندن، کێڵان، شوانی و گاوانی، تەون و تەشیرێسان، کۆکردنەوەی دانەوێڵە، دروستکردنی خانوو و دووسواقە، بیرهەڵکەندن، جلدوورین و کەوشدروستکردن.

**١٠- سروود و بەستەی نیشتیمانپەروەری**

ناوەڕۆکی ئەم سروود و بەستانە زیاتر ئازادیخوازو ئاشتیخوازانەن و لە بۆنە میللی و سیاسیەکاندا دژی ڕژێمەکی ستەمکار دەخوێندران. ئەم بابەتە لە سەرهەڵدانانددا زیاتر

گەشەی دەکرد و لە دەمی ستەمدا دژی دوژمنان بە کار دەهێنرا. زۆربەی ئەم بەستانە بە ڕەزمەکی بڵند و بەهێز دەخوێندران.

**١١– لەیلان (مۆنۆلۆگ)**

بەستەیەکە بۆ گاڵتە و پێکەنین دەخوێندرێت، ناوەڕۆکی زیاتر ڕەخنەگرانەیە "ڕەخنەی کۆمەڵایەتی". ئەم بابەتە تاکو ئێستا بە تەنیا لە لایەن پیاوانەوە و بە ڕەزمەکی نەرم دەخوێندرێت.

**١٢– داستان و چڕچیرۆك**

پیرەژنەکان و پیرەمێردەکان هەر لە کۆنەوە لە گوندەکان شەوانە لە دەمی زستاندا خەڵکیان لێ کۆدەبێتەوە و داستان و چڕچیرۆکیان (چیرۆکی بە ستران) بۆ دەگێڕنەوە، وەك شیرین و فەرهاد و ڕۆستەمی زاڵ و تا کۆتایی. ئەمەش زیاتر فۆلکلۆرە، واتە لە پێشینان بە جێ ماوە و دەما و دەم لە باوباپیرانەوە ماونەتەوە، هەروەها تاکو ئێستاش لە هەندێ شوێن هەر بەردەوامە.

**١٣– بەستەی تاسەکردن**

ناوەڕۆکی ئەم بەستەیە بۆ منداڵانی ساوا دەوترێت، کە باسی زیرەکیی منداڵانی مەزن، ئاژەڵ و سروشتە و لە لایەن ژنان و پیاوانەوە بە بێ ڕەزم دەخوێندرێ.

**١٤– بەستەی نڤاندنی منداڵان (منداڵخەواندن)**

ئەو دەمەی کە دایك لانکی کۆرپە ساواکەی دەهەژێنێ، بەستەیەکی فرە خاوی بۆ نووستنی دەخوێنێ تاکو خەوی لێ بکەوێت. ئەم بەستەیە بێ ڕەزمە و ناوەڕۆکی لە سەر منداڵی ساوا، ئایندە، ئاوات و ژیانەکی پڕ لە کامەرانی و خۆشییە.

**١٥– گەمە**

ناوەڕۆکی ئەم بەستەیە لە سەر گەمەکردنە. گەلەك گەمەی منداڵان لە گوند و شارۆچکەکان هەیە، وەك بووکە بە بارانێ، هەللوور–بەللوور، هەللەق–مەللەق...

**١٦- بەستەی بۆنەکان**

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بە تەنیا لە سەر بۆنەکانە، وەك جەژنانی ئاینی و میللی؛ جەژنی بچووك و مەزن، جەژنی سەرساڵ و نەورۆز، گەشت و سەیران، نەبارینی باران، چوارشەممەسووریێ و هتد. ئەم بابەتانە زیاتر لە گوند و شارۆچکەکاندا پەیدا دەبن و لە لایەن کچان و کوڕانەوە لە گەڵ ڕەزم و چەپڵەدا دەخوێندرێن.

**١٧- موزیکی میللی**

موزیکژەنەکان موزیکی هەڵپەڕکێیان لە شاییدا بەکار دەهێنا و ئامێری سەرەکیی ئەم بابەتە دەهۆڵ و زوڕنا بوو. ئەم تەرزە موزیکە فرە ئاسان بوو؛ وەك سەرهەوایەك (تەقسیمەك) و بەستەیەکی سانا و ساکار بوون و پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ موزیکی ستران وتندا هەبوو. هەروەها بەشەك لەم موزیکە بۆ گۆڤەندی سێ پێیی، چەپی و جەنگ دەگونجان "بە ڕەزم".

ئاهەنگی ژنهێنان لە دەڤەری کەرکووك سێ ڕۆژ بوو، کە زیاتر دەهۆڵ و زوڕنا لە شاییەکەدا بەکار دەهات. جارێك بە ڕێکەوت من لە ناحیەی قادر کەرەم بووم، لەوێ شاییەك هەبوو، شاییگێڕان لە کۆڵان سێ پێیی هەڵدەپەڕین... ئەو کاتەی کە بووکێیان لە ماڵی باوانەوە دەردەکرد، ژنان بەستەی نارینیان (سترانەك لەسەر بووك) دەخوێند. کە بووکێ دەگەیشتە ماڵی زاوا، جۆری بەستەکە دەگۆڕا، ژنان دەستیان بە شایی دەکرد و دوو ژن دەستیان بە ستران وتن دەکرد و یەکەکیان دەستی پێ دەکرد و ئەوەی تر بۆی دەگێڕایەوە. پاشتریش دەبوو بە ڕەشبەڵەك. ڕەشبەڵەکیش دیاردەیەکی شارستانی و زۆر ڕەسەنە کە لە دێرزەمانەوە لە نێو کورداندا باوە. دوایی بە بزاڤی شایی جەنگ کۆتایی بە ئاهەنگەکە دەهێنرا: دوو پیاو لە سەر بیرەکی ئاو یان پارچەیەکی زەوییەك شەڕی یەکتریان دەکرد. میوانەکان دەبوون بە دوو بەشەوە و هەر بەشەکی پشتیوانیی لایەکی دەکرد. دوایی چەند پیرەمێردەك و پیرەژنەك دەهاتن و ئەو دوو تاقمەیان ئاشت دەکردەوە. درەنگی شەویش دەنگبێژەك لە حەوشی خانوودا هەوا و بەستەی خاوی دەخوێند "بێ ڕەزم و تێکەڵاو (بە ڕەزم و بێ ڕەزم)"، چەند دەنگبێژەك بە دووقۆڵی بەستەیان دەخوێند و بە قاپ و کەوچك ڕەزمەکەیان دەگێڕا، میوانانیش بە چەپڵە و چەقەنەوە ئاهەنگەکەیان

جۆش دەکرد. لە کۆتاییدا لە مابەینی دوو سترانبێژدا دەبوو بە پێشبڕکێی ستران. ئەم دیمەنە سەرنجکێشە لە هەموو گوندەکانی کوردستان باوە و زۆر گرنگە پەرەی پێ بدرێت و پارێزگاری لە لەناوچوونی بکرێت.

لەو سەردەمەدا کە من لە دەڤەری کەرکووك بووم (لە ساڵی ١٩٦٤–١٩٧٤ دا)، کە

گوێ بیستی سترانەکان دەبووم، دەربارەی هەر سترانەك چەند تێبینیم دەنووسی؛ چونکو زۆر هۆگری ئەو تەرزە هونەرە ڕەسەنە بووم. ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا کە

بەراوردەکی ئەوسا و ئێستا دەکەم، دەڕوانم مۆرکە تایبەتییەکانی ئەو سەردەمە لە فەوتاندان، کە ئەرکی سەر شانی هونەرمەندانە کە سەرلەنوێ زیندوویان بکەنەوە و ڕوحەکی نوێیان بە بەر دابهێننەوە. بۆ نموونە خوێندنی سترانەك لە پردێ، کفری و

چەمچەماڵ بە شێوەیەکی کوردیی ڕەسەن بوو، کەچی هەمان ستران لە بەغدا بە ئاوهەوایەکی عەرەبی–کوردی تۆمار دەکرا.

هەروەها لە کەرکووکی گەرمیان و لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ یەکێتیی لاوانی کوردستان. تیپەکی بۆ گۆڤەندی کورمانجی هەبوو، ئەزیش ئەندامی تیپەکە بووم. کاك سەڵاح داودە و کاك فایق داودە بە دەهۆڵ و زوڕناوە تیپەکەیان جۆش دەدا و ئەو کاتەی کە تیپەکە لەگەل تیپی سۆلاڤ بەشدار دەبوو، کاك شەوکەت ڕەشید بەرنامەی تیپەکەی ڕێکوپێکی دەکرد. شایانی باسە کە ئەم کارە هونەرییە لە شاری کەرکووك نوێ بوو و هەمیش بێ وێنە بوو. ئەم پێوەندییە هونەرییە بە سایەی یەکێتیی لاوانی کوردستانەوە بوو، کە لە ئازاری ١٩٧٠ دەست پێ کرد و مخابن کە لە ئازاری ١٩٧٤ تەواو بوو، ئەو کاتەی کە فشەی ڕژێمی عیراقی دەربارەی ئۆتۆنۆمییەکە ڕوون و ئاشکرا بوو.

هەوا و ستران لە دەڤەری کەرکووك لە ژیانی دانیشتوانیدا بەشەکی گرنگ بوو. دەتوانم بە خۆراکی ڕۆحیی ئەو سەردەمە ناوزەدی بکەم، کە ڕەسەنایەتی و سۆزی تایبەتی خۆی و چێژی تایبەتی و بۆن و بەرامەی گەشی خۆی هەبوو، وەك ئاهەنگی دیوەخانان و بووك و زاوا... ئاهەنگ و موزیکی ئەو سەردەمە لە دیوەخانەکاندا لەگەڵ چا، قاوە و شەربەت و مەی تا ئازاری ساڵی ١٩٧٤ زۆر بە جۆش و خرۆش بوون، بەڵام دوایی ئەو ساڵە پاکسازیی نەتەوەیی کۆتاییی بەو ئاهەنگە قشتانە هێنا. کوردانی ئەو سەردەمە بە ڕەنجدانەکی زۆرەوە دەیانتوانی بژێوی ژیانی خانەوادەیان دابین بکەن، بەڵام ئەو ئاهەنگ، ستران و هەوا باوانەی شەوانی کەرکووك، ماندووتییی ئەو خەڵکەیان سووك

دەكرد، ماندووبوونەكە چەند زیاد بووایە، ئەم ئاهەنگە قەشەنگانە بەلانسێكی ڕووحییان لە كەسەكاندا ڕادەگرت. ئێدی مخابن كە ئەم یادگارە دێرینانە لە لایەن دوژمنانی ئاشتی و ئازادییەوە خاپوور كران و شوێنەواریان نەما. ئێدی ئەز پێشنیاز دەكەم كە پێویستە هونەرمەندانی دەڤەری كەركووك بۆ زیندووكردنەوەی سامانەكەی خۆیان هەوڵەكی بێ وچان بدەن، كە لەم خالانەی خوارەوەدا دەستنیشانیان دەكەم:

١– دەزگایەكی گشتی بۆ كار و باری فۆلكلۆر

٢– ئارشیڤەكی ڕێكوپێك

٣– مۆزەخانەیەكی فراوان

٤– نووسینەوەی لێكۆڵینەوە فۆلكلۆرییەكان لە هەموو ناوچەكانی دەڤەرەكە

٥– پاراستنی جێگای مێژوویی وەك خانوو و ئاوایی

٦– كۆكردنەوەی جۆرەكانی پێلاو و جل و بەرگە فۆلكلۆرییەكان

٧– كۆكردنەوەی كارە دەستییەكان

٨– كۆكردنەوەی ئامرازانی نێو ماڵ

٩– كۆكردنەوەی ئامرازانی كشتوكاڵی

١٠– دامەزراندنی چەند تیپەكی فۆلكلۆری و میللی

١١– ئامادەكردنی میهرەجانە فۆلكلۆری و میللییەكان

١٢– تۆماركردنی بەرهەمە فۆلكلۆرۆری و میللییەكان بە دەنگ و وێنەوە

١٣– بلاوكردنەوەی گۆڤارەكی فۆلكلۆری و میللی

١٤– چاپكردنی پەرتووكە فۆلكلۆری و میللییەكان

١٥– نووسینی مێژووی هونەرە فۆلكلۆری و میللییەكان و ژیانی دەنگبێژەكان

١٦– كۆكردنەوەی ستران، موزیك، گۆڤەند، دیلان و سەما

١٧– كۆكردنەوەی گەمانی مندالان و گەنجان

١٨– كۆكردنەوەی هەڵیبێنە

١٩– كۆكردنەوەی وتە نەستەقەكانی باب و باپیران

٢٠– كۆكردنەوەی داستانان، چیرۆكان و چرچیرۆكان

٢١- كۆكردنەوەی هەڵبەستە فۆلكلۆری و میللییەكان

٢٢- نووسینەوەی دابونەریتە كۆنەكان

٢٣- كۆكردنەوەی بیر و باوەری كۆن

٢٤- نووسینەوەی یاسا و ڕێسای كۆنیە كۆمەڵایەتییە باوەكان

٢٥- بڵاوكردنەوەی بەرنامەیەكی ڕادیۆیی

٢٦- بڵاوكردنەوەی بەرنامەیەك و فیلمەكی تەلەفزیۆنی

٢٧- دروستكردنی فیلمەكی سینەمایی

سەرجەمی ئەوانەی باسم لێ دەكردن، لە دەڤەری كەركووك و ڕادیۆ و تەلیفزیۆندا مۆركی سەردەمی ساڵانێكن كە بە ساڵی ١٩٧٤ كۆتایی پێ هات و ئێدی پەڕەی نەسەند و زۆری فەوتان و لەناوچوون و من هەموویم لە نامیلكەیەكدا پاراست. بەڵام مخابن كە ساڵی ١٩٧٥ دا لە كەركووك دەركراین، بەشەك لەو نامیلكەیەش لەگەڵ كەرەسەی ناوماڵەكەماندا فەوتان و لە بەین چوو. لە ساڵی ١٩٨١ لە شاری ئوپسالای سوید، چەند سترانەك لە كاك شۆڕش عەلی عەسكەری فێر بووم. و سەبارەت بە نۆتەكانیش، بەشەكیان بە گوێگرتن و بەشەكیان بە ئامێری موزیك نووسیومن، هەروەها چەند نۆتەیەكی مامۆستا جەمیل بەشیرم سوود لێ وەرگرت. سەبارەت بە سترانە میللییەكان نەمزانی هەڵبەستی كێن، بە گوێرەی زانیاریی كاك عەوڕەحمان زەنگنە ناوی چەند هەڵبەستڤانەكم لێ وەرگرت، وەك زەبوونی، ڕەشید ئاغای زەنگنە، ڕەنجووری (مەلا عومەری زەنگەنە)، مەلا فەتاحی جەباری، سابیری (شێخ نجم الدین عبدالرحمن بەرزنجی) و سەبارەت بە ئاوازەكانیش، دیسان نەمزانی خاوەنەكانیان كێن، لە بەر ئەوە داوای لێبووردن دەكەم. ئێدی ئەگەر كەموكوڕییەك لەم ڕەشبەلەكەدا هەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئێمە لە كەركووك دەركراوین و من لەوێ ئەم كارەم پێ تەواو نەكرا. لە كۆتاییدا خۆم بە قەرزاری خەڵكانی دەڤەری كەركووكی خۆشەویست دەزانم.

دانەر، سوید ١٩٩٧

# بەخچەی منداڵان

ئەم جیهانە لە گەمە و ستران پڕە، بەشەك لە ئاوازەكانیان فرە ئاسانن و بەشەكیان بە یەكجاری بێ ئاوازن. و ئەگەر ئێمە بەستەی نڤاندنی زارۆكان (منداڵخەواندن، لۆری، لاواندنەوە) شی بكەینەوە، دیسان بۆمان دەردەچێت كە ئاوازەكەی سنووردارە. مەبەست لەم هەر سێ بابەتانە بە تەنیا بۆ بۆراندنی كاتەكەیە و خوێندنیانیش لەمرۆڤەك بۆ مرۆڤەكی دی، یان لە گوندەك بۆ گوندەكی دی هەر وەك یەك نییە. بۆیە من ئەم ئاوازانەم بە نەختێ گۆڕانەوە نووسین تاكو لە گەڵ كێشەكان بگونجێن.

**١- ئەی لایە لایە**

جێگا: ناوچەی دووبز

مۆرك: نڤاندنی منداڵان (دایك لانكی كۆرپە ساواكەی ڕادەژێنێت و ئەم بەستەیە بێ ڕەزمەی بۆی دەخوێنێت تاكو خەوی لێ بكەوێت)

سەرچاوە: عەدلە خان (دایكی حەسەنی سوور)، گەڕەكی شاترلۆ - كەركووك



ئەی لایە لایە

گیان لایە لایە

شەوگار درەنگە

بۆچ خەوت نایە؟

**٢- لایە لایە**

جێگا: ناوچەی زەنگەنە

مۆرك: نڤاندنی منداڵان

سەرچاوە: عەورەحمان زەنگەنە




لایه لایه

ڕۆڵە، لایە لایە

شەوگار درەنگە

بۆچ خەوت نایە؟

بۆیە دەست و پێت

بە دەسڕازەی بەن

ئەبەستم وێنەی

کەڵەپچە و پێوەن

**٣- ئایل، شەوگار درەنگەن**

جێگا: گەرمیان

مۆرك: نڤاندنی منداڵان

سەرچاوە: ئامادەیی کوردستان - کەرکووك




ئایل، شەوگار درەنگەن

ئەی لایە-لایە

وەچی وەرمت نمەییۆ؟

دایە یار دایە

**٤- شەوی بەراتێ**

جێگا: دووبز

بۆنە: شەوی بەرات، (لە لایەن کوڕان و کچانەوە بە چەپڵەوە پێشکەش دەکرێت)

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەچڕێ و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە

سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان – کەرکووك




شەوی بەراتێ

شەوی بەراتێ

خودا دوو کوڕ و

کچێکتان باتێ

**٥– هەیاران و مەیاران**

جێگا: گەرمیان

بۆنە: نەبارینی باران، (لە لایەن کوڕان و کچانەوە بە چەپڵەوە پێشکەش دەکرێت)

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەچڕێت و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە

سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان ■ کەرکووك



هەیاران و مەیاران

یا خوا بیکەیتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

**٦- هەللویر-بەللویر**

جێگا: گەرمیان

مۆرك: گەمەكردن (بە دانیشتنەوە و لە لایەن كچانەوە پێشكەش دەكرێت)

سەرچاوە: ئامادەییی كوردستان - كەركووك




هەللویر-بەللویر تەكامە

زەرد و سویر و شەمامە

مێخم كوتا، مێخ هەڵبەزی

تیكەی ڕاستم ئەمە گەزی

ئاوا بەرە

دەنكە زەرە

٧- قازان

جێگا: گەرمیان

مۆرك: گەمەكردن (بە دانیشتنەوە و لە لایەن دوو منداڵەوە پێشكەش دەكرێت)

سەرچاوە: ئامادەیی كوردستان - كەركووك




قازان پڕی ئاوە

دەمی وە قولاوە

قازان پڕی شیرە

دەمی وە زنجیرە

٨- هۆ ڕێوی

جێگا: گەرمیان

مۆرك: گەمەكردن (لە لایەن كوڕان و كچانەوە پێشكەش دەكرێت)

سەرچاوە: ئامادەیی كوردستان - كەركووك




ڕێوی نییە چەقەڵە

سەر كلكەكەی ڕەقەڵە

ڕێوی هاتییە لە سنە

كلكی گرتییە لە خنە

# دیلان، گۆڤەند و سەما

١- گەڕان

جۆری گۆڤەندەکە: ڕەشبەڵەك

سەرچاوە: یەکێتیی لاوانی کوردستان - کەرکووك

واتای گەڕان (پیاسەکردن)ە، هەروەها ناوی ڕەزمەکە و پیڤانەکەی (٧/٨)ە، بەڵام لە بواری ئاهەنگگێڕاندا بە واتای (سەرەتا، دەست پێکردن) دێت "سەرەتای ئاهەنگەك". جارجار کوردی گۆران لە دەڤەری بادینان، مووسل، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، هەورامان، سنە و لوڕستان چەند سترانەك و پارچە مۆسیقایەك لە سەرەتای جەژنەکاندا یان لە شاییی بووك و زاوادا دەژەنن و دەخوێنن. میوانانیش بۆ خۆیان بە خاوی ستران دەخوێنن و هەڵدەپەڕن. بەڵام دوای کۆبوونەوەی خەڵکەکە بە تەواوەتی، ئاهەنگەکە جۆش دەسێنێت. مخابن کە نەمتوانی جموجۆڵەکانی ئەم دیلان و گۆڤەندە ناوبراوە ڕۆن بکەمەوە.

نموونەیەکی گەڕان




٢- سێ پێیی

**هەی هەی گوڵهەنار**

جۆری گۆڤەندەکە: پیاوانە

جێگا: ناوچەی داقووق

مۆرك: گەروویی

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێت و کەسی دووەم

بۆی دەسێنێتەوە

بۆنە: سەیران

سەرچاوە: یەکێتیی لاوانی کوردستان – کەرکووک




هەی هەی گوڵهەنار

وەی وەی گوڵهەنار

دەی دەی ورێزە

هاوار سەد هاوار

بینایی دیدەم

وارانەن واران

فرە سەوزە و گوڵ

وە ڕووی کوهساران

هەی هەی گوڵهەنار

وەی وەی گوڵهەنار

دەی دەی ورێزە

هاوار سەد هاوار

جوانەن داقووق

بەو دگانزێڕین

کاتێ سەیرانەن

هەردە خاس بوین

هەی هەی گوڵهەنار

وەی وەی گوڵهەنار

دەی دەی ورێزە

هـاوار سەد هـاوار

## كوهساران

جۆری گۆڤەندەكە: پیاوانە

جێگا: شاری كەركووك

سەرچاوە: یەكێتیی لاوانی كوردستان – كەركووك




گەر تو مزوونی، وە حاڵی دەردم

بەو ڕەحمێ بكە، وە ڕەنگی زەردم

كوهساران خاڵخاڵ، وەفری ناچێتۆ

لەیلێم تۆراوەن وەی ئاشتی نابێتۆ

بینایی دیدەم، فرمێسك بوی واران

دڵ چە دەرد پڕە، تو بەو چون جاران

كوهساران خاڵخاڵ، وەفری ناچێتۆ

لەیلێم تۆراوەن وەی ئاشتی نابێتۆ

## شێوەی گۆڤەندی سێ پێیی "٨-هەنگاوە"

ئەندامانی تیپەکە لە تەنیشتی یەکدییەوە بە بێ ئەوەی هیچ بۆشاییەك لە نێواندا بە جێ بهێڵن، دەستی یەکدی دەگرن و ڕوو بە ڕووی تەماشەکەران ڕادەوەستن. ئەم گۆڤەندە بە دوو جۆر جموجۆڵ و بە چەند شێوە پیادە دەکرێت.

**جموجۆڵی یەکەم:**




هەنگاوی ١–م: بڵندکردنەوەی پێی چەپ و دانانەوەی بە ١٠ سم لە پێشەوە

هەنگاوی ٢–م: بڵندکردنەوەی پێی چەپ و دانانەوەی لە جێگاکەی خۆیدا، لە گەڵ بڵندکردنەوەی پێی ڕاست

هەنگاوی ٣–م: و دانانەوەی بە ١٠ سم لە پێشەوە

هەنگاوی ٤–م: بڵندکردنەوەی پێی ڕاست و دانانەوەی لە جێگاکەی خۆیدا، لە گەڵ بڵندکردنەوەی پێی چەپدا

**جموجۆڵی دووەم:**

پێی چەپ بە لای ڕاستدا و پێی ڕاست بۆ دواوە.



هەنگاوی ٥-م و ٦-م: و دانانەوەی بەرامبەر بە پێی ڕاست، دوو جار لە جێی خۆیدا و بە زەویدا بە توندی دەدرێت لە گەڵ بڵندکردنەوی پێی ڕاستدا

هەنگاوی ٧-م و ٨-م: و بە ٣٠ سم بۆ پاشەوە دادەنرێتەوە، سەرجەمی گۆڤەندەکە بە لای ڕاستدا دەکشێت، لە گەڵ بڵندکردنەوەی پێی چەپدا.

**بەکارهێنانی شان**

ئەندامانی تیپەکە لە گەڵ هەنگاوەکانی (١-م، ٢-م، ٣-م، ٤-م ) دوو جار شانی خۆیان بە لەرزاندنەوە نزم و بەرز دەکەنەوە، بەڵام لە گەڵ هەنگاوەکانی (٥-م، ٦-م، ٧-م، ٨-م ) جارەك شانی خۆیان نزم و جارەك بەرز دەکەنەوە، هەروەها هەموو لەشی خۆیان لە گەڵ ڕەزمەکە دەجوڵێنن و هەندێ جاریش لەشی خۆیان خوار و ڕێك دەکەنەوە. ئێدی بە هەمان شێوە لە بەردەوامیدا دەبێت.

**٣- چەپی**

**هەی بێنن، بێنن**

جۆری گۆڤەندەکە: ڕەشبەڵەك

جێگا: شاری کەرکووك

مۆرك: گەروویی

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێت و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە

سەرچاوە: یەکێتیی لاوانی کوردستان - کەرکووك




هەی بێنن، بێنن، دەستە گول بێنن

یارم منداڵە، دڵی مەشکێنن

ئەگەر بە بێ تۆ، بچمە زەماوەن
نەخۆشی بگرم، من بە بێ خاوەن

ئەگەر بە بێ تۆ، خۆشیم لە دڵ بێ
جوانیم جوانەمەرگ، ئاوێتەی گڵ بێ

ئەو باڵا بەرزەی، خوا بە تۆی داوە
مەینەتی دونیا، هەر بۆ من ماوە

**ئاهەنگەن تو بەو**

جۆری گۆڤەندەکە: ڕەشبەڵەك
جێگا: شاری کەرکووك
مۆرك: گەروویی
شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێت و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە
سەرچاوە: یەکێتیی لاوانی کوردستان – کەرکووك




ئازیزم ئێشەو، ئەی لەیلێ ئێشەو
قەڵا جوانەن، ئاهەنگەن تو بەو
ئاهەنگەن تو بەو، ئاهەنگەن تو بەو
قەڵا جوانەن، ئاهەنگەن تو بەو

گوڵاڵەی ناسك، تەنبویر و دەفەن
بلوێر و زوڕنا، چەپڵەڕێزانەن

ئاهەنگەن تو بەو، ئاهەنگەن تو بەو

قەلا جوانەن، ئاهەنگەن تو بەو

## شێوەی گۆڤەندی چەپی "٤-هەنگاو"

ئەندامانی تیپەکە لە تەنیشتی یەکدییەوە بە بێ ئەوەی هیچ بۆشاییەك لە نێواندا بە جێ بهێڵن، دەستی یەکدی دەگرن و ڕوو بە ڕووی تەماشەکەران ڕادەوەستن. ئەم گۆڤەندە جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆی هەیە و بە چەند جۆری جیاواز پێشکەش دەکرێت.

جۆری هەڵسوکەوتەکە:




هەنگاوی ١-م و ٢-م: بڵندکردنەوەی پێی چەپ و دانانەوەی بە ٢٠ سم لە پێشەوە و دوو جار لە جێی خۆی بە توندی یان بە نەرمی بە زەویدا دەدرێت، لە گەڵ بڵندکردنەوەی پێی ڕاست.

هەنگاوی ٣-م و ٤-م: و دانانەوەی بە ٢٠ سم بە لای ڕاستدا، دوو جار بە توندی یان بە نەرمی بە زەویدا دەدرێت، لە گەڵ بڵندکردنەوەی پێی چەپدا.

**بەکارهێنانی شان**

ئەندامانی تیپەکە لەگەڵ هەر هەنگاوەك جارەك بە لەرزاندنەوە شانی خۆیان نزم و بەرز دەکەنەوە، هەروەها هەموو لەشی خۆیان لەگەڵ ڕەزمەکە دەجوڵێنن و هەندێ جاریش لەشی خۆیان خوار و ڕێك دەکەنەوە. ئیدی بە هەمان شێوە لە بەردەوامیدا دەبێ و سەرجەمی گۆڤەندەکە بە لای ڕاستدا دەکشێت. شایانی باسە کە ڕەزمەکە هەمیشە لە گۆڕاندا دەبێت، وەك لە ٢/٤ و ٤/٤ بۆ ٦/٨، یان بە پێچەوانەوە.

٤- جەنگ (شەڕ)

جۆری گۆڤەندەکە: شەڕ

جێگا: چەمچەماڵ، سەنگاو، قادر کەرەم، داقووق، کەلار و شاری کەرکووك

سەرچاوە: یەکێتیی لاوانی کوردستان - کەرکووك




## شێوەی گۆڤەندی جەنگ

ئەم گۆڤەندە زۆر کەم پێشکەش دەکرا و کەس پەرەی پێ نەدەدا و مخابن کە ئەمڕۆ چالاکییەکی ئاوها لەگەڵ گەلەك بابەتی دیکەی فۆلکلۆری بەرەو فەوتان دەچن. ئەم بابەتە سەربەستانە لە کاتی حەسانەوەی شاییگێراندا لە جۆری شانۆگەرییەکی سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکرێت. بەشداربوان گرنگ نییە گەلەك بن یان کەم، بەڵام دەبێت جووت جووت هەر یەکەو بەرامبەر بە یەکدی و هەر یەکەی بە دار حەیزەرانەکەوە ڕادەوەستن. هۆی شەڕ و جەنگەکە لە سەر جۆگەلە ئاوەك، یان لە سەر پارچە زەوییەك هەڵدەگیرسێت.

بەشی ١-م:

لە دەستپێکی جەنگەکەوە چاوەشەکان (زوڕناژەن و دەهۆڵکوت، یان بلوێرژەن، باڵەبانژەن و هتد) بە سەرهەوایەکی (تەقسیم) هێمن و لە سەرخۆ دەست پێ دەکەن. ئیدی بە پێی جموجۆڵی شەڕکەران، ئەمانیش دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکە بەرز یان نەوی، خێرا یان لە سەرخۆ هێور دەکەنەوە.

بەشی ٢-م:

زوڕناژەن و دەهۆڵکوت بە ئاوازەکی خاو دەست پێ دەکەنەوە (٤/٤)، شەڕکەرانیش بە پێی ڕەزمی دەهۆڵ و زوڕناکە شەڕ دەکەن.

**جموجۆڵی ١-م (کەسی ٢-م):**

بەرەو پاشەوە

هەنگاوی ١-م: بڵندکردنەوەی پێی چەپ و دانانەوەی بە ٢٥ سم بۆ پاشەوە

هەنگاوی ٢-م: بڵندکردنەوەی پێی ڕاست و دانانەوەی لە تەنیشتی پێی چەپ

١ ٢

↑ ↑

کەسی دووەم: پێی چەپ پێی ڕاست

١ ٢

↑ ↑

کەسی یەکەم: پێی ڕاست پێی چەپ

**جموجۆڵی ١-م (کەسی ١-م):**

بەرەو پێشەوە

هەنگاوی ١-م: بڵندکردنەوەی پێی ڕاست و دانانەوەی بە ٢٥ سم بۆ پێشەوە

هەنگاوی ٢-م: بڵندکردنەوەی پێی چەپ و دانانەوەی لە تەنیشتی پێی ڕاستدا

**جموجوڵی ٢-م:**

هێرشکردن

هەنگاوی ٣-م و ٤-م: کەسی یەکەم دارەکەی دەستی لە کەسی دووەم ڕاست دەکاتەوە و دەیەوێت دای بهێنێتەوە، کەسی دووەمیش ئەمسەر و ئەوسەری دارەکەی دەستی خۆی دەگرێت و دەیداتە بەر داری کەسی یەکەم و خۆی دەپارێزێت.

ئەو کاتەی کە کەسی دووەم هێرش دەکات، کەسی یەکەم خۆی دەپارێزێت. ئێدێ ئەم جموجۆڵانە چەند بارە دەکرێنەوە:

**جموجۆڵی ٣-م (کەسی ٢-م):**

بەرەو پێشەوە

هەنگاوی ١-م: بڵندکردنەوەی پێی ڕاست و دانانەوەی بە ٢٥ سم بۆ پاشەوە

هەنگاوی ٢-م: بڵندکردنەوەی پێی چەپ و دانانەوەی لە تەنیشتی پێی ڕاست

کەسی دووەم: پێی ڕاست پێی چەپ

↓ ↓

١ ٢

کەسی یەکەم: پێی ڕاست پێی چەپ

↓ ↓

٢ ١

**جموجۆڵی ٣-م (کەسی ١-م):**

بەرەو پاشەوە

هەنگاوی ١-م: بڵندکردنەوەی پێی چەپ و دانانەوەی بە ٢٥ سم بۆ پێشەوە

هەنگاوی ٢-م: بڵندکردنەوەی پێی ڕاست و دانانەوەی لە تەنیشتی پێی ڕاستدا

**جموجۆڵی ٤-م:**

هێڕشکردن

هەنگاوی ٣-م و ٤-م: کەسی دووەم دارەکەی دەستی لە کەسی یەکەم ڕاست دەکاتەوە و دەیەوێت دای بهێنێتەوە، کەسی یەکەمیش ئەمسەر و ئەوسەری دارەکەی دەستی خۆی دەگرێت و دەیداتە بەر داری کەسی دووەم و خۆی دەپارێزێت.

**بەشی ٣-م:**

چەند کەسانەکی دیکە لە تەماشاکەران بەشداریی جەنگەکە دەکەن و جەنگەکە فراوانتر دەکەنەوە، ژەنینی دەهۆڵکوت و زوڕناژەنەکەش گەرمتر دەبێت و یەکسەر ئاوازەك بە ڕەزمەکی خێراتر لێ دەدەن (٢/٤ یان ٦/٨). دیسان هەڵسوکەوت و جموجۆڵەکانی بەشی دووەم لە گەڵ ئەم ئاوازە بە خێراتر دووبارە دەکرێنەوە.

**بەشی ٤-م:**

ناوبژیکەران دەکەونە نێوان هەردوو تاقمەکە و ئاشتیان دەکەنەوە، دەهۆڵکوت و زوڕناژەنیش بە سەرهەوایەکی دیکە دەست پێ دەکەنەوە، ئێدی دەبێت بە هەڵلا، ئاشتی و کەیفخۆشی.

# هەوا و لق و پۆپ

هەوا و لق و پۆپ دەنگیان هەیە و بێ ڕەزمن "بێجکە لق و پۆپی ئورفا و هەندێ جاریش هەوای ڕاست"، بەڵام ئێستا زۆربەیان لەگەڵ ڕەزمەوە دەخوێندرێن. هەر هەوایەك یان لق و پۆپەك پەیژە، پلە، دەستپێك، کۆتایی و چێژەکی تایبەتی خۆیان هەیە. هەوا و لق و پۆپی تەکووز (تەواو) دیوانەکن، بۆ نموونە لە دەنگی (لا بۆ لا)، لق و پۆپی بچووکیش هەیە کە دەگات دەنگی شەشەم و حەوتەم، لە دەنگی (لا بۆ فا–سۆل). لەم سەردەمەدا و لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات هەشت هەوایە سەرەکییەکان و لەگەڵ نزیك ۹۰ لق و پۆپ بەکاردەهێنرێن، هەروەها بەشەکیان بە چارەکدەنگن. ئەم لق و پۆپانە جموجۆڵەکی یان دو–سێ جموجۆلی تایبەتی خۆیان هەیە و زۆربەیان لە یەکتری نزیکن. واتا هێشتا موزیکی ڕۆژهەڵاتی ئاڵۆزە، وەك:

١– لق و پۆپی عەجەمی کوردی، چهارگاهـ، شەوق ئەفزا و عەجەم عەشیران هەموویان هەوای عەجەمن.

٢– لق و پۆپی نەهاوەندی کوردی، نگریز، بۆسلیك و فەرەحفزا هەموویان هەوای نەهاوەندن.

٣– لق و پۆپی حیجازی کارکورد، شاهنازی کوردی، تەرزنەوین و شەوق تەرەب هەموویان هەوای کوردن.

٤– لق و پۆپی حیجازکار، بەرزەقەتار یان خاوکەر (حیجازی عەجەم–زنجران)، شاهناز، سۆزدل و ئەوج ئارا هەموویان هەوای حیجازن.

٥– لق و پۆپی ئەڵڵا وەیسی، کوردان، ماهوور، یەکگاهـ، سۆزدلارا و سازکار هەموویان هەوای ڕاستن.

٦– لق و پۆپی بەیاتی کوردی، حوسەینی، ئورفا، قەتار (بەیاتی عەجەم–تاهیر) و عوشاق هەموویان هەوای بەیاتن.

٧– لق و پۆپی سەبا زەمزەمە بەشەکە لە هەوای سەبایە.

٨– لق و پۆپی هەزام، شیعار، راحە ئەرواح، عیراق، ئۆشار و بەستەنکار هەموویان هەوای سێگاهن.

کەچی موزیکی ڕۆژئاوایی دوو لەتە: پەیژەی "هەوای" مەزن و بچووک و هەر لەتەك سێ تەوری (جۆری) هەیە. لە کوردستانیش هەشت هەوایە سەرەکییان بەکاردەهێنرێن لەگەڵ ٢٥ تا ٣٠ لق و پۆپ، وەك ئەڵلاوەیسی، خاوکەر، خورشیدی، قەتار، هیجران، حوسەینی، چوارگا، پێنجگا، دەروێشی، قەزاز، هەزام، ئورفا، ئەوج، ئۆشار، دەشت، خەناباد و هتد. ئەم لق و پۆپانەش لە هەوایە سەرەکییەکانیان فرە نزیکن، ئەمەش ئالۆزییەکە. ئەگەر مرۆڤ گوێ لە لق و پۆپ و هەوایە کوردییەکان بە گشتی بکات، بۆی دیار دەکەوێت کە گەلەك مۆرکیان هەیە، وەك:

١- لاوك

ا- لاوکی دەوڵەمەند

ب- لاوکی تەکووز (تەواو)

ج- لاوکی ئاسان (تێکەڵاو)

٢- پاهیزۆك (کەژێ پاهیزێ، پیرەپاهیزۆك)

ا- پاهیزۆکی دێمانی

ب- پاهیزۆکی کۆچەری

٣- حەیران-حەیرانۆك

ا- ئێزدی (سەرچیایی، کۆچەری)

ب- جڤاتی (دێمانی، مەجلیسی)

٤- هەوا و لق و پۆپی ئاینی

ا- لاڤژ

ب- سۆز (هۆرە)

ج- لق و پۆپ وەك ئەڵلا وەیسی، خورشیدی، قەتار و خاوکەر

د- هەوا، وەك هەوایە سەرەکییەکان

٥- هەڵبەست و داستان

٦- بیانی (نامۆیی و غەریبی)

٧- شین (شێوەن)

٨- سیاچەمانە

٩- کوورۆك (پانۆك) و هتد...

و ئەگەر مرۆڤ گوێ لە هەوا و لق و پۆپەکان لە دەڤەری گەرمیان بکات، بۆی دیار دەکەوێت کە گەلەك مۆرکیان هەیە... شایانی باسە کە هەوای دڵداری و ئاینی بە دیالێکتی گۆرانی لە سەر هەوایە لق و پۆپەکان دەخوێندران، وەك قەتار و ئەڵڵا وەیسی، قەتار و خاوکەر و خورشیدی و هتد. ئەم هەوایە لق و پۆپانە لە شەستەکاندا جێگایەکی بڵند لە سترانە میللییەکانی گەرمیاندا هەبوون و دەتوانم ببێژم کە لە پلەی یەکەمدا بوون؛ لە خۆشییان و نەخۆشییاندا، لە کاتی کار و پشوودا، لە هەموو جەژن و بۆنەکاندا، لە شایی و شێوەناندا، لە ئاهەنگ و میهرەجاناندا، لە زەوی، ڕەز و مێرگاندا. ناوەڕۆکی ئەم هەوایە لق و پۆپانە لە سەر دڵداری و تاسەکردن، ڕەخنە، گلی و گازندی ئەڤین، خۆشی و خەم، سەردەم و ستەم، مەی و مەیگێڕ، ئێش و ژان و چارە و دەرمان و هتد بوو. هەروەها ئەم پەیڤانە گەلەك جار دووبارە و سێبارە دەکرێن: ئازیزم ئەی ئازیزم، ئەی کۆرپەگەم، ئەی یاران، فەڵەگ ئای، ئەی داد، ئەی هاوار، ئای دیدەم، باوگم و هتد.

کوردەکانی دەڤەری گەرمیان بە گشتی و زەنگەنەیی، کاکەیی، باجەلانی، هەماوەندی و داوده بە تایبەتی لە هەواخوێندندا زۆر دەوڵەمەند بوون. شایانی باسە کە چەند هەوابێژەکی ژیر و لێهاتوو لەم دەڤەرە ناوبراوەدا هەبوون کە خودان توانا بوون، بەلام مخابن کە تەنیا بەشەك لەو هەوایانەیان لە فەوتان ڕزگار کرد، نەك هەموویان، ئەویش لە سەر ڕەوشی دەڤەرەکە دەما. وەك مامۆستا عەلی مەردان، حسێن عەلی، سەلاح داودە، فایق داودە، هابە، حەسەن گەرمیانی، شوکور خەیات و هتد. بەلام زۆر مخابن کە ئەم هونەرە ڕەسەنە "هەوا و لق و پۆپ" لەم سەردەمەدا ساڵ بە ساڵ بەرەو نەمانەوە دەچێت و زۆر سەیرە کە سترانەکی دەستکردەی تازە "مەبەست کاری ئۆرگ و بە ڕەزم" ساڵ بە ساڵ جێگایەکی بڵند و بەهێز لای گەنجەکانی گەرمیان دەگرێت.

# هەوای ڕاست

هەوای ڕاست بۆ موزیکی ڕۆژهەڵاتی هەوایەکی بنچینەیییە. ئەم پەیڤە پەیڤەکی ئارییە ″فارسی، کوردی، دەری، پەشتوویە و هتد″ و دوو واتای هەیە:

١- ڕێك، یەکسەر، بێ پێچ و پەنا، نا خێچ و خوار

٢- لە سەر دەستی ڕاستەوە، لە لایی ڕاستی مەیدانەکە، پێچەوانەی چەپ

هەستی کوردەواری لە هەوای ڕاستدا هەیە و خاس پێوە دیارە، هەر لە بەر ئەوە بە مۆرکەکی ڕەسەن دەژمێردرێت. خوێندنی ئەم هەوایە سەرەکییە بە کوردی وەك شێوەی ڕاستی فارسی یان عەرەبی نییە و زۆر لێیان جودایە. ئەم هەوایە دیوانەکە و زیاتر (لە دەنگی سۆل بۆ سۆل و زیاتریش هەیە). هەوای کوردان، ماهوور، یەکگاهـ، سازکار، سۆزدلارا، سۆزناك و ئەسفەهان، هەموویان چەند بەشێکن لە هەوای ڕاست. ئەم هەوایە گەلەك جموجۆڵی تێدایە، بەڵام بە لای کەمەوە بە نۆ یان دە بزووتنەوەی جودا لە کوردستان دەخوێندرێت:

**جموجۆڵی یەکەم:**

هەوابێژ ئەم هەوایە لە سەر دەنگی (دۆ) دەخوێنێت، ئێدی لە دەنگی (دۆ) دەست پێ دەکا و لە سەر دەنگی (دۆ) ڕادەوەستێت. مەودای ئەم جموجۆڵە (دۆ، ڕێ، می کاربیمۆل، فا، سۆل)-ە. هەوابێژ ئەم جموجۆڵی یەکەمە دووبارە دەکاتەوە و بە سەربەستی دەیخوێنێت، واتە جموجۆڵەکە نەختێ دەگۆڕێت و دوایی دەچێت بۆ جموجۆڵی دووەم.

**جموجۆڵی دووەم:**

ئەم جموجۆڵە لە جموجۆڵی یەکەم بڵندترە. هەوابێژ ئەم دەنگانە دەخوێنێت: (می کاربیمۆل، فا، سۆل، لا، سی کاربیمۆل، دۆ) و دەگەڕێتەوە بۆ (دۆ) و لە وێ ڕادەوەستێت و دیسان جموجۆڵی یەکەم بە سەربەستی دەخوێنێتەوە.

## هەوای ڕاست



**١- بمدەریٚ ماچیٚ**

جێگا: شاری کەرکووك

هەڵبەست: نەناس

خوێندن: هەوابێژ هابە

سەمەن گوڵەکەی دەم نوقڵ و نەبات

بمدەریٚ ماچیٚ با بڕۆم لە لات

تا ئەوەندەم ماوە بمنێیتە قەفەس

نە چاو تێر ئەبیٚ نە دڵ ئەڵێی بەس

**٢- ئای دیدەم**

جێگا: هەردەی زەنگەنە، قادر کەرەم

هەڵبەست: ڕەنجووری (مەلا عومەری زەنگەنە)

خوێندن: هەوابێژ عەلی مەردان

ئای ئای ئای ئا ئای دیدەم ئا ئای

خەم بادەن بینا بینای دەیدەم سبووقەن قەتلەن

دیدەی زرەی زایەڵەی دایرە و دەفەن

لە گشت دیارێك بینایی دیدەم، لە گشت دیارێك بینایی دیدەم تەجەللای توورەن
فیتنەگیرەن دار ئەی هاوار قەتڵ مەنسوورەن
مەیەن مەیشووقەن، نەیەن نەیشووقەن
ئەی موعبەسەن مەیلەن خومار لەبڕیزەن
بینایی دیدەم، گیان کەیلەن

ئەی ساقی دەخیل، ئەی ساقی دەخیل، ئەی ساقی، ئەی ساقی دەخیل، بینایی دیدەم
وەی پبووتەوە
وەی بادەی گوڵڕەنگ، چون یاقووتەوە
بێ دابنیشین

بێ دابنێشین بینایی دیدەم خوسرەوین بەزمێ
چەنی عەشقبار بکەرین ڕەزمێ
بێ با بنۆشین، بێ با بنۆشین ئای هاوار جامێ پەیکانێ
ئای ئای ئای ئای ئای ئای ئای ئای ئای ئای لە خۆم ئای

بێ دابنێشین بینایی دیدەم جامێ پەیکانێ
ئای ئای ئای ئای ئای ساکن بۆ لە دەس گشت ئێش و زامێ
لە خۆم ئەی هاوار
جامێ بدەر پێم ئای ئای سوودمەندم بوود
باعیس نەجات، باعیس نەجات ئەی هاوار قەید بەندم بوود

دیدەم ئای ئای ئای ئای دڵەی زامار خۆم

## لق و پۆپی ئەڵلا وەیسی - هەوای ڕاست

ئەڵلا وەیسی مۆرکەکی ڕەسەنە و هەستی کوردەواری تێدا خاس دیارە. لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەوای ڕاست، لە جێگای دەنگی حەوتەم (سی چارەکەدەنگ) دەبێت دەنگەکی تەواو (سی ناتوور) و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە هەر وەك یەك نییە و چەند گۆڕانکاریی تێدا هەیە. ئەم ئەڵلاوەیسییە لە گەڵ لق و پۆپی کوردان، ماهوور، یەکگاه، سۆزدلارا و سازکار هەموویان هەوای ڕاستن و بە تەنیا لە ناوچەکانی گۆرانی گەرمیان هەبوو. بەڵام نوهۆ لە هەموو ناوچەکانی خانەقین و مەندەلیش باوە. لە عیراقیش لق و پۆپی سوببی هەیە کە لە لای سوببییەکان باوە، هاوتای ئەڵلاوەیسییە. هەروەها چەند (لاوك، پاهیزۆك و حەیرانۆك)مان هەیە کە هاوتای سوببی و ئەڵلا وەیسین، کەچی بێ ناون. ئێدی هەڵەیە ئەگەر جەند جموجۆڵەکی بچووك و جودا لە لق و پۆپەك و هەوایەکیدا هەبن، بە هەوایەکی سەربەخۆ بژمێردرێن. ئەم ئەللاوەیسییە لە دیوانەك زیاترە و چوار جموجۆڵی هەیە.

**جموجۆڵی یەکەم:**

هەوابێژ لە دەنگی (سۆل، دۆ) دەست پێ دەکات، پەیڤانی (ئازیزم ئەی ئازیزم...) دەخوێنێت، دیسان لە دەنگی (سۆل، دۆ) دەست پێ دەکاتەوە و مەودای دێڕی یەکەم و دووەم (سۆل تا می کاربیمۆل) یە و هەوابێژ لە سەر دەنگی (دۆ) ڕادەوەستێت.

**جموجۆڵی دووەم:**

هەوابێژ لە دەنگی (فا، سۆل) دەست پێ دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی (دۆ) و دیسان جموجۆڵی یەکەم دووبارە دەکاتەوە.

**جموجۆڵی سێیەم:**

هەوابێژ لە دەنگی (سۆل، لا) دەست پێ دەکات و لە سەر دەنگی (فا) ڕادەوەستێت، دیسان لە دەنگی (سۆل، لا) دەست پێ دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی (دۆ).

**جموجۆڵی چوارەم:**

هەوابێژ لە دەنگی (سۆل، لا) دەست پێ دەکات و دەچێتە خوارێ و لە سەر دەنگی (ڕێ)

ڕادەوەستێت، دیسان لە دەنگی (سۆل، لا) دەست پێ دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی (دۆ).
بە کورتی سەختترین بەشی لق و پۆپی ئەڵڵاوەیسی لە جموجۆڵی سێیەم و چوارەمدا دەست پێ دەکات.

**لق و پۆپی ئەڵڵا وەیسی – هەوای ڕاست**



ئازیزم ئەی ئازیزم

جێگا: گەرمیان

هەڵبەست: زەبوونی

خوێندن: هەوابێژ عەلی مەردان

ئازیزم ئەی ئازیزم، ئازیزم ئازیز ئەی نام ئەی ئاهیرین یەتیم
تو خوا قیبلەگەم دەك نام ئەی ئاهیرین دڵ سوزنا ئای یاوەن بڵێسەم ئای وەسای فەڵەگ

بڵێسەم دەکزەی بڵێسەم ئای وەسای ئەرێ ئەی کۆرپەگەم
فەڵەگ ئای ئای، سەرسەخت ئای ئای

ئازیز ئەی ئەی ئەی ئەی ئەی یەتیم، بێژە سوچنای جەستەی ئەی ئەی باوگم
فەڵەگ ئای، زامتان خەستەن لابە دای تۆی دەروون

لابە دای ئای ئای ئای تۆی دەرون، ئەی ئەی ئەی باوگم ئەی

دەنگ دڵ ئەی ئای ئای دەردگەی سای ئای ئای ئای ئای ئەی ئەی ئەی

کەسم ئەی تو خوا پەریم وەی ئای ئای شادی و زەوق
فەڵەگ ئەی وە شوەی شەی دیو ئەی زەوق، دەکزەی پەی ئای ئای ئای دیار نییەن

ئازیز ئای ئای جێگای سمان ئەی ئای ئای ئای ئای جەستەی دەس ئەی دەکزەی ئای برام ئای برام، ئای ئای برام، ڕاحەتی شییەن، دەگ ئەی شینمەن ئەی ئای ئای دڵ ئەی

ئازیزەگەم ئەی تو خوا کەی یەتیم ئەی دوژمن ئای فەڵەك
ئازیز ئای ئەی دیوانەی قەدیمەن، قەدیمان مەینەن، قەدیمان نەدیمەن

یەتیم ئەی ئەی، ئەی مەست ئای ئەی ئەی بادەی کەس
یەتیم ئەی ئای ئازیز ئەی دەکزەی ڕوز ئای ئای ئای یاران دیم ئای فەڵەك ئای

ئازیز ئەی مەست ئای ئای بادەی کەس، فەلەگ ئای ئای باوگم ئای
دەکز ئەی ڕوز ئای ئای یاران دیم ئای فەڵەك ئای

یەتیم ئەی ئەی بێ هۆش ئەی ئەی بێ هۆشەی گیان، بێ هۆشەی ئای ئای گیان
دەکزەی ئەی برام قەدیمەن ئەی ئەی ئەی ئەی ئەی یاران

## لق و پۆپی چارگاه - هەوای عەجەم

ئەم لق و پۆپی چارگاهە دیوانەکە و زیاتر. هەستی کوردەواری تێدا باش دیارە، بۆیە بە مۆرکەکی ڕەسەن دەژمێردرێت. ئەم لق و پۆپە لە گەڵ خورشیدی، عەجەمی کوردی، شەوق ئەفزا و عەجەم عەشیران هەموویان هەوای عەجەمن. ئەم لق و پۆپە چەند جموجۆڵی هەیە:

### جموجۆڵی یەکەم

خوێندنی دێڕی یەکەم: هەوابێژ لە دەنگی (دۆ) دەست پێ دەکات، ئەم دەنگانە دەخوێنێت (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆلا) و دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی (سی، دۆ). مەودای ئەم جموجۆڵە (سی تا سۆل)ە.

خوێندنی دێڕی دووەم: هەوابێژ دیسان جموجۆڵی یەکەم دووبارە دەکاتەوە و بەندی یەکەم تەواو دەبێت.

**جموجۆڵی دووەم**

خوێندنی دێڕی سێیەم: هەوابێژ بەندی دووەم لە دەنگی (فا) دەخوێنێت و دەچێ بەرەو سەرەوە (فا، سۆل، لا، سی، دۆ) و بڵندتر، واتا مەودای ئەم جموجۆڵە (فا تا دۆ) یە و زیاتر، دوایی دەچێتە بەرەو خوارەوە بۆ دەنگی (سی، دۆ). واتا مەودای ئەم بەندە (دۆ تا دۆ) یە و زیاتر. سەخترین بەشی هەوای عەجەم لەم جموجۆڵەدا دەست پێ دەکات، بۆیە زۆربەی هەوابێژان لە بەر ئەم جمووجۆڵە ناتوانن خۆیان لەم هەوایە بدەن.

خوێندنی دێڕی چوارەم: هەوابێژ دیسان جموجۆڵی یەکەم دووبارە دەکاتەوە و بەندی دووەم تەواو دەبێت.

ئەم چهارگاهە لە هەموو ناوچەکانی گەرمیان پەیدا دەبێت، بەڵام بە نەختێ گۆڕانەوە.

**لق و پۆپی چهارگاه – هەوای عەجەم**




یارغەزاڵ

جێگا: گەرمیان

هەڵبەست: نەناس

خوێندن: هەوابێژ شوکور خەیات

ئای ئای ئای، ئای کەوێ باریزە یارغەزاڵ دەکەم بای بێستان
شەمامەی بادی یارغەزاڵ بۆ دەستی دۆستان

ئاخ ئای، ئەو چاوەی جوانە یارغەزاڵ بەرەو ڕۆژ مەکە
هەزار وەك من یارغەزاڵ لە دین دەرمەکە، چاوجوان لە دڵ دەرمەکە

بینێ سەر یار دڵم یارغەزاڵ ناسکەپەنجەکەت، چاوجوان ناسکەپەنجەکەت
ئاخ ئاخ ئای، باوەشێنم کە چاوجوان بە ئەگریجەکەت، یارغەزاڵ بە ئەگریجەکەت

ئاخ ئاخ ئای ئای یار ئای، بەرەو خوار ئەچێ، چاوجوان بەرەو خوار ئەچێ
سێورێکی تێ خەم... یارەکەم بۆ لای یار ئەچێ، چاوجوان بۆ لای یار ئەچێ

## لق و پۆپی خورشیدی - هەوای عەجەم

لق و پۆپی خورشیدیی دیوانەکە و لە ڕاستیدا لق و پۆپەکی هەوای سەرەکییەکەی خۆی عەجەمە. هەستی کوردەواری تێدا باش دیارە و هەر لە بەر ئەوە بە مۆرکەکی ڕەسەن دەژمێردرێت. خورشیدی لەگەڵ عەجەمی کوردی، چهارگاه، شەوق ئەفزا و عەجەم عەشیران هەموویان هەوای عەجەمن. ئەم لق و پۆپە دوو جموجۆڵی هەیە:

**جموجۆڵی یەکەم:**

هەوابێژ لە دەنگی (ڕێ) دەست پێ دەکات، ئەم دەنگانە دەخوێنێت (ڕێ، می، فا، سۆل، لا) و دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی (ڕێ) و بەندی یەکەم تەواو دەبێت. مەودای ئەم جموجۆڵە (ڕێ تا لا) یە. هەوابێژ ئەم جموجۆڵە سێ بارە دەکاتەوە، واتە سێ بەند دەخوێنێت.

**جموجۆڵی دووەم:**

هەوابێژ بەندی چوارەم هەر وەك جموجۆڵی یەکەم دەخوێنێتەوە. دیسان ئەم دێڕەش (ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئازیز ئای) وەك جموجۆڵی یەکەم دەخوێنێتەوە، بەڵام بەرەو خوار دەچێتەوە بۆ دەنگی (سی). واتا مەودای دێڕی کۆتایی (سی تا لا)یە و بەندی چوارەم تەواو دەبێت.

ئەم (خورشیدی)یە لە ناوچەکانی هەردەی زەنگنە واتە گۆرانی گەرمیان پەیدا بوو، بەڵام لەم سەردەمەدا لە هەموو ناوچەکانی گەرمیان و خانەقینیش بە نەختێ گۆڕانەوە پەیدا دەبێت.

**لق و پۆپی خورشیدی – هەوای عەجەم**



نامەی موتریبان

جێگا: هەردەی زەنگەنە، قادر کەرەم

هەڵبەست: زەبوونی

خوێندن: هەوابێژ حوسێن عەلی

ئای... ئاخ نامەی موتریبان، یەتیمەی شنەی شۆرتەن ئای...
دەنگ خورشیدیان دەگەی چیرکەی مەلەکناز ئای... ئاخ

ئازیز ئای بدەی جوابەگەم یەتیمم، بە دڵەی نیازەن ئای...
کەم دەس وەی دامان، دەگەی شێخ و مەلا مەن ئای... ئاخ

ئاخ... ئای دەریای وەی مەودان یەتیمەی دورگەی بیەن ڕێژ ئای...
ئەی خاکی چە سار، دەگەی زەوقا کسپەی کێش ئای... ئاخ

ئاخ... نامەی موتریبان دەگەی سڵای ڕێزانەن ئای...
وەی خەیاڵی تۆ، دەگەی سەدای شەوقانەن ئای...
ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان، ئەمان ئەمان، ئازیز ئای...

ئاخ... ئای ناڵەی موتریبان، شنەی سوزتەن
دەنگ خورشیدیان چرکەی مەلەکناز

ئازیز ئای بدەی جوابەگەم، بە دڵەی نیاز بم
کەم دەس وەی دامان، شێخ و مەلا بم

ئاخ... ئای دەریای وەی مەودا دوور دەور بیەن ڕێژ
ئای خاك چەند سا، زەوقان چرپەی کێش

ئاخ... ئای نامەی موتریبان سڵای ڕێزمەن
وەی خەیاڵ خاو سەدای شەوقمەن

## هەوای حیجاز

ئەم هەوای حیجازە بە هەستەکی کوردەواری دەخوێندرێت، واتا مۆرکی ڕەسەنی کوردیی پێوە زۆر باش دیارە، هەروەها لە حیجازی گەلە دراوسێیەکان زۆر جودا یە. ئەم مۆرکە دیوانەکە و لە دیوانەکی زیاتریش هەیە (لە دەنگی لا بۆ لا و زیاتر)، هەروەها لە دیوانەکی کەمتریش (بە شێوەیەکی حەیرانۆك) هەیە (لە دەنگی لا بۆ می–فا). لق و پۆپی حیجازکار، خاوکەر (حیجاز عەجەم–زنجران)، شاهناز، سۆزدل و ئەوج ئارا هەموویان هەوای حیجازن. ئەم هەوایە گەلەك بزووتنەوەی هەیە، بەڵام ئەگەر بە شێوەی حەیرانۆك دەخوێندرێت، هەر حەیرانۆکەك چوار جموجۆڵی هەیە:

**جموجۆڵی یەکەم**

وەڵامی موزیکژەن: (لا، سی بیمۆل، دۆ دییێز، ڕێ، ڕێ، ڕێ...)

هەوابێژ پەیڤی (ئۆف) لە سەر دەنگی (ڕێ) دەخوێنێت و ئەم دەنگانە بە کاردێنێ (می، ڕێ، دۆ دییێز، ڕێ) و لە سەر دەنگی (ڕێ) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی یەکەم سێ دەنگە: (ڕێ، می، ڕێ، دۆ دییێز، ڕێ).

**جموجۆڵی دووەم**

هەوابێژ لە دەنگی (می، فا) دەست پێ دەکات و لە سەر دەنگی (ڕێ) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی دوووەم چوار دەنگە: (می، فا، می، ڕێ، دۆ دییێز، ڕێ).

**جموجۆڵی سێیەم**

هـەوابێژ لـە دەنگی (می، فـا) دەست پێ دەکات و دەچێت بۆ خواری و لـە سەر دەنگی (لا) ڕادەوەستێت، واتـە مـەودای جموجۆڵی دووەم شەش دەنگە: (می، فـا، می، ڕێ، دۆ دیێز، سی بیمۆل، لا).

**جموجۆڵی چوارەم**

هـەوابێژ پـەیڤی (وەی) لـە سەر دەنگی (ڕێ) دەخوێنێت و هـەوایـەکە لـە دەنگی (می) بۆ (لا) تـەواو دەکات: (می، ڕێ، دۆ دیێز، سی بیمۆل، لا).

**هەوای حیجاز**



دڵ لـە مـەیلی عـەشقی تۆیـە

جێگا: گـەرمیـان

هـەڵبـەست: ڕەشید ئـاغـای زەنگـەنـە

مۆرك: حـەیرانۆك (هـەکاری، بۆتـان، بـەدلیس، بـادینـان و مووسڵ)

خوێندن: هـەوابێژ حوسێن عـەلی

ئۆف

ئۆی، دڵ لـە مـەیلی عـەشقی تۆیـە، لـەتلـەتـە ئـەنجن بووە

ئای، غەرقی دەریای پڕ پەژارەیی ئاهـ و ناڵەی ون بووە
ئای، ئەمان، ئاخ ئەمان، ئەی گیان... با من نەمێنم
ئای

ئۆف
گۆشەگیری پڕ خەیاڵی مەیلەکەی تۆم بۆیە من
ئۆی، لای کەس و کار، من کە ڕیسوا، دۆستم لێ بوو بە دوژمن
ئای ئەمان، ئاخ ئەمان، ئەی گیان... با من نەمێنم
ئای

ئۆف
مەینەتیم زۆر چەشت و نەمدی ڕەحمێ بەم حاڵە بکا
کەی گوتم ئاوها بە ناحەق ئاگرم تێ بەر بدا
ئای ئەمان، ئاخ ئەمان، ئەی گیان... با من نەمێنم
ئای

## لق و پۆپی بەیاتی کوردی - هەوای بەیات

هەستی کوردەواری لە هەوای بەیاتدا (لق و پۆپی بەیاتی کوردی) هەیە و پێوە باش دیارە، هەر لە بەر ئەوە بە مۆرکەکی زۆر ڕەسەن دەژمێردرێت و بە تایبەتی لە مۆرکی لاوك و پاهیزۆکدا کە لە ئۆکتاڤەکی زیاترن و لە مۆرکی حەیران وحەیرانۆکدا کە ئۆکتاڤەکن ( یان لە ئۆکتاڤەك کەمترن). هەوابێژ حوسێن عەلی ئەم هەوایە لە دەنگی (سۆل بۆ سۆل) دەخوێنێت، واتە ئەم هەوایە ئۆکتاڤەکە. ئەم لق و پۆپە لە گەڵ حوسەینی، ئوورفا، قەتار (بەیاتی عەجەم یان تاهیر) و عوشاق هەموویان هەوای بەیاتن. ئەم بەیاتی کوردییە لە لاوك و پاهیزۆکدا بەڵکوو بەتەر لە ٣٠ جموجوڵی هەیە، بەڵام لە هەر هەوایەکدا بە لای کەمەوە سێ جموجۆڵ و چەند وەڵامەکی هەیە:

### جموجۆڵی یەکەم

هەوابێژ حوسێن عەلی لە دەنگی (سۆل) دەست پێ دەکات و پەیڤانی (ئەری گیانە)

دەخوێنێت، پاشان پەیڤانی (کاك مەحمی پۆڕ دیم) لە دەنگی (سی بیمۆل) دەخوێنێت و بۆ خوارەوە دادەبەزێت و لە سەر دەنگی (سۆل) ڕادەوەستێت. ئیدی دیار دەکەوێت کە مەودای جموجۆڵی یەکەم (سۆل–سی بیمۆل لا کاربیمۆل سۆل)ە.

**جموجۆڵی دووەم**

هەوابێژ لە دەنگی (می) دەست پێ دەکات و ئەم دەنگانە دەخوێنێت (می کاربیمۆل فا سۆل) و بۆ خوارەوە دادەبەزێت و لە سەر دەنگی (سۆل) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی دووەم ئۆکتاڤەکە: (لە سۆل بۆ سۆل).

**جموجۆڵی سێیەم**

هەوابێژ لە دەنگی (لا کاربیمۆل) دەست پێ دەکات و دەچێت بەرەو سەرەوە بۆ دەنگی (دۆ) و پاشان دادەبەزێت و لە سەر دەنگی (سۆل) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی سێیەم (لا کاربیمۆل سی بیمۆل دۆ– سی بیمۆل لا کاربیمۆل سۆل)ە.

**لق و پۆپی بەیاتی کوردی – هەوای بەیات**



**١– کوشتەی شەخسێکم**

جێگا: کەرکووك

هەڵبەست: نەناس

مۆرك: حەیرانۆك

خوێندن: هەوابێژ هابە

ئای ئای، چاوێکم کوێره، به خودا چاوێکم تانه
چاوێکم کوێره، چاوێکم تانه
کوشته شەخسێکم، کوڕه بارزانه
ئای کوشته شەخسێکم، کوڕه بارزانه

٢- پۆڕ

جێگا: هەردەی زەنگەنه
هەڵبەست: ڕەشید ئاغای زەنگەنه
خوێندن: هەوابێژ حوسێن عەلی

ئای ئای ئای ئای ئای، ئاخ ئای، وەخۆم ئای
ئەریٚ گیانه، کاك مەحمی پۆڕ دیم، کاك مەحمی پۆڕ دیم
ئەمڕۆ چه سەحرای ئاخ ئای دێم وەخۆم پۆڕ دیم
ئاخ ئەریٚ گیانه، دوو باز شەش دەنگ، دوو چەرخ و پۆر دیم
دوو مەلەك زادەی ... دێم، دوو لفکه شۆر دیم
ئەریٚ گیانه گیانه، دوو کەو باڵزەڕین چه سای کایان دیم
دوو سۆنەی سەرسەوز ئای ئاخ ئای دێم لەم سەران

ئای ئای ئای ئای ئای ئاخ دیەم ئای
ئەریٚ گیانه، پام نیا وه بان سەلامیٚ کەردم
باڵش وا وەردەی ئای ئای دێم عەجیب نەمەردم
ئەریٚ گیانه، من وەی زیخ و زاخ پەڵاسەن بەرگم
بەو موژەی ئەبرۆش برین ئای دێم و شکا جەرگم
ئەریٚ گیانه گیانه، یاران بێنەوه و مەیلیٚ تازه کەین
دڵ چوین پەڕەی گوڵ ئای ئاخ دێم پەڕەوازه کەین

ئای ئەریٚ گیانه گیانه گیانه ئای گیانه

سەرەڕام کەوتەن چە سەر سەراوێ
کونەیش پڕمەکەرد برین ئاخ گیان باوان خراوێ
ئەرێ گیانە گیانە، کونەیش پڕمەکەرد، چە بەحری بێ پەی
پەنجەی چوین شمشاڵ ئای ئاخ ئای دێم قامەی چونەی نەی
ئای ئەرێ گیانە پەنجەی چوین شمشاڵ مەی کەرد وە ئاودا
مەی هاورد وەی زوڵف ... گیان خەیاتەی خاودا
ئەرێ گیانە گیانە، واتم ئاوم بدە پێ، بە دەست و جامت
ئیسمی شەریفت ئای ئاخ ئای دێم نازانم ناوت

ئەدی دەدی دەدی دەدی دەدی دەدی وەی
ئەرێ گیانە، واتش ئاوت پێ، ئەی بینایی دیدەم بەی دەست و بە دڵ
جامم چینییەن گرێناو دێم ئیسمم سەمەنگوڵ
ئەرێ گیانە گیانە، واتم سەمەنگوڵەکەی دەم نوقل و نەبات
من وەی زامداری ئاخ ئای ئای دێم چۆن بڕۆم لە لات

ئای ئای ئای ئای، دێم ئەرێ گیانە، واتش هەی هەتیو
چەن هەزارانم وەی تەورە بردم
مەڵحەمم چە زام ... هیچ کەس نەکەردم
ئێستا قەوم و خوێشم بکەم خەبەردار
پارە پارەت ئەکەن ... چە تیخی ئاودار
ئەرێ گیانە گیانە، واتم قەوم و خوێشم وەی قوربان قەوم و خوێشت بوو
دەم خۆمیش وەی بان، ئای ئای ئاخ دێم گۆنای ڕێژت بوو

ئای ئای ئای ئای ئاخ دێم، ئەرێ گیانە گیانە
واتش هەتیو ئێنە بەختتەن، ئێنە بەختتەن
ئیمشەو تا سەحەر برینە دێم و سینەم تەختتەن

ئەرێ گیانە، واتش هەتیو کەوتی وەم حاڵ و جەستەم
دەمت باوەڕە دێم و گرێناو کۆمای بلێسەم

ئای ئای ئای ئای ئاخ ئای بێ ماڵی، ئەرێ گیانە گیانە
واتم وەتیغ مەمکوژە زامم دیارەن
خەڵکان مەوا چۆیە گوناحکارەن
سەرە لەو زوڵفە بینێ چە گەردەن
خەڵکان با باچۆن گرێناو دێم عەمر خواش کەردەن
دییەم ئای، وەخۆم وای، کەم شەرت ئای، بێ مەیل ئای

ئەرێ گیانە گیانە گیانە، زلێخام زەردەن
زەردیی زلێخا چوخاکی خۆر لەی زەردەن
ئەرێ گیانە، وەی ئاو زەمزەم، وەی گوڵ پەروەردەن
وە ڕۆژ یاخییەن، دێم وە شەو هاودەردەن
ئەرێ گیانە گیانە، وە ڕۆژ بێگانەی حەوتا میللەتی
وە شەو بۆم ئەکا، ئاخ ئای دێم سینەو و مەم پەتی

ئای ئای ئای گیان، ئەرێ گیانە گیانە
پەخشە بجەڕۆ، وەی بزمارەوە
حوشتر لال بگرۆ وەی مەغارەوە
ئەرێ گیانە، هێستر بزایۆ، گێسك بگرۆ بەر
مەگەر ئەوسا بوینم برینم ئای دێم لای شاپەروەر
دییەم ئای، وەخۆم وای، کەم شەرت ئای، بێ مەیل ئاخ، ئای وەخۆم ئای

ئەرێ گیانە گیانە، چویم لە لای خومچی، جامێ خۆم سەنم
سەرین تا بالا دێم ئای چە خۆم هەڵژەنم
ئەرێ گیانە، خومچی واتش یا دایەت مەردەن، یا باوەت مەردەن

سەرین تا باڵات، ئای ئاخ ئای دێم قەڵا خۆم کەردەن
ئەرێ گیانە، واتم نە دایەم مەردەن، نە باوەم مەردەن
تەینا لەیلێ بوی، ... دێم چە لام بار کەردەن
ئەرێ گیانە گیانە، واتش هەی هەتیو، بێ پاڵ چوین مەری
بۆ تەینا لەیلێ دڵی ... خۆت لە خۆم دەری
ئەرێ گیانە، واتم هەی خومچی، لەنگ بێ زبانت
هیچ کەس دەنگ نەکا برین ئای دێم چە سەر دوکانت
ئای ئای ئای ئای ئاخ وەخۆم وای

## لق و پۆپی ئوورفا "دیوان، حوسەینی" - هەوای بەیات

هەستی کوردەواری لە لق و پۆپی ئوورفادا زۆر هەیە و پێوە باش دیارە. ئەم لق و پۆپە بە ناوباگترین لق و پۆپ لە شار و دەڤەری ئوورفا دەژمێردرێت و لە ڕاستیدا هەوای بەیاتە، بەڵام خوێندنەکەی کەم لێی جودایە، هەروەها لە گەڵ ڕەزمیش و لە سەر دیوانەك یان دو دیوان دەخوێنرێت. لق و پۆپی بەیاتی کوردی، حوسەینی، ئوورفا، قەتار (بەیاتی عەجەم یان تاهیر) و عوشاق هەموویان هەوای بەیاتن. ئەم لق و پۆپە بەڵکوو بەتەر لە ١٠ جموجۆڵی هەیە، بەڵام هەر سترانەك دو یان سێ جموجۆڵ و چەند وەڵامەکی هەیە:

### جموجۆڵی یەکەم

پارچەی مۆسیقای لق و پۆپی ئوورفا:

ئەم پارچەیە لە لایەن تیپەکە لێ دەدرێت، دوایی تیپەکە بە تەنیا ئاوازی کۆتایی دەژەنێت و هەر دووبارە دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا موزیکژەنەك سەرهەوایەك لێ دەدا و دوایی هەوابێژ لە دەنگی (دۆ ڕێ می فا کاردییز) دەست پێ دەکات و پەیڤانی (ئەرێ غونچەدەم، ئەرێ غونچەدەم)٢ دەخوێنێت و لە سەر دەنگی (می) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی یەکەم: (دۆ، ڕێ، می، فا کاردییز)، هەندێ جاریش دەگاتە دەنگی (سۆل)یش.

### جموجۆڵی دووەم

هەوابێژ لە دەنگی (فا کاردیێز) دەست پێ دەکات و لە سەر دەنگی (لا) ڕادەوەستێت و پەیڤانی (ئاخ ئای ئای ئای ئای ئای...) دەخوێنێت، دوایی دادەبەزێت بۆ دەنگی (می) و ئەم پەیڤانە دەخوێنێت (ئەرێ لەب عەقیق پەڕەی غونچەدەم)٢، واتە مەودای جموجۆڵی دووەم: (می، فا کاردێز، سۆل، لا)، هەندێ جاریش دەگاتە دەنگی (سی کاربیمۆل)یش.

### جموجۆڵی سێیەم

هەوابێژ لە دەنگی (دۆ ڕێ می)–ی بڵند دەست پێ دەکات، واتە لسەر ئۆکتاڤەکی بڵند هەوا دەبێژێت (می، فا کاردیێز، سۆل، لا)، و دوایی دادەبزێت بۆ دەنگی (می)ی نزم، واتە مەودای جموجۆڵی سێیەم ١٢ دەنگە.

**لق و پۆپی ئوورفا (دیوان، حوسەینی) – هەوای بەیات**



### ئەرێ غونچەدەم

جێگا: هەردەی زەنگەنە، قادر کەرەم

هەڵبەست: ڕەنجووری (مەلا عومەری زەنگەنە)

سەرچاوە: ئامادەیی کوردستان ■ کەرکووک

ئەرێ غونچەدەم، ئەرێ غونچەدەم)٢

ئاخ ئای ئای ئای ئای...

ئەرێ لەب عەقیق، پەڕەی غونچەدەم)٢

ئەرێ جام جەمین، جەمین شوعلەی شەم)٢

ئاخ ئای ئای ئای ئای ئای...

ئەرێ دیدەمەست، ئەرێ قەتران چەم)٢

ئەرێ زوڵف عەنبەر، مایەی ئاهووی تار)٢

ئاخ ئای ئای ئای ئای ئای...

ئەرێ شەدەشۆڕ، شۆخ خاتردار)٢

## لق و پۆپی حوسەینی - هەوای بەیات

هەستی کوردەواری لە لق و پۆپی حوسەینیدا هەیە و پێوە باش دیارە و بە تایبەتی لە مۆرکی حەیرانۆکدا. هەر لە بەر ئەوە بە مۆرکەکی زۆر ڕەسەن دەژمێردرێت. ئەم حوسەینییە لە ڕاستیدا هەوای بەیاتە، بەڵام خوێندنەکەی نەختێ لێی جودایە. ئەم مۆرکە ″حەیرانۆك″ دیوانەکە و لە دیوانەکی کەمتریش هەیە، لە دەنگی (لا بۆ می–فا). لق و پۆپی بەیاتی کوردی، حوسەینی، ئوورفا، قەتار (بەیاتی عەجەم یان تاهیر) و عوشاق هەموویان هەوای بەیاتن.ئەگەر موزیکی حەیرانۆك لە سەر هەوای بەیات بێت، بە شێوەیەکی گشتی بەڵکوو پتر لە ٢٠ جموجۆڵی هەیە، بەڵام هەر حەیرانۆکەك سێ جموجۆڵ و چەند وەڵامەکی هەیە:

**جموجۆڵی یەکەم**

وەڵامی موزیکژەن: (دۆ، ڕێ، می، می، می...)

هەوابێژ لە دەنگی (دۆ) دەست پێ دەکات و پەیڤانی (هەی دەلالێ مالێ، یان کوڕکۆ دینۆ...) دەخوێنێت و لە سەر دەنگی (ڕێ) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی یەکەم: (دۆ، ڕێ، می، فا– می، ڕێ).

**جموجۆڵی دووەم**

وەڵامی موزیکژەن: (سی کاربیمۆل، دۆ، ڕێ، ڕێ، ڕێ...)

هەوابێژ لە دەنگی (سی کاربیمۆل) دەست پێ دەکات و لە سەر دەنگی (لا) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی دووەم: (سی کاربیمۆل، دۆ، ڕێ–دۆ، سی کاربیمۆل، لا).

**جموجۆڵی سێیەم**

هەوابێژ لە دەنگی (لا) دەست پێ دەکات و لە سەر دەنگی (لا) ڕادەوەستێت، واتە مەودای جموجۆڵی سێیەم: (لا، دۆ، سی کاربیمۆل، لا- ڕێ، دۆ، سی کاربیمۆل، لا- دۆ، سی کاربیمۆل، لا).

**وەڵام**

ئەو کاتەی کە هەوابێژ هەواکە بە دەنگی (لا)ی درێژ تەواوی دەکات، موزیکژەن بەم دەنگانە وەڵامی دەداتەوە:

(سۆل، لا، سۆل، لا-ڕێ، می، فا کاردییێز، سۆل، لا)

(-ڕێ، می، فا کاردییێز، سۆل، لا): دەنگی (ڕێ) ی قەرار

## لق و پۆپی حوسەینی - هەوای بەیات



**شەوان دەگەڕێم**

جێگا: گەرمیان

هەڵبەست: مەلا فەتاحی جەباری

مۆرکی: حەیرانۆك (هەکاری، بۆتان، بەدلیس، بادینان و مووسڵ)

خوێندن: هەوابێژ حوسێن عەلی

شەوان دەگەڕێم، کۆڵ بەی کۆچەوە
شەو ناڵین خۆشە، بە لای دۆسەوە، بە لای دۆسەوە
ئەی ئەمان ئەمان

ئیمشەو لە ڕۆڕۆی دڵەی نەشادم
دۆستی دووروەتەن، کەفتەن وە یادم، کەفتەن وە یادم
ئەی ئەمان ئەمان

شەوەن خەڵەوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
عالەم گشت خەفتەن، دۆست خەبەردارەن، دۆست خەبەردارەن
ئەی ئەمان ئەمان

ئیمشەو وە هەر حاڵ، شەوە ڕۆژ بەروون
خواوەن مەزانوو، سەحەر چیش کەروون، سەحەر چیشکاری
ئەی ئەمان ئەمان

## لق و پۆپی قەتار و بەرزەقەتار "خاوکەر"

**(بەیات و حیجاز، یان بەیات و زنجران/حیجازی عەجەم)**

پلەدەنگییەکانی لق و پۆپی قەتار وەك پلەدەنگییەکانی پەیژەی (می بەیات)ە، کە لە سەر پلەدەنگی (سۆل ڕاست)ە. لق و پۆپی بەرزەقەتار (خاوکەر) لە پاش لقوپۆپی قەتار دەخوێندرێت و ئەم هەر دوو لق و پۆپانە وەك یەك نین و لە یەك دوورن؛ کە لق و پۆپی قەتار (بەیات) خوێندرا، پاشان لق و پۆپی بەرزەقەتار (حیجاز) دەخوێنرێت. بە کورتی هەوابێژ ناگەڕێتەوە بۆ لق و پۆپی قەتار (بەیات). مۆرکەکانی ئەم هەر دوو لق و پۆپانە ڕەسەنن و هەستی کوردەواری تێدا خاس دیارن.

### جموجۆڵی قەتار

لق و پۆپی بەیاتی کوردی، حوسەینی، ئوورفا، قەتار (بەیاتی عەجەم یان تاهیر) و عوشاق هەموویان هەوای بەیاتن. ئەگەر هات و هەوابێژ لە دەنگی (ڕێ) دەست پێ بکات، پەیڤانی (هەی هەی هەی هەی) لە دوایی چەند پەیڤەك لە دێڕەك دووبارە دەکاتەوە. مەودای ئەم دێڕانە (ڕێ می کاربیمۆل فا) و ئەم بزووتنەوە دووبارە و سێ بارە دەکرێتەوە و لە کۆتاییدا دێڕەك لە سەر ئەم دەنگانە دەخوێنێت (دۆ سی دۆ ڕێ)، واتە هەوابێژ دەگەڕێتەوە سەر دەنگی (ڕێ) و جموجۆڵی یەکەم تەواو دەکات. مەودای دێڕی یەکەم و کۆتایی (فا می کاربیمۆل ڕێ دۆ سی) یە.

### جموجۆڵی بەرزەقەتار (خاوکەر)

لق و پۆپی حیجازکار، بەرزەقەتار (حیجازی عەجەم–زنجران)، شاهناز، سۆزدل و ئەوج ئارا هەموویان هەوای حیجازن. هەوابێژ لە دەنگی (ڕێ سۆل) دەست پێ دەکات و لە سەر ئەم دەنگانە دێڕەك دەخوێنێت (سۆل لا سۆل فا کاردیێز سۆل)، مەودای ئەم دێڕانە (ڕێ تاکو لا)یە و ئەم جموجۆڵە دووبارە و سێبارە دەکرێتەوە. پاشان لە سەر ئەم دەنگانە (سۆل فا دیێز می بیمۆل ڕێ) دێڕەکی دیکە دەخوێنێت، مەودای ئەم دێڕانە (ڕێ تاکو لا)یە و ئەم جموجۆڵە دووبارە و سێبارە دەکرێتەوە و پاشان هەوابێژ دەگەڕێتەوە سەر دەنگی (ڕێ) و لەوێ ڕادەوەستێت و هەواکە تەواوی دەکات.

ئەم (قەتار و بەرزەقەتار)ە لە ناوچەکانی گۆرانی گەرمیان پەیدا بوون و سەریان هەڵداوە، بەڵام لەم سەردەمەدا لە هەموو ناوچەکانی گەرمیان، خانەقین و مەندەلی بە نەختێك گۆڕانکارییەوە پەیدا دەبن. هەروەها چەند (حەیرانۆك و لاوك)مان لە چەند دەڤەرە کورمانجەکان هەیە کە هاوتای (قەتار و بەرزەقەتار)ن، کەچی بێ ناون. هەر وەك باسم لێوەی کرد باشترە کە بێ ناو بن، تاکو موزیکمان تووشی ئاڵۆزی نەبێت.

## لق و پۆپی قەتار و بەرزەقەتار (خاوکەر)

**جموجۆڵی قەتار**



**جموجۆڵی بەرزەقەتار (خاوکەر)**

**ئاهیر**

جێگا: گەرمیان

هەڵبەست: زەبوونی

خوێندن: هەوابێژ عەلی مەردان

**قەتار:**

ئاهیر کوورەگەی شاخ ئەی دەکزەی شریخەی دەروون

ئازیزەی بریسکەی دەکزەی دەروون

کوورەگەی شەرتەن کافر بێ، جاری کەرد چون هوون

ئازیزەی مەوج مەدۆ .... باوگم هەی هەی دەکزەی هوون ئەی دیجلەی دڵ، هەی

کوورەگەی دەگزەی فەوارەی چەم هەی هەی لەیل هورمەشانۆ گڵ، هەی

خاوکەر:

یەتیمەی فەوارەی دەکزەی برام ئای ئای لەیل وەی وەی

هورمەشانۆ گڵ دەگمەی شار غەریبم هەی هەی

ئاری کوورەی دڵ ئەی یەتیم ئەی

ئازیزەی مەوج مەدۆ دەکزەی

کوورەگەی مۆلەقەن هەی وەی وەی نە بەین خەوف خۆشەگەم

دەك خەوف هەی هەی ڕەجا

ئازیزەی بەشکم ساکن بۆ فەڵەگ هەی هەی ....

وەڵڵە هەی هەی دووریت ئەی دەکزەی برام هەی وەی وەی

ئازیز وەی وە قەقنەس دە جمان غەریبم وەی وەی

نموونەیەك



### هەوای سەبا

خوێندنی ئەم هەوایە سەرەکییە بە کوردی وەك شێوەی سەبای فارسی، عەرەبی و تورکییە، هەروەها کەم لە یەکتری جودان. ئەم هەوایە دیوانەکە (لە دەنگی ڕێ بۆ ڕێ) و زیاتریش هەیە. لق و پۆپی سەبای زەمزەمە بەشەکە لە هەوای سەبایە، واتا ئەم هەوایە بە تەنیا لق و پۆپەکی هەیە. ئەم سەبایە چەند جموجۆڵی هەیە، بەڵام بە لای کەمەوە بە پێنج یان شەش جموجۆڵی جیاواز لە کوردستان دەخوێندرێت. بە کورتی خوێندنی هەوای سەبا لە گەرمیان هەر وەك خوێندنی حەیرانۆکی کچی کورد لە بەدلیس، بۆتان، هەکاری و بادینان و مووسڵە و لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستان سێ جموجۆڵی هەیە کە هەردەم بەکار دەهێنرێن، وەك:

#### جموجۆڵی ١-م

با ببێژین هەوابێژ هەوای سەبا لە سەر دەنگی (ڕێ) دەخوێنێت، ئێدی بە پەیڤی (ئۆف) دەست بە خوێندنی دێڕی یەکەم دەکات و ئەم دەنگانە بە کار دێنێت: (ڕێ، می کاربیمۆل، فا، سۆل بیمۆل، فا)، واتە لە سەر دەنگی (فا) ڕادەوەستێت.

#### جموجۆڵی ٢-م

خوێندنی دێڕی دووەم لە دەنگی (سۆل بیمۆل)ە و هەوابێژ لە سەر دەنگی (ڕێ) ڕادەوەستێت. هەوابێژ ئەم جموجۆڵە دیسان دووبارە دەکاتەوە، هەندێ جار بە شێوەیەکی دی.

#### جموجۆڵی ٣-م

هەوابێژ بە چەند پەیڤەك وەك (ئای نەمینم) لە دەنگی (لا) دادەبەزێت بۆ دەنگی (ڕێ) و خوێندنی بەندی یەکەم تەواو دەبێت.

**هەوای سەبا**



**١- ئەی لە ورشەی گۆنات**

جێگا: گەرمیان

هەڵبەست: ڕەشید ئاغای زەنگەنە

خوێندن: هەوابێژ حوسێن عەلی

**ئۆف**

ئەی لە ورشەی گۆنات سەیری من کە ڕەنگی زەردم

ئۆف، ڕەحمێ سووچم چییە، چییە سووچم وات پێ کردم

ئاخ، کوا تەبیبی دەردی عەشقم؟ کوا غەمکێشی دەردەداران

ئۆف، بۆ شای وەفاداران

گەر بزانێ وای لە دەردم

**٢- ئەی داد**

جێگا: گەرمیان

هەڵبەست: نەناس

خوێندن: هەوابێژ سەڵاح داودە

ها...

ئەی داد، ئەی داد، ئەی داد، ئەی داد، ئەی داد، ئەی داد، ئەی داد، ئەی داد، ئاخ ئەی هاوار

ئەی یار، ئەی یار قەت مەکەن مەنعی زامی تاهیر ئەی تەبیب ئاخ ئەی تەبیب

ئاخ، لە ڕۆژی حەشر دەبێ... ئاخ ئەی هاوار ئەی هاوار

هەی داد، هەی بێداد، داد داد داد، ئاخ ئاخ ئەی هاوار

ئاخ...

ئاخ ئای لەیل، ئەی داد، ئەی داد

ئەی یار، ئەی یار، یەك نەفەس شاکی نەهێنا تاڵح و هەمدەم ئەکەم، شەرت ئەڵێم لێت

گیراوه

دەعما بووم بە دەستی لەتەوە

هەی داد هەی داد، هەی داد هەی داد، هەی داد هەی داد، هەی داد هەی داد، هەی داد داد، ئاخ ئەی هاوار

**لق و پۆپی ئەوشار – هەوای سێگاه**

خوێندنی ئەم ئەوشارە بە کوردی وەك شێوەی ئەوشاری فارسی، عەرەبی و تورکی نییە، هەندێ جار نەختێ و هەندێ جار زۆر لە یەکتری جودان. ئەم لق و پۆپە دیوانەکە (لە دەنگی سی کاربیمۆل بۆ سی کاربیمۆل) و زیاتریش هەیە. ئەم لق و پۆپە لە گەڵ هەزام، شیعار، راحە ئەرواح، عیراق و بەستەنکار هەموویان هەوای سێ گاهن. ئەم ئەوشارە چەند جموجۆڵی هەیە، بەڵام بە لای کەمەوە بە چوار یان پێنج جموجۆڵی جیاواز لە کوردستان دەخوێندرێ. بە کورتی خوێندنی ئەم لق و پۆپە لە گەرمیان هەر وەك خوێندنی حەیرانۆکی کچی کورد لە بەدلیس، بۆتان، هەکاری و بادینان و مووسڵە و وەك ئەم جموجۆڵانە لە گەرمیان هەردەم بەکار دەهێنرێن:

**جموجۆڵی ١–م**

با ببێژین هەوابێژ لق و پۆپی ئەوشار لە سەر دەنگی (سی کاربیمۆل) دەخوێنێت، ئێدی بەم پەیڤانە (یار ئاخ ئەمان ئەی) دەست پێ دەکات و ئەم دەنگانە بە کار دێنێت: (سۆل، سی کاربیمۆل)، و لە سەر دەنگی (سی کاربیمۆل) ڕادەوەستێت.

**جموجۆڵی ٢–م**

خوێندنی دێڕی یەکەم لە دەنگی (سی کاربیمۆل)ە و هەوابێژ لە سەر ئەم دەنگانە دەخوێنێت (سی کاربیمۆل، دۆ، رێ، می بیمۆل) و دادەبەزێت بۆ دەنگی (سی کاربیمۆل) و خوێندنی دێڕی یەکەم تەواو دەبێت.

**جموجۆڵی ٣–م**

هەوابێژ ئەم پەیڤانە (یار ئاخ ئەمان ئەمان، ئەمان ئەی) لە دەنگی (سۆل) دەخوێنێت، دادەبەزێت بۆ دەنگی (ڕێ) و لە سەر دەنگی (می کاربیمۆل) ڕادەوەستێت، دوایی لە دەنگی

(فا ناچیرال) دادەبەزێت بۆ دەنگی (ڕێ) و خوێندنی ئەم جموجۆڵە تەواو دەبێت. واتە مەودای جموجۆڵی سێیەم (سۆل – ڕێ): (سۆل، فا ناچیرال، می کاربیمۆل، ڕێ).

### جموجۆڵی ٤–م

هەوابێژ لە دەنگی (ڕێ) دەست پێ دەکات و لە سەر دەنگی (سی کاربیمۆل) ڕادەوەستێت، و دوایی لە دەنگی (دۆ) سەردەکەوێت بۆ دەنگی (فا ناچیرال) و دادەبەزێت بۆ دەنگی (سی کاربیمۆل) و خوێندنی دێڕی دووەم تەواو دەبێت. واتە مەودای جموجۆڵی چوارەم (سی کاربیمۆل – فا ناچیرال): (ڕێ دۆ سی کاربیمۆل– دۆ ڕێ می بیمۆل فا ناچیرال می بیمۆل ڕێ دۆ سی کاربیمۆل).

**لق و پۆپی ئۆشار**



جێگا: گەرمیان

خوێندن: هەوابێژ سەلاح داودە

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر

یار ئاخ ئەمان ئەمان ئەی

ئەی یار، ئەی یار، لە ئاهی من گەر بسووتێ ئاسمان، لە ئاهی من گەر بسووتێ ئاسمان

یار ئاخ ئەمان ئەمان، ئەمان ئەی

باوەر بکەن ئیمشەو مردن، مردن چاکترە ئەی خوا، مردن چاکترە ئەی خوا، مردن چاکترە ئەی خوا لە ئاهـ کەشانی دەنگی خەودا ئەی خودا ئومێدی من داد ئەی

سترانە فۆلکلۆری و میللییەکان– بێ ڕەزم (بێ ڕەوت، بێ ئاکل)

١– حەمامۆك وە ئاوە

جێگا: گەرمیان ″داقووق″

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر

مۆرك: نارین

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێت و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە

سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان – کەرکووك




حەمامۆك وە ئاوە

شاییی بویك و زاوە(*)

ئێشەو خۆش و جوانەن

شایی لای مەیدانەن(**)

**تێبینی**

خوێندنی ئەم سترانە سەربەستە، واتە درێژیی دەنگەکانی بەندی یەکەم و دووەم وەك یەك نییە.

---

(*) زاوە: لە بەر سەروای پەیڤی (ئاوە)، پەیڤی (زاوا) بوو بە (زاوە).

(**) مەیدان: مەیدان سەرا لە ڕۆژهەڵاتی گەرمیان دەکەوێت.

## ٢- خاڵەی ڕێبوار

جێگا: قادرکەرەم

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر

مۆرك: ئەڤینی

دەنگ: گەرمیانی (مەحموود شێخ ئیسماعیل بەرزنجی)




ئای خاڵە خاڵە گیانە، بە خاڵت نابم

کۆتری ئەو شاخەم گیانە، بۆت ماڵی نابم

ئای خانمی ڕێبوار، بێ و مەڕۆرەوە

ئەمشەو لە لای من گیانە، ڕۆژ بکەرەوە

هەڵسە بێرە لام گیانە، لە جێی گشت کەسم
تۆی هێزی ئەژنۆم گیانە، دارعەسای دەسم
ئای جوانی ڕێبوار، ئەمنیش ڕێبوارم
ئەمنیش وەکو تۆ گیانە، دڵ بریندارم
شەرتم کانی شەرتم گیانە، شەرتم چون جاران
دەستی عاشقان گیانە، دەستی دەیاران
ئای جوانی ڕێبوار، ڕێم کەوتە دۆڵێ
تووشم بوو بە تووش گیانە، بازنگ لە قۆڵێ
سوێند بێ لە داخت گیانە، تەرکی دنیا کەم
عاسا هەڵبگرم گیانە، کەشکۆڵ پەیدا کەم
ئای جوانی ڕێبوار، ڕێم کەوتە چۆڵێ
تووشم بوو بە تووش گیانە، هەوری لە کۆڵێ
بە مانگی ئاسمان گیانە، بە سورمەی چاوت
بە کۆستەی هەجیج گیانە، نەمبردووە ناوت
ئای خانمی ڕێبوار، ڕێم لە بەر ناچێ
...
ئای خاڵە خاڵە گیانە، بە خاڵت نابم
کۆتری تەلاری گیانە، بۆت ماڵی نابم
ئای جوانی ڕێبوار، ئەمنیش ڕێبوارم
ئەمنیش وەکو تۆ گیانە، دڵ بریندارم
هەی داد، هەی بێداد گیانە، ئەمە حاڵ نییە
کەس لە دەردی من گیانە، خەبەردار نییە
ئای جوانی ڕێبوار، بێ و مەڕۆرەوە
ئەمشەو لە لای من گیانە، ڕۆژ بکەرەوە

تۆ مەگری، مەگری گیانە، گریان گرانە
هەر چەند تۆ دەگری گیانە، ماڵم وێرانە
ئای خاڵەی ڕێبوار، ئەمنیش ڕێبوارم
ئەمنیش وەکو تۆ گیانە، دڵ بریندارم

**٣- سەوزە**

هەڵبەست: ڕەشید ئاغای زەنگەنە
ئاواز: نەناس
دەنگ: حوسێن عەلی
مۆرك: ئەڤینی




تۆ بڵێ، قەفەی کەمەری
سەوزە، زنجیر زەڕاوە
تۆ بڵێ، حەڵقەی زوڵف وە بان
وەی ڕۆ، گۆنای تەڕەوە
ئەی ڕۆ سەوزە، گیان سەوزە

ماڵ لە مەریوان، لەیلێ
گیانە، دڵ لە دوو جێگا
بە خودا، خۆ من نە ماوم
سەوزە، لەم سەرە ڕێگا
ئەی ڕۆ سەوزە، گیان سەوزە

تۆ بڵێ، سەوزە، هۆ سەوزە
وەی ڕۆ، سەوزەی تیلەکۆ
جا، مەمکێکی نارنج
گیانە، مەمکێکی لیمۆ
ئەی ڕۆ سەوزە، گیان سەوزە

تۆ بڵێ، سەوزە، وەی سەوزە
گیانە، سەوزەی عەنابی
ئەم جا، خۆ من زوو زانیم سەوزە
زاڵم، تۆ بۆ من نا بی
ئەی ڕۆ سەوزە، گیان سەوزە

تۆ بڵێ، سەوزە، هۆ سەوزە
گیانە، هێشتا منداڵی
قۆخی نەگەیو، جارجار
کچەکە، هەڵوژەی کاڵی

ئەی ڕۆ سەوزە، گیان سەوزە
تۆ بڵێ، سەوزە، وەی سەوزە
وەی ڕۆ، سەوزەی حەوتەغار
بە خوا، من زامدارم بۆت
کەنشکە، تۆ نەبی بێ بار
ئەی ڕۆ سەوزە، گیان سەوزە

تۆ بڵێ، هەی داد هەی بێداد
سەوزە، شەرت لە بانی سەر
بە خودا، لە ماڵ دیارە و
قەومێل، نە لە دەشت و دەر
ئەی ڕۆ سەوزە، گیان سەوزە

## ٤- ئەی ڕۆ بارانە

هەڵبەست: ڕەشید ئاغای زەنگەنە

ئاواز: نەناس

دەنگ: حوسێن عەلی

مۆرك: ئەڤینی

نۆتەی یەکەم: جەمیل بەشیر (العود و طريقة تدريسة)




ئەی ڕۆ بارانە

ئای، ڕێزە بە ڕێزە

دایمە چاوێکم

ئای، لە ڕێی کارێزە

وەی وەی بارانە

ئای، لە کوێ دانیشین

سەیری باڵاکەت

ئای، ئاخان هەڵکێشین

هـەور و بـارانـە

ئـای، بـارانـی شـەویٚ

خـۆم بکـەم بـە سـەرین

ئـای، خـەومـان لـیٚ بکـەویٚ

دیسان بـارانـە

ئـای، بـارانـی کـۆنـە

یـارم نـەخـۆشـە

ئـای، بـابزانم چـۆنـە

**٥- بارانە، بارانە**

هـەڵبـەست: ڕەشید ئـاغـای زەنگنـە

ئـاواز: نـەنـاس

مۆرك: ئـەڤینی

نۆتـەی یـەکـەم: جـەمیل بـەشیر (العود و طريقة تدريسة)




سـەرچـاوە: ئـامـادەیی کـوردسـتـان-کـەرکـووك

(هـۆی)(*)، بـارانـە، بـارانـە

هـەوای بـاران چـەند خـۆشـە

قـۆڵتم بـۆ بکـە بـە سـەرین

(*)(هـۆی): جـاروبـار (وەی یـان گیـان)

گیانە شل-شل دامپۆشە

(هۆی)، بارانە، بارانە
وا هات بارانی بەهار
گیانە بە من باوەڕ کە
بۆ تۆ بوومە شێت و هار

سێو و هەنار و هەنجیر
قەزات لە مالم نەرمێ
هەستە تاوێ وەرە لام
تۆ لە کێ ئەکەی شەرمێ

**٦- ئاگر بارانە**

هەلبەست و ئاواز: نەناس
مۆرك: ئەڤینی
جێگا: باکووری لوڕستان، هەروەها باشووری ڕۆژهەلاتی چیای حەمرین
سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان-کەرکووك



ئەگەر من مردم، دێم وە ملم بوود
نایدەمە شەماڵ، کوورەی دلم بوود
ئەی خودا لەی ئاگروارانە، وارانە، وارانە
ماڵەگەی من بی دووست ڤیرانە، ڤیرانە، ڤیرانە

هەرگز نەوسای سەروین وەی خاسی
ترسم شوی بکەی دی من نەشناسی
ئەی خودا لەی ئاگروارانە، وارانە، وارانە
ماڵەگەی من بی دووست ڤیرانە، ڤیرانە، ڤیرانە

کاشکە من بیەتام گویزەی بان شانت
تك-تك بتەکیام وە ناو مەمکانت
ئەی خودا لەی ئاگروارانە، وارانە، وارانە
ماڵەگەی من بی دووست ڤیرانە، ڤیرانە، ڤیرانە

**٧- لە فیراقی قادری وەستا خدر**

جێگا: گوندی تاڵەبان
هەڵبەست: شێخ ڕزا تاڵەبانی
ئاواز: نەناس
سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان-کەرکووک




بۆ نە سووتێ جگەر و بۆ-
چی نەبێ دڵ بە کەباب

بۆچی نەڕوا لە تەمەنم ڕۆ-
حی ڕەوان میسلی شەباب

موئنسی ڕۆژ و شەوم با-
عیسی ئارامی دڵم
ڕۆیی و من لە خەمی کەوت-
مە نێو بەحری عەزاب

چەنگ و نەی لێ مەدە ئەی موتریب
کە لە بەر فیرقەتی ئەو
ڕەنگی ڕۆحە لە گوێم نەغ-
مەیی ئاوازی ڕەباب

ساغری مەی مەدە ساقی
کە لە بەر دووریی ئەو
تاڵە وەك ژەهری هەلاییل
لە مەزاتم مەیی ناب

**تێبینی** / درێژیی دەنگەکانی بەندێکی ئەم سترانە وەك بەندەکانی دی نییە.

**٨- سەرو و نەی**

جێگا: گوندی تاڵەبان
هەڵبەست: شێخ ڕزا تاڵەبانی
ئاواز: نەناس
سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان-کەرکووك



سەرو و نەی چین کە لەگەڵ

قامەتی تۆ بێنە نەبەرد

شەکەری، خواردووە نەی

سەرو سەری داوە لە بەرد

گەر دەلی-لی وەکو نوق-

تەی دەهەنت نەبووایە

منیش ئین-کارم ئەکرد

وەك حوکەما جەوهەری فەرد

لێی دەپا-ڕێمەوە ئەی

ڕۆحی ڕەوا-نم تو خوا

چییە دەر-مانی دڵم

پێم دەڵی لاچۆ دڵە دەرد

**تێبینی**

درێژیی دەنگەکانی بەندێکی ئەم سترانە وەك بەندەکانی دی نییە.

**٩- غەمبارەن ئیمشەو**

جێگا: کەرکووك

هەڵبەست: خەلیل منەوەر

ئاواز: نەناس

سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان - کەرکووك



غەمبارەن ئیمشەو، غەمبارەن ئیمشەو
مورغ دڵ بێ عەیش، غەمبارەن ئیمشەو

ڕۆشنیی چەشم، غوبارەن ئیمشەو
عوشرەتم سەرتەوق، زننارەن ئیمشەو

تەن مەحبووس بەند، دیشوارەن ئیمشەو
مەسکەنم حوجرەی، پڕ تارەن ئیمشەو

مەر خەلیل خوێن و فەوارەن ئیمشەو
وەی تەور زەلیل و زەگارەن ئیمشەو

تەعام نە دەهەن چون ژارەن ئیمشەو
تەحقیق لە حەیات، بێزارەن ئیمشەو

**١٠- چراخم بە شەو**

جێگا: کەرکووك
هەڵبەست: ڕەنجووری (مەلا عومەری زەنگنە)
ئاواز: نەناس
سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان - کەرکووك




چراخم بە شەو
چراخم بە شەو
شەوێ چون شەوبۆ
با بۆت بۆ بە شەو

شەو بۆت نە دەماخ

شەوبۆی دەوریٚ تۆ

تا شەوبۆ جە بۆی

ئەو شەو بۆنخۆش بۆ

شەو بۆی شەوبۆوان

جەو پیٚ وەش شیٚوەن

شەو بۆییش جە بۆی

شەوبۆی توو پیٚوەن

سترانە میللییە باوەکان/حەزلێکراوەکان (پۆپولار)- تێکەڵاو (بە ڕەزم و بێ ڕەزم)

**۱- ئامۆزا**

جێگا: تۆبزاوا

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی

سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان – کەرکووك



بێ ڕەوت: ئەگەر نەبووایە وە لۆمەی بسات، ئامۆزا گیان
کەپرێکم وەکرد شەو و ڕۆژ جە لات، ئامۆزا گیان
بە ڕەوت: ئەگەر نەبووایە بە لۆمەی بسات، ئامۆزا گیان
کەپرێکم تەکرد شەو و ڕۆژ جە لات، ئامۆزا گیان
ئامۆزا تەنیا گوڵەکەم
ئامۆزا نیشتەی دڵەکەم

بێ ڕەوت: (لە) دوورەوە هاتووم بناسە دەنگم، ئامۆزا گیان
تۆزی کەژ و کێو نیشتووە ×ل ڕەنگم، ئامۆزا گیان
بە ڕەوت: (لە) دوورەوە هاتووم بناسە دەنگم، ئامۆزا گیان
تۆزی کەژ و کێو نیشتووە ×ل ڕەنگم، ئامۆزا گیان
ئامۆزا تەنیا گوڵەکەم
ئامۆزا نیشتەی دڵەکەم

بێ ڕەوت: سەرکە سەر ڕانم، ڕەگی حەیاتم، ئامۆزا گیان
هەتاکو دەمرم، هەر بە تەماتم، ئامۆزا گیان
بە ڕەوت: سەرکە سەر ڕانم، ڕەگی حەیاتم، ئامۆزا گیان
هەتاکو دەمرم، هەر بە تەماتم، ئامۆزا گیان
ئامۆزا تەنیا گوڵەکەم
ئامۆزا نیشتەی دڵەکەم

**٢– ئەوەڵ مەحرووم بویم**

جێگا: تۆپزاوا

هەڵبەست: خەلیل منەوەر

ئاواز: نەناس

سەرچاوە: ئامادەییی کوردستان – کەرکووک




ئەوەڵ مەحرووم بویم، جە سایەی تاتە

پەی دایەم کیانای، یاس بە خەڵاتە

دووەم مەئیووس بویم، جە خزمەت دایە

بێ باوان مەندم، هەر ڕۆ جە لایە

# سترانە فۆلكلۆرییەكان

## سترانە فۆلكلۆرییە سروشتییە سازەندەكان/سازكارەكان

**دەنگبێژ گەرمیانی (مەحموود شێخ ئیسماعیل بەرزنجی)**

**١– سەوزە مەڕۆ**

مۆرك: ئەڤینی

شێوەی خوێندنی سترانەكە: كەسی یەكەم سترانەكە دەخوێنێت و كەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە




سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان
سەوزەكەی ماڵم
نەخۆش نەكەوی سەوزە گوڵ
نەشكێنی باڵم

چاوان دەڕێژی سەوزە گیان
زوڵفان دادێنی
لە خوا ناترسی سەوزە گوڵ
بە جێمان دێنی

هەڵسە با بیكەین سەوزە گیان
دوو دەس لە گەردن
نە وەك پەیدا بێ سەوزە گوڵ
لە ناكاو مردن

دەچی بۆ کانی سەوزە گیان

زوو بێرە دواوە

دڵەکەم بۆ مۆڵەق سەوزە گیان

وێستیا بە پاوە

**٢- ئەی بەگەرد**

مۆرك: گەروویی (قورگی)

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێ و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە




ئەی بەگەرد بەگەرد، ئامۆزا بەگەرد

شایەکەی چۆڵ کرد، لووتەوانە زەرد

لوتەوانە زەرد، لە ئێرانەوە

برینی کۆنە و نۆم گشت کولانەوە

دەشتەکەی سیتەك، کاکی بە کاکی

ئەو کچەی لێ دەرچێ، وێران بێ خاکی

نەمرم بمێنم، بۆ تۆ دەمێنم

زەکاتی چاوان، لە تۆ دەسێنم

ئێوارە وەخت، مانگای ئەدۆشی

داوای ماچم کرد، چاوی داپۆشی

وێران بێ کەرکووك، چیتی لێ نایە

...

**تێبینی**

١– گەروویی (قورگی): واتە ئەو سترانانەی کە هەر گەرووی تێدا بە کار دێت.

٢– هەر لە ناوچەی قادر کەرەمیش بەندی یەکەم بەم شێوەیە پەیدا دەبێت:

ئەی وەگەرد وەگەرد، ناسکۆڵەی بێگەرد

ماڵەکەی چۆڵ کرد، لووتەوانە زەرد

**٣– گەوهەرێ**

مۆرک: ئەڤینی




گەوهەرێ، وەی گەوهەرێ

گەوهەر مەڕۆ لە لاتم

ئەمڕۆ تۆم نەدیوە گیان

لە دوور عاشقی بالآتم

گیانە دەچم بە ڕێوە

گەوهەر ئەژنۆم ئەلەرزێ

دیسان لێم بە جێ ماوە گیان

گەوهەر یەك بالآبەرزێ

گیانە شەوقی گۆناکەی

گەوهەر وەکوو چرایە

دیسان خۆزگەم بەو کچە گیان

شەرت بێ یاری من بووایە

گەوهەرێ، گەوهەرێ گیان

دوو گوڵی داوە لە سەرێ

ناوێرم گەوهەر ماچ کەم گیان

لە بەر ڕۆژی مەحشەرێ

گیانە ئەوە مانگ هەڵهات

گەوهەر تاکەی لە لات بم

دیسان لەو خودایەم دەوێ گیان

چی بکەم بە باڵات شاد بم

گیانە ماڵمان ماڵهاوسێ

چیبکەم چیغمان دولایی

وەڵڵا حەیفە بالاکەت گیان

گیانە شەو بە تەنیایی

**٤– هەی داد**

مۆرك: ئەڤینی




هەی داد، هەی بێداد سوورەگوڵ

خۆ من نەماوم، خۆ من نەماوم، خۆ من نەماوم

وەك تەیری بێ باڵ باوانم

سەر لێ شێواوم، سەر لێ شێواوم، سەر لێ شێواوم

ئەگەر نەبووایە باوانم
بە بۆنەی تۆوە، بە بۆنەی تۆوە، بە بۆنەی تۆوە
من چیم گەرەکە خانم گیان
بەم کەژ و کۆوە، بەم کەژ و کۆوە، بەم کەژ و کۆوە

ئەوا مانگ هەڵهات خانم گیان
تا کەی لە لات بم، تا کەی لە لات بم، تا کەی لە لات بم
لەو خوایەم دەوێ خانم گیان
بە بالآت شاد بم، بە بالآت شاد بم، بە بالآت شاد بم

ئەوا مانگ هەڵهات باوانم
دایە لەو کێوە، دایە لەو کێوە، دایە لەو کێوە
تاوێ لە لات بم سوورەگوڵ
ئەو جووتە سێوە، ئەو جووتە سێوە، ئەو جووتە سێوە

هەر چەن ئەڕوانم خانم گیان
بەبالآی تۆدا، بەبالآی تۆدا بەبالآی تۆدا
بە هاوسێم ئەچی سوورەگوڵ
لە شاری کۆدا، لە شاری کۆدا، لە شاری کۆدا

تۆ مەگری، مەگری خانم گیان
هیچت لێ نایە،هیچت لێ نایە، هیچت لێ نایە
بۆ ماچ و دوو ماچ سوورەگوڵ
دڵەکەت دەرنایە، دڵەکەت دەرنایە، دڵەکەت دەرنایە

یا خوا هەر شەو بێ باوانم
ڕۆژ نەبێتەوە، ڕۆژ نەبێتەوە، ڕۆژ نەبێتەوە
دەستم لە یەخەی باوانم
یار نەبێتەوە، یار نەبێتەوە، یار نەبێتەوە

**٥- ئامین گیان**

مۆرك: ئەڤینی

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێ و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە




ئامین گیان و گیان و گیان
گیاندارت خۆش بێ
سێ مانگەی هاوین گیانە
گولەکەت نەخۆش بێ

دەڵێن لەم خوارە گیانە
دوو شت هەرزانە
یەکەم بانپووشین گیانە
دووەم لەرزانە

ئامە گوڵێ گیان باشە
کوڵەنجە مردم
کوانێ کەمەرە و لوولەکەت
سەرشین ئەرواحت بردم

خوا دایکت بگرێ گیانە
باوکت بێ ئیمان
بوونە بە باعیس گیانە
بەینی هەردووکمان

ئەگریجە و پەرچەم گیانە

کاری تارانە

ئیمساڵ لە بەختم گیانە

ئاگربارانە

**٦- هەی نازێ**

مۆرك: گەروویی

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێ و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە




هەی نازێ، گوڵنازێ

...

کەلەکەی پێچاوە (گیانە)

خەساری مەکە

مەمکت پەروەردەی (گوڵنازێ)

سوخمەی خامەکە

کاغەز ئەنووسم (گیانە)

لە پەڕەی دڵم

ئەیدەم بە شەماڵ (گوڵنازێ)

بیبا بۆ گوڵم

داویە بە سەریا (گیانە)

سەرپۆشی کەتان

بە منی نیشان دا (گیانە)

دەردی بێ دەرمان

**٧- بارانە**

مۆرك: ئەڤینی




بارانە، بارانە

من لە بەر لێوانت مرم

مەمکت فینجانی قاوە

من بە لێوان بۆت ئەگرم

بارانە، بارانە

گیان هەوای بارانی تازە

گەر یار مەیلی لە سەر بێ

بۆم بێتە بەر دەروازە

بارانە، بارانە

گیانەکەم نازانم بۆچی

ئەوەتا ماڵیان باری کرد

گیانەکەم نەگەیمە کۆچی

گیانە بەسمان لێ بگرە

چاوەکەم سەرا سلێمانی

ئەوە لە من ماڵی زۆر

گیانەکەم لە تۆ جوانی

بارانە، بارانە
ئەی هەوای بارانەی شەوێ
سەرت بێنە سەرینم
با بە جووت خەومان لێ بکەوێ

بارانە، بارانە
گیانەکەم نم–نم بەفرۆکێ
ئەوەتا یارم دەگوزەرێ
چی بکەم بە تۆی دەسرۆکێ

گیانە دیسان بارانە
خانمێ نم–نم دای داوە
گیانە ئەگریجە و پەرچەم
چاوەکەم لە خەو تۆراوە

گیانە چنار و لاولاو
خانمێ وەك یەك بەرز بووە
دیسان لە دووریی بالاّت
گیانە لە حەد دەرچووە

گیانە دەردێکم گرتووە
خانمێ نییە دەرمانی
ئەوجا من وا لێ کەوتووم
گیانە خۆشە سلێمانی

گیانە کراسەکەت جەرسە
خانمێ مەیدە لە دیوار
گیانە دڵ هەر دڵێکە
ئەی ڕۆ مەیدە بە هەزار

گیانە بە گوڵە بەرۆژە

گەوهەریێ سەیری خۆر ئەکا

گیانە دڵەکەم ئارەزووی

گیانە مشکیی مۆر ئەکا

### ٨- غەزاڵێ

مۆرك: ئەڤینی




ئەریێ باڵاکەت بەرزە

چی بکەم لە حەد دەرچووە

ئەریێ وێنەی دارهەنار

گیانە هانای تۆی بووە

گیانە هاوار باڵاکەت

غەزاڵ بە سەر یاڵەوە

چی بکەم عاجز بووم

شەرت لێ نەماوە

غەزاڵێ گیان غەزاڵێ

بەرزە و بنڵد و لێوئاڵێ

دەی خوا لە شێخی گەرمیان

قەدم لە قەدت ئاڵێ

گیانە بێرە ماڵەکەم

گیانە قەت مەچۆرەوە

هاوار ئیمشەو لە لای من

گیانە ڕۆژ بکەرەوە

## ستران‍ه میللیی‍ه ح‍ەزلێکراوەکان

٩- هەی غەریب

مۆرك: گەروویی




هەی غەریب گیان تۆی بڕنەو

هەی ڕۆ ماڵم

نەخۆش نەکەوی وەسەت گیانە

هەی ناوت نازانم

خۆ تۆ بڕنەو نیت ماڵوێران

من شان بە شانت کەم

لە دەرگای ماڵتان خانم گیان

من دەست نیشانت کەم

ئێوارەی لێ دێ خانم گیان

ئای دەچیتە سەربان

عالەم مەکوژی باوانم

ئای بە غەمزەی چاوان

باڵاکەت بەرزە وەسەت گیان

ئای وێنەی چنارێ

کێ تەفرەی داوی ماڵوێران

ئای بەردی لێ بارێ

### ١٠– هەی نار

مۆرك: ئەڤینی




هەی نار، هەی نار، نار باوانم
یار بە خێر بێ، سەر چاوانم

سمڵ هاوردت کاری تاران
بەسمان لێ بکەن بەردەباران

پەستەکی ڕەش کاری سنە
ئەم عالەمم لێ دوژمنە
چونکە سەوزە یاری منە
چونکە سەوزە یاری منە

خاڵێ کەوتووەتە خەیاڵم
بە کار نابێ تاوانماڵم

ماڵیان واتا لە تەنیشتم
مەمکۆڵەکەی پڕ بە مشتم

مەمکت سێوە بە دارەوە
خودا داویە مەیشارەوە
خۆم ئەیچنم لە خوارەوە
خۆم ئەیچنم لە خوارەوە

# سترانە کۆکراوەکان

## مامۆستا عەلی مەردان

### ١- لێم یاغی

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر

جێگا: پردێ

مۆرک: ئەڤینی




لێم یاغی، بۆچ لێم یاغی
شیلانە و گەردەن باغی
ئەرێ دایە لێم گەڕێ
دەچمە سەیری چاراغی

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ
هەڵدێ بەری بەیانی
مەمکۆڵەت شەکرە سێوە
لە باغی مەجید خانی

دەچمە وڵاتی گەرمێنێ
لێم زیزە و ناماندوێنێ
چاوڕەش بۆچ لێم تۆراوی
بە چاوان دەملاوێنێ

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ
هەڵدێ لە لای کەلی خان
ناوێرم چاوجوان ماچ کەم
لە ترسی منداڵە وردکان

**سترانە میللییە حەزلێکراوەکان (پۆپولار)**

**٢- کراسکودەری**

جێگا: سەنگاو
هەڵبەست و ئاواز: نەناس
مۆرک: ئەڤینی




کراسکودەری ئاورێشم
با بەس ئاخت بۆ هەڵکێشم
کچێ بە خوا سوێنت ئەدەم
ساتێ وەرە لات دانیشم
وەرە وەرە لە بەرامبەرم
ساتێ دانیشە
ڕۆژی دوو جا بۆچ ئەتۆرێی
کردووەتە بە پیشە

کراسەکەت چیتی مۆرە

تۆزێ هەڵی کە زۆر شۆڕە

دڵ هەر دڵێکە دامە تو

تو خوا نەشمیل دڵ مەگۆڕە

وەرە وەرە بەر پەنجەرە

گێلگێلە داری

خۆم ئەبم بە میهمانی چاوجوان

ناسك و نازداری

کراسەکەت کەتانچینە

موبارەکت بێ شیرینە

لە سەر چی لە من تۆراوی

ڕەحمت بێ بەسیە ئەم قینە

وەرە وەرە تو خوا وەرە

ئەی شۆخی دڵدار

من بە فیدای باڵای بەرزتم

ڕۆژی دوو سەد جار

**تێبینی**

من ئەم سترانە لە مامۆستا عەلی مەردان بە گوێگرتن فێر بووم، دوایی پەیڤ و نۆتەکەیم نووسی.

**٣- لەو کەلە دەنگی ساز دێ**

جێگا: باکووری ستانی کەرکووك

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




لەو کەلە دەنگی ساز دێ، هەڵاڵە و زەمزەمە

چریکەی خانم خاس دێ، ماچ کەین ئەو دەمە

چین لە سەر چینە، زوڵفی چینچینە

ڵاڵ بم، ئاگری کردەوە

یار بەرەو ڕووی ماڵان هات، دوگمەی کردەوە

شەو لە سەر سینەی سافی، ڕۆژمان کردەوە

هەی ئەوە هاتە خوار گیان، لە مەدرەسەوە

دەستی ژێر عەبای گیان، بەو دەفتەرەوە

چین لە سەر چینە، زوڵفی چینچینە

ڵاڵ بم، ئاگری کردەوە

یار بەرەو ڕووی ماڵان هات، دوگمەی کردەوە

شەو لە سەر سینەی سافی، ڕۆژمان کردەوە

ئەوە تو دەڕۆی یار، من جێگام کویٚ بیٚ
لە کیٚ بفکرم یار، شێوەی لە تو بیٚ
چین لە سەر چینە، زوڵفی چینچینە
لاڵ بم، ئاگری کردەوە
یار بەرەو ڕووی ماڵان هات، دوگمەی کردەوە
شەو لە سەر سینەی سافی، ڕۆژمان کردەوە

وەی ئەگەر نەبووایە یار، بە بۆنەی تۆوە
من ئیشم چی بوو یار، بەم کەژ و کێوە
چین لە سەر چینە، زوڵفی چینچینە
لاڵ بم، ئاگری کردەوە
یار بەرەو ڕووی ماڵان هات، دوگمەی کردەوە
شەو لە سەر سینەی سافی، ڕۆژمان کردەوە

ئەوە تو دەڕۆی یار، بە خودام سپاردی
پێم نەکرا خۆم بێم یار، دڵم بۆ ناردی
چین لە سەر چینە، زوڵفی چینچینە
لاڵ بم، ئاگری کردەوە
یار بەرەو ڕووی ماڵان هات، دوکمەی کردەوە
شەو لە سەر سینەی سافی، ڕۆژمان کردەوە

**تێبینی** / وەك ئەم سترانە بە دیالێکتی گۆرانییش هەیە.

**٤- کەتان، کەتانە**

جێگا: قادر کەرەم
هەڵبەست و ئاواز: نەناس
مۆرك: ئەڤینی




کەتان، کەتانە (باوانم)، عەمرم کەتانە

کەتان دەم بچکۆل (ئەی هاوار)، یاری خۆمانە

کەتانە، کەتانە

خاڵ دانە دانە

بێنیە و ماچت کەم (گیانەکەم)، دەم بچکۆلانە

یاری خۆمانە

ئەگەر بزانی (گیانەکەم)، لە کۆ گیر ماوم

بە چی زنجیرێ (ئەی هاوار)، پێوەند کراوم

کەتانە، کەتانە

خاڵ دانە دانە

بێنیە و ماچت کەم (گیانەکەم)، دەمبچکۆلانە

یاری خۆمانە

ئەگەر لە حاڵم (گیانەکەم)، بە خودا بزانی

مەعلووم شێت ئەبی (نەشمیل گیان)، لە کوێرەمانی

کەتانە، کەتانە

خاڵ دانە دانە

بێنیە و ماچت کەم (گیانەکەم)، دەمبچکۆلانە

یاری خۆمانە

**تێبینی / هەندێ جاریش**

١– بێنیە و ماچت کەم (چاوەکەم)، چاوانت جوانە، خاڵ دانە دانە

٢– بێنیە و ماچت کەم (نەشمیل گیان)، لەو چاوەجوانە، دەم بچکۆلانە

**٥– بە یادم کە**

جێگا: باشووری ستانی کەرکووک

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی

نۆتە: جەمیل بەشیر (العود و ڤریقە تدریسە)



به یادم که، فریادم که
به یادم که، فریادم که
هەر چەند جارێ که ناز ئەکەی
(ئای) برینەکەم سارێژ ئەکەی

هەر وا دەڕوا بە ناو دێدا
جووتێ سۆلی سوور لە پێدا
دایکت کوێر بێ تۆی بە کێ دا
(ئای) برینەکەم مەکولێنەوە

ئارەقی دەستی دولبەر بێ
یا ژەهری ماری حەوت سەر بێ
من هەر ئەیخۆم قەستی سەر بێ
(ئای) برینەکەم مەکوژێنەوە

هەروا دەڕوا وەکو تووتی
سەر گۆناکەی تاوانەی لووتی
دەك خوا بمکەی بە هاوجووتی
(ئای) برینەکەم ئەکولێتەوە

هەر وا دەڕوا لەنجە ئەکا
سەر گۆناکەی عارەق ئەکا
نەخۆش بیخوا پێی فەرق ئەکا
(ئای) برینەکەم سارێژ ئەکا

## سترانه میللییه دانراوەکان (کۆمپۆسد)

٦- کەی دێتەوە

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرک: ئەڤینی




کەی دێتەوە؟

کەی دێتەوە؟ تافی لاویم کەی دێتەوە؟

له دەستم چوو بە خوا هەرگیز نایەتەوە
نایەتەوە
گوڵ گشت وەری بۆساڵێتر ژیایەوە
گوڵی ژینم وەری چیتر ناژێتەوە
ناژێتەوە

ئەو گوڵەی کە لە ناو ڕەزا ئەشنایەوە
ئێستا وشك بوو، بلبل ناچێ بەلایەوە
بەلایەوە

شەمعی دڵم تینی نەما کوژایەوە
قەد و قامەت چەوت و چێڵ و چەوسایەوە
چەوسایەوە

شادیم وەکوە بەفری چیا توایەوە
لە دەفتەرا ناوی ژینم سڕایەوە
سڕایەوە

### ٧- گوڵەباخ

هەڵبەست: شێخ سەعیدی حەفید
ئاواز:
مۆرك: ئەڤینی




گوڵەباخ، گوڵەباخ، گوڵی باخی

بێ کەیف و بۆچ بێ دەماخی

چی بووە تۆرای هەم دیسان

گولیلکە سوورەی نیسان

دە پێم بڵێ لە سەر چی؟

مات و مەلوولی بۆ چی؟

کێ وای لێ کردی؟ کێ؟

پێم بڵێ دڵت دا بە کێ؟

گوڵەباخ، گوڵەباخ، گوڵی باخی

نەخۆش و هێز لێ براوم
لە دووریت ئەی هەردوو چاوم
من بە تیری تۆ پێکاوم
دام نا لەسەر تۆ دوو چاوم
پێم ئەلێی برۆ لێت تۆراوم
جارێکی تر نەبەی ناوم
بۆچی چیم کردووە گوڵم؟
ئەجنیسی و جەرگ و دڵم
گوڵەباخ، گوڵەباخ، گوڵی باخی

نە کەی چیتر ناوم بێنی
بێ و بپرسی بڵێی چۆنی
هان ئەدەم لێت دەن بە دار
ژینت لێ بکەن بە ژار
پێم خۆشە بمدەن لە دار
خواردنم بێ ژاری مار
غوڵامێکم بێ پەروا
لە قیمەشم دەن بە خوا
گوڵەباخ، گوڵەباخ، گوڵی باخی

**٨- خۆم و عوودەکەم**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




سترانبێژ:

خۆم و عوودەکەم شەو هەتا بەیان

من سۆزەکەم و بۆ لەیلا ئەویش بە گریان

یار، یار، یار، بەهارەی دەنگی

کۆرس:

بەهارەی دەنگی، بەهارەی دەنگی

سترانبێژ:

ئای، دڵ ئەکا بریان

کۆرس:

دڵ ئەکا بریان، دڵ ئەکا بریان

سترانبێژ:

من سۆزەکەم و بۆ لەیلا ئەویش بە گریان

سترانبێژ:

بۆ یاری بێ شەرت، بێ وەفا ...

نازانم ئیسلامە (لەیل)، کافرە، یا جوو

یار، یار، یار، یار نایێ دانیشین

کۆرس:

نایێ دانیشین، نایێ دانیشین

سترانبێژ:

ئای، تاوێ دوو بە دوو

کۆرس:

تاوێ دوو بە دوو، تاوێ دوو بە دوو

سترانبێژ: نازانم ئیسلامە (لەیلێ)، کافرە، یا جوو

سترانبێژ:

یارێ ئەمەندە (لەیلێ) پڕ عیشوە و ناز بێ

بالآت سەروو (لەیلێ) وا شۆخ و شاد بێ

یار، یار، یار، یار گەردن بلوور و

کۆرس:

گەردنبلوور و گەردن بلوور و

ستڕانبێژ:

ئای، چاوی وەك باز بێ

کۆڕس:

چاوی وەك باز بێ، چاوی وەك باز بێ

ستڕانبێژ:

باڵات سەروو (لەیلێ) وا شۆخ و شاد بێ

**٩- شیرین کەلامە**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




کۆڕس:

شیرین کەلامە

باڵا نەمامە

کێ دیویە دارسەرو

بگرێ شەمامە

بگرێ شەمامە

سترانبێژ:

ئەم ڕازی دەرد و ناڵەی خەفەتبار

تامەی چریکەی ساتی چاوکلدار

ساتی چاوکلدار

کۆرس:

شیرین کەلامە

باڵا نەمامە

کێ دیویە دارسەرو

بگرێ شەمامە

بگرێ شەمامە

سترانبێژ:

فرمێسکی تاکەی بۆ دڵەی داماو

کوورەی بێزاری لەیلای خستە تاو

لەیلای خستە تاو

کۆرس:

شیرین کەلامە

باڵا نەمامە

کێ دیویە دارسەرو

بگرێ شەمامە

بگرێ شەمامە

تێبینی/ ئەم سترانە پچراوە و بە لای کەمەوە دوو بەند لێی کەمە.

## ١٠- شەكرە سێوە

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




كۆرس:

شەكرە سێوە، شەكرە سێو

ئەو دەم و لێوە، شەكرە سێو

جوان و شیرینە، شیرین

گوڵی ئەو كێوە نەسرین

لێوی ئاڵت، دانەی خاڵت، لیمۆی كاڵت، شەكرە سێو

سترانبێژ:

هەرمێ و سێو و لیمۆ

قەستەم بە دوو چاوی تۆ

کۆرس:

دوو چاوی تۆ

سترانبێژ:

کەسم خۆش ناوێ غەیری تۆ

ڕۆژم لەلا شەوە بێ تۆ

کۆرس:

شەوە بێ تۆ

سترانبێژ:

بە لەنجەی جوان، بێرە هەیوان، بابتبینم بوومە بریان، شەکرە سێو

کۆرس:

شەکرە سێوە، شەکرە سێو

ئەو دەم و لێوە، شەکرە سێو

جوان و شیرینە، شیرین

گوڵی ئەو کێوە نەسرین

لێوی ئاڵت، دانەی خاڵت، لیمۆی کاڵت، شەکرە سێو

سترانبێژ:

بە چاوی جوان و شیرینت

بە حەق پەرچەمی چینچینت

کۆرس:

پەرچەم چینچینت

سترانبێژ:

قەت من نانووم شەوانە

خول ئەخۆم لەو کێوانە

کۆرس:

لەو کێوانە

سترانبێژ:

دیوانەی تۆم پێ بزانە، ئاخری سووتام وەك پەروانە، شەکرە سێو

کۆرس:

شەکرە سێوە، شەکرە سێو

ئەو دەم و لێوە، شەکرە سێو

جوان و شیرینە، شیرین

گوڵی ئەو کێوە نەسرین

لێوی ئاڵت، دانەی خاڵت، لیمۆی کاڵت، شەکرە سێو

سترانبێژ:

شێت و شەیدایی چاوی ڕەشتم

نەما کەیف و سەفا و گەشتم

کۆرس:

سەفا و گەشتم

سترانبێژ:

جێمی شیرینی هەردە و دەشتم

چاوەڕوانم بێی لە ڕێوە

کۆرس:

بێی لە ڕێوە

سترانبێژ:

هۆشت بردم لونت کردم، دووریشیم چوو بە هۆی تۆوە، شەکرە سێو

کۆرس:

شەکرە سێوە، شەکرە سێو

ئەو دەم و لێوە، شەکرە سێو

جوان و شیرینە، شیرین

گوڵی ئەو کێوە نەسرین

لێوی ئاڵت، دانەی خاڵت، لیمۆی کاڵت، شەکرە سێو

**١١- گیانە بەسیەتی**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرک: ئەڤینی




گیانە بەسیەتی، گیانە بەسیەتی

تووشی و نەگبەتی، دەرد و مەینەتی

گیانە بەسیەتی

هەر هێندە ئەبێ تووشی نەگبەتی

ڤینەکم تەنیا ژاراوی پەتی

گیانە بەسیەتی

لە نەحسی چارە و بەختی گومڕاهم

هەنام بڕاوە لەیلێ لە ناو ئەو ئاهم

تو خوا بەسیەتی

ئەجەل قوللابی گیر کرد لە جەرگم

نیشانم ئەدا نیشانەی مەرگم

تو خوا بەسیەتی

**١٢– لە بەر چاوی بەد (بەندی یەکەم و دووەم)**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی



(بەندی سێهەم و چوارەم)



(بەندی پێنجەم و شەشەم)



لە بەر چاوی بەد، لە ترسی بەدکار

دڵ خۆم ئەکەمە (لەیل)، گۆڕی یادگار

بە گریانی وشك، بە ناڵەی بێدەنگ

دێنمە لەرزین (لەیل)، تەختی کردگار

بە هێزی ئەژنۆم، بیناهی چاوم

ئارامی گیان (لەیل)، جەرگ و هەناوم

یا خود بە جارێ، چارەسەرم کە

یا لە نامەی ژین (لەیل)، دەربێنە ناوم

شیرین هەتا کەی، دووریت بکێشم

فرمێسکی خوێنین (لەیل)، تا کەی بڕێژم

تا کەی لە گۆشەی، دڵەی زارما

غونچەی جوانی (لەیل)، گەنجی بنێژم

تێبینی/ مامۆستا عەلی مەردان لەم ئاوازەدا و وەك ئاوازەکانی دی بە سەربەستی سترانەکە دەخوێنێت و تیپەکەش بە چەند شێوەیەکی ناڕێکوپێك وەڵامی دەدا. هەر لەم دیاردەیە دیار دەکەوێت کە سترانی کوردی بە گشتی بە گوێ دروست دەکرێت، نەك لە سەر نۆتا.

## ١٣- گەردن بلوور

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی



سترانبێژ:

شەو و ڕۆژ لە خەیاڵ و لە بەر چاوی

بە سەر کوڵما پەخشە پەرچەمی خاوی

گەردن بلوور، دیارە لە دوور

کۆرس:

گەردن بلوور، دیارە لە دوور

سترانبێژ:

لە هەردە و باسکی شارەزوور

کۆرس:

لە هەردە و باسکی شارەزوور

سترانبێژ:

لێ کەوتووم و پشتم چەما

هام بە تەما ماڵ دڵ ڕما

شەو و ڕۆژ لە خەیاڵ و لە بەر چاوی

بە سەر کوڵما پەخشە پەرچەمی خاوی

ئەڕوانمە قەد و باڵای لاولاوی

پەر چەم و ماهی نەخش و لە پێناوی

لە ناکاوی، کەوتمە تاوی

کۆرس:

لە ناکاوی، کەوتمە تاوی

سترانبێژ:

دڵ داڕزە لە پێناوی

کۆرس:

دڵ داڕزە لە پێناوی

سترانبێژ:

بەسە ئەی چاو، مەمخەرە داو، گەردن بەرزی باڵا لاولاو

شەو و ڕۆژ لە خەیاڵ و لە بەر چاوی

بە سەر کوڵما پەخشە پەرچەمی خاوی

سترانبێژ:

بە بەردەمدا لەنجە ئەکا دێ و دەڕوا

شێتی کردم کەچی پێم ناکا بڕوا

بە کەیفخۆشی، بە سەرخۆشی

کۆرس:

بە کەیفخۆشی، بە سەرخۆشی

سترانبێژ:

فریی دام بە بێهۆشی

کۆرس:

فریی دام بە بێهۆشی

سترانبێژ:

لێی بکە سڵ، ئەتخاتە گڵ، گوڵی سەر چڵ، دادڕزا دڵ

شەو و ڕۆژ لە خەیاڵ و لە بەر چاوی

بە سەر کوڵما پەخشە پەرچەمی خاوی

**١٤– خاڵۆ**

هەڵبەست: ڕەنجووری (مەلا عومەری زەنگەنە)

ئاواز:

مۆرک: ئەڤینی




خاڵۆ، خاڵۆتەن، بەس بڵێ خاڵۆ
خاڵۆ دەم وەبان، خالانتا مالۆ
شەرت بێ لە داخی خاڵە خاڵەی تۆ
خۆم بکەم بە کوڕ چواردە ساڵ لە ڕۆ

پێم ئەڵی خاڵۆ، گوایە من پیرم
ژاراوی نەشتەر ئەدەی لە بیرم
خاڵۆ، خاڵۆتەن، بەس بڵێ خاڵۆ
خاڵۆ دەم وەبان، خالانتا مالۆ

من نە خاڵۆم و، نە خاڵۆ منم
دێوانەی خاڵی گۆنا و گەردنم
خاڵۆ، خاڵۆتەن، بەس بڵێ خاڵۆ
خاڵۆ دەم وەبان، خالانتا مالۆ

**١٥- ڕەنجی بێ وەرم**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




ڕەنجی بێوەرم

بەندی جگەرم

دەس بۆ کێ بەرم

کێ تۆی ون کرد لێم

مەوجی دەریا بوو

توون و بەتال بوو

یازوخ هەی ئاگر

ئەم زامەی کرد لێم

پێکەنینەکەت

دەنگە ناسکەکەت

سروەی هەناسەت

دەنالێنێ دڵ

## ١٦- كۆڵان بە كۆڵان

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




نۆتە: جەمیل بەشیر (العود و طریقه تدریسه)

بە دووتا وێڵم سەڵت و ساوادە

كۆڵان بە كۆڵان، جادە بە جادە

نەشمیلەی چاوجوان/چاوكەژاڵ، پێچەكەت لادە

پەچەت لادە

پەرچەمی لوولت خستوە بە لادە

لەنجە و لارەكەت وەك پەریزادە

شەرمی پێ ناوێ پێچەكەت لادە

پەچەت لادە

ئەگریجەت لە سەر کوڵمەکەت لادە

جێی هەزار ناز و سوود و مرادە

بمکوژە بە شەرت پێچەکەت لادە

پەچەت لادە

خۆمم بۆ سێدار کردووە ئامادە

خوێنم لە تۆڵەی تۆدا ئازادە

مەمکوژە بەناز پێچەکەت لادە

پێچەت لادە

**١٧- هەستە با بچین**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




هەستە با بچین، بکەین تەماشا

لە مێرگوزار و لای باخچەی پاشا

سەیرکە نەسرین، وەنەوشەو گوڵزار
بولبول ئەخوێنێ ئەم دار بۆ ئەو دار

چاوێ بگێڕە بە مێرگوزادا
غەمی دەروونت بدە بە بادا
غەم و هەم و تەم لە دڵت دەرکە
ئەمڕۆ دنیایە، سوبحەینێ مەرگە

هەستە گوێ بدە نەغمەی موسیقا
لەم دوو سێ ڕۆژەی دونیای بێ بەقا
کەمان و عوود و قانوون و گیتار
پۆت ئەڵێم قەتار لە گەل نەی و تار

سازە، سەمتوورە، گوێ بدەرە نەوا
تەموورە و تەموور بدە بە ئاوا
گەر گوێ لە (سەبا) و (ڕاست)ی بگری
بۆ حاڵی عاشق وردتر ئەگری

**١٨- ئای چەندەم خۆش ئەوێ**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




ئای چەندەم خۆش ئەوێ

قەزات لە ماڵم کەوێ

ئای چەندەم خۆش ئەوێ

گەردن بەرزی نەخشینی

وەك كۆترە و سوێسكە و كەوێ

ئای چەندەم خۆش ئەوێ

ئای چەندەم خۆش ئەوێ

لێرە بێ یاخود لەوێ

لێو وەك پەڕەی گوڵاڵە

ناو قەد ئەڵێی شمشاڵە

ئای چەندەم خۆش ئەوێ

بـالا بـەرزی وەك ئـالا
تـەمـەنی چواردە سالە
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
لێرە بێ یـاخود لـەوێ

لێرە بێ یـاخود لـەوێ
دڵم هـەر لـەیلێ ئـەوێ
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
قـەت هـەم ساتێ نـاسرەوێ
لێم حـەرام خواردن و خـەوێ
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
لێرە بێ یـاخود لـە وێ

دەروونم پڕ بوو لـە ژان
بێ بـەش لـە کـەیف و سـەیران
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
پشتم چەوت بوو چەمـاوە
هـەر وەکو کـەمـەی گۆچـان
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
ئـای چەندەم خۆش ئـەوێ
لێرە بێ یـاخود لـە وێ

**٢٠- شەدە شل**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




کۆرس:

شەدە شل بۆچ وا کرد

چاوبەکل بۆچ وا کرد

کێت گرتووە بە یار حەیات

مەیلی منت سارد کرد

ئەمنت دەربەدەر کرد

سترانبێژ:

هەر دەڕۆم تا دەتوانم

کچێ غەریبی شارانم

خۆی لە شاهی زلفانم

شەدە شل بۆچ وا کرد

چاوبەکل بۆچ وا کرد

کێت گرتووە بە یار حەیات

مەیلی منت سارد کرد

ئەمنت دەربەدەر کرد

کۆرس:

شەدە شل بۆچ وا کرد

چاوبەکل بۆچ وا کرد

کێت گرتووە بە یار حەیات

مەیلی منت سارد کرد

ئەمنت دەربەدەر کرد

سترانبێژ:

لە سیلەی شێخ مەولانا

باخچەیە یا دوکانە

یارم ئارامی گیانە

ئەمشەوم لام میوانە

کۆرس:

شەدە شل بۆچ وا کرد

چاوبەکل بۆچ وا کرد

کێت گرتووە بە یار حەیات
مەیلی منت سارد کرد
ئەمنت دەربەدەر کرد

سترانبێژ:

مێوانە و هاتوە لە دوور
گەردن وەك شووشەی بلوور
سەرکوڵمی ئاڵ و جوانە
وەك گوڵاڵەی شارەزوور

کۆرس:

شەدە شل بۆچ وا کرد
چاوبەکل بۆچ وا کرد
کێت گرتووە بە یار حەیات
مەیلی منت سارد کرد
ئەمنت دەربەدەر کرد

سترانبێژ:

چاوئاهۆی سەحرای چینێ
ڕوومەت گوڵی پەرژینێ
هیلاکە کەس نەیبینێ

کۆرس:

شەدە شل بۆچ وا کرد
چاوبەکل بۆچ وا کرد
کێت گرتووە بە یار حەیات
مەیلی منت سارد کرد
ئەمنت دەربەدەر کرد

## ٢١- بولبول (هەی نازلییێ)

جێگا: دەڤەری بۆتان

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی

سەرچاوە: کاسێتێکی هونەرمەند محەمەد عارف جزیری




بولبول ئەخوێنێ داییم
لە ناو گوڵ و گوڵزارا
تەعریفی جوانیت ئەکا

یار دەڕوا خۆی ئەنوێنێ
بە لەنجە ئەمسووتێنێ
بێ ڕەحمە بۆچ نامدوێنێ
زاڵمە و نامادوێنێ

ئەی لە لەیلایی شەوقداری
لە ناو عالەمدا دیاری
خۆم قوربانی دوو زولفت
بەرزی باڵای چناری
یار دەڕوا ...
ئەگەر بمکوژن لە سەر تۆ
هێشتا لای عالەم کەمە

چونکو ڕوحی شیرینم

زاڵمە و ناماندوێنیّ

یار دەڕوا ...

**٢٢- کۆمەڵە شاخێك**

هەڵبەست: عبداللە گۆران

ئاواز:




کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردنکەش

ئاسمانی شینی گرتووەتە باوەش

کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردنکەش

سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی
بە دارستان ڕەش ناو دۆلی کپی
کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردنکەش

جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو
کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردنکەش

هاوار و هاژەی کەفچڕینی چەم
بۆ تەنیایی شەو لایە لایەی خەم
کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردنکەش

**٢٣- ئەسمەر**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی



سترانبێژ:

ئەسمەر یارێکە/جوانێکە بێ ڕەحمە و بێ وەفا

خۆی لە سەیرانە و من لە دەرد و جەفا

وا هەر وەخت تۆبە کردم

کۆرس:

وا هەر وەخت تۆبە کردم

سترانبێژ:

نەبمە هاوڕێی درۆزن

کۆرس:

نەبمە هاوڕێی درۆزن

سترانبێژ:

ئەسمەر یارێکە/جوانێکە بێ ڕەحمە و بێ وەفا

سترانبێژ:

حاڵی ئەخرانم بە فرسەی خۆش-خۆش

دڵ و دەروونمی ئەهێنایە جۆش

ئەو بێ ڕەحمە و من دڵگەرم

کۆرس:

ئەو بێ ڕەحمە و من دڵگەرم

سترانبێژ:

عەشقی لە کەللەم بوو جەنگ

کۆرس:

عەشقی لە کەللەم بوو جەنگ

سترانبێژ:

ئەسمەر یارێکە/جوانێکە بێ ڕەحمە و بێ وەفا

سترانبێژ:

هەم خۆشم ئەوێ بە قەد دوو چاوم
تۆش دامەڕزێنە جەرگ و هەناوم
بە مەتری ورزی و جنیسی و جەرگم

کۆرس:

بە مەتری ورزی و جنیسی و جەرگم

سترانبێژ:

لە ژین بێزار و چاوەڕێی مەرگم

کۆرس:

لە ژین بێزار و چاوەڕێی مەرگم

سترانبێژ:

ئەسمەر یارێکە/جوانێکە بێ ڕەحمە و بێ وەفا

سترانبێژ:

تەنك و ناسکە وەك پەڕەی گوڵباخ
یاك و نێرگسە لە سەر کێو و شاخ
گوڵێکە بۆنی بۆ من قەت نابێ

کۆرس:

گوڵێکە بۆنی بۆ من قەت نابێ

سترانبێژ:

ڕەبی ئەو گوڵە قەت حەنسەو نابێ

کۆرس:

ڕەبی ئەو گوڵە قەت حەنسەو نابێ

سترانبێژ:

ئەسمەر یارێکە/جوانێکە بێ ڕەحمە و بێ وەفا

**٢٤- ئەرێ خاڵی لە مابەین**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




ئەرێ خاڵی لە مابەین
وەی وەی خاڵی لە مابەین
گیانە دوو ئەبروو بەنە
نەشمیل دوو ئەبروو بەنە
ئەرێ یەکجار ئەو خاڵە
گیانە یەکجار ئەو خاڵە
بە خودای ڕیشەی دڵکەنە
نەشمیل ڕیشەی دڵکەنە

ئەرێ هێشتا مەیلەکەت
گیانە هێشتا مەیلەکەت
ئەرێ نەچووە لە یادم
گیانە نەچووە لە یادم
ئەرێ تۆ وێنەی شیرین

گیانە تۆ وێنەی شیرین
بە خودا ئەمنیش فەرهادم
گیانە ئەمنیش فەرهادم

ئەرێ بووم بە یاری تۆ
گیانە بووم بە یاری تۆ
چاومەست بگەم بە مراد
بە خودا بگەم بە مراد
ئەرێ ڕەنجەکەم نەکەی
تو خودا ڕەنجەکەم نەکەی
چاومەست بە ڕەنگی فەرهاد
نەشمیل بە ڕەنگی فەرهاد

**۲۵– ئەم پەرچەم و ئەگریجە**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی



ئەو پەرچەم و ئەگریجەت هەموو دوژمنی دینە
ئەو زوڵف ڕوخەت ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە
نازیلێ لێرە لەوێ
باریکێ خاسە کەوێ
هەر ئێستێ ماچم ئەوێ
نایخەمە نیوەشەوێ
بە شێخەکەی کانی کەوێ

عەشقەت لە دڵم سابیتە نەك عاریزە قوربان
وەك تورەی شاهان کە لە سەر ڕوویی مەکینە
نازیلێ لێرە لەوێ
باریکێ خاسە کەوێ
هەر ئێستێ ماچم ئەوێ
نایخەمە نیوەشەوێ
بە شێخەکەی کانی کەوێ

دڵ بووەتە کەباب و مووژەیی دیدەیی مەستت
قوربان لەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە
نازیلێ لێرە لەوێ
باریکێ خاسە کەوێ
هەر ئێستێ ماچم ئەوێ
نایخەمە نیوەشەوێ
بە شێخەکەی کانی کەوێ

## ٢٦- ئەڕۆی ئۆغر

هەڵبەست: عەبدوڵڵا گۆران

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




ئەڕۆی ئۆغر، ئەڕۆی ئۆغر

نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر

حەیام، عەقڵم، دڵ و دینم

هەدەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر

کڵاو لار گورجی کەو ڕەفتار
نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر
لە تیری ئاهی ناکامیم
حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر

بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن
ئەبارێنێ بە سەر دەشتا
تەماشای لالەزاری ڕا-
گوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر

لە لای خەڵقی گەدایە گەر-
دی ژێر پێی مۆڵکی دڵداری
بە سایەت وەك هوما تاجم
لە سەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر

## ٢٧- فاتمە دوو چاوی مەستت

هەڵبەست: ئەحمەد هەردی
ئاواز:
مۆرك: ئەڤینی





سترانبێژ:

فاتیمه دوو چاوی مەستت

پڕ تەلەیسمی جوانییه

پڕ شەرابی خۆشەویستی

ئارەقی یەزدانییه

فاتمه دوو چاوی مەستت

شێتی کردم فاتمه

سترانبێژ:

بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە

کۆرس:

یۆنانییە

سترانبێژ:

لارە و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە

کۆرس:

گۆرانییە

سترانبێژ:

لارە و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە

فاتمە دوو چاوی مەستت

شێتی کردم فاتمە

سترانبێژ:

بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم جوان فاتمە

کۆرس:

وەی فاتمە

سترانبێژ:

تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە

کۆرس:

ئاواتمە

سترانبێژ:

تاقە پرشنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئاواتمە

فاتمە دوو چاوی مەستت

شێتی کردم فاتمە

سترانبێژ:

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە

کۆرس:

ئەفسانەیە

سترانبێژ:

هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و ئانەیە

کۆرس:

وەی ئانەیە

سترانبێژ:

هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و ئانەیە

فاتمە دوو چاوی مەستت

شێتی کردم فاتمە

## ٢٨- تۆبە

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




تۆبە من، تۆبەم کرد و بەس

نەشمیل گیان تۆ شك ئەبەم بەس

جا ئیتر بەسە دەردی سەر
دەیاری من بە هەتا سەر
ئەڵێن پیر بووی تۆبە کە
پێم ئەڵێن تەرکی بادە کە
تۆبە، پیر بووی، تۆبە کە
تەرکی مەستی و بادە کە
ئەینۆشم هەتاکو ماوم
تا باڵای دیارە لە چاوم
ئەڵێن پیر بووی تۆبە کە
پێم ئەڵێن تەرکی بادە کە

نانووم شەو تاکوە بەیان
تل ئەدەم دڵم پڕ لە ژان
بۆ نەشمیلەکەی چاوجوان
دەردم هەر یەکێ نییە، دوان
ئەڵێن پیر بووی تۆبە کە
پێم ئەڵێن تەرکی بادە کە
تۆبە، پیر بووی، تۆبە کە
تەرکی مەستی و بادە کە
ئەینۆشم هەتاکو ماوم
تا باڵای دیارە لە چاوم
ئەڵێن پیر بووی تۆبە کە
پێم ئەڵێن تەرکی بادە کە

دەردی من دووە و سێیە و چوار
گوێگرە ئەی خانمی ڕێبوار
گەر تۆ سەفەر بکەی بۆ شار
بێ تۆ من ئەبم دەردەدار
ئەڵێن پیر بووی تۆبە کە

پێم ئەڵێن تەرکی بادە کە
تۆبە، پیر بووی، تۆبە کە
تەرکی مەستی و بادە کە
ئەینۆشم هەتاکو ماوم
تا باڵای دیارە لە چاوم
ئەڵێن پیر بووی تۆبە کە
پێم ئەڵێن تەرکی بادە کە

**٢٩- مامە**

هەڵبەست:

ئاواز:

مۆرک: ئەڤینی






کۆرس:

مامه

سترانبێژ:

گیانی مامه

کۆرس:

مامه

سترانبێژ:

مام به خولامت بێ

به فیدای چاوی کاڵت بێ

حەیران گەردن و خاڵت بێ

ناسکه شیرین کەلامه

له دەوری گەڕێ مامه

سترانبێژ:

مامه بۆ تۆ خولامه

بە حەق ئەو دوو شەمامە
دنیا لە من حەرامە
بۆ بالآی نەونەمامە
فیدای چاوت بێ مامە
مامە

کۆرس:
گیانی مامە

سترانبێژ:
مامە

کۆرس:
مام بە خولآمت بێ
بە فیدای چاوی کاڵت بێ
حەیران گەردن و خاڵت بێ
ناسکە شیرین کەلامە
لە دەوری گەڕێ مامە

سترانبێژ:
ئۆف، ئۆف، ئۆف، هۆ لەیل
گەردن وەکو مراوی
نەخشی خاڵی کوتراوی
ڕیشەی جەرگم ئەکێشێ
قەد و بالآی لاولاوی
لە دەوری گەڕێ مامە
مامە

کۆرس:
گیانی مامە

ستڕانبێژ:

مامە

کۆرس:

مام بە خولامت بێ

بە فیدای چاوی کاڵت بێ

حەیران گەردن و خاڵت بێ

ناسکە شیرین کەلامە

لە دەوری گەڕێ مامە

ستڕانبێژ:

پێ بەندی پرچی خاوم

پیر بووم نەماوە باوم

ئەتخەمە سەر دوو چاوم

شەرتە هەتاکو ماوم

ببمە غولام سا مامە

مامە

کۆرس:

گیانی مامە

ستڕانبێژ:

مامە

کۆرس:

مام بە خولامت بێ

بە فیدای چاوی کاڵت بێ

حەیران گەردن و خاڵت بێ

ناسکە شیرین کەلامە

لە دەوری گەڕێ مامە

# سترانبێژ حوسێن عەلی*

## سترانە میللییە باوەکان/حەزلێکراوەکان (پۆپولار) و دانراوەکان (کۆمپۆسد)

### ١- نەرمە

جێگا: پردێ

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




ئای نەرمە، نەرمە

گشت گیانت گەرمە

بمدەرێ ماچێ (ئەرێ)

* هونەرمەندی میللی حوسێن عەلی لە ڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ شەهید بوو. ئەو لە هۆزی زەنگەنەیە، جێگای ئەم هۆزە لە باشووری کوردستان وەك سێگۆشەیێك لە ناوچەکانی سەنگاو تا چەمچەماڵ و قادر کەرەمە.

چی وەعدەی شەرمە

هەی نەرمە، نەر، نەر، نەر، نەر

هەی نەرمە، نەرمە

گشت گیانت گەرمە

بمدەرێ ماچێ (ئەرێ)

چی وەعدەی شەرمە

لە بەر ماڵەکەی

ڕوو لە قەسرت بەم

لە ئەگریجەکەی(ئەرێ)

کام و کەسرت بەم

هەی نەرمە، نەر، نەر، نەر، نەر

هەی نەرمە، نەرمە

گشت گیانت گەرمە

بمدەرێ ماچێ (ئەرێ)

چی وەعدەی شەرمە

ئەگەر نەمدەیتێ

لەو گۆنا ماچێ

حەوت پشتت گاور(ئەرێ)

بە ڕەحمەت دەچێ

هەی نەرمە، نەر، نەر، نەر، نەر

هەی نەرمە، نەرمە

گشت گیانت گەرمە

بمدەرێ ماچێ (ئەرێ)

چی وەعدەی شەرمە

**٢– نەمام نەمامە**

هەڵبەست: ڕەشید ئاغای زەنگەنە

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




باغە بچكۆلەی بەینی باغانم

ئەی هاوار نەمام

دەورم خراوە، لیمۆی هەرزانم

باریكە نەمام

نەمام نەمامە، نەمام ئاڵە، پڕ ملی خاڵە

ئەوەتا لەو ماڵە

ئەی هاوار نەمام

شەوڕنت هەر خۆم بووم كەوتم لە باغت

ئەی هاوار نەمام

چەپكێ گوڵ بدەم لە سای دەماغت

باریكە نەمام

نەمام نەمامە، نەمام ئاڵە، پڕ ملی خاڵە

ئەوەتا لەو ماڵە

ئەی هاوار نەمام

کراسەکەی بەرت مەیدە لە دیوار

ئەی هاوار نەمام

دڵ هەر دڵێکە مەیدە بە هەزار

باریکە نەمام

نەمام نەمامە، نەمام ئاڵە، پڕ ملی خاڵە

ئەوەتا لەو ماڵە

ئەی هاوار نەمام

بەسمان لێ بگرە سەراسۆی بانی

ئەی هاوار نەمام

خۆ لە من ماڵی زۆر لە تۆ جوانی

باریکێ نەمام

نەمام نەمامە، نەمام ئاڵە، پڕ ملی خاڵە

ئەوەتا لەو ماڵە

ئەی هاوار نەمام

**٣- ناوێرم بیمژم**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




ناوێرم بیمژم، بیمژم

خوێن تێی دەزایە

من ئەگەر دەیگووشم، دەیگووشم

ئەڵێ وای دایە

تۆ سەیری خاڵەکەی، خاڵەکەی
بان ڕوومەتی بکا
جەرگمی دەرهێنا، دەرهێنا
بردی لەتی بکا

وا خاڵێ ها وەبان، ها وەبان
پەنجەی پاتەوە
خۆ هیچ فایدەی نییە، ئای نییە
دڵ بە لاتەوە

**٤- ئامۆزا**

جێگا: قادر کەرەم
هەڵبەست و ئاواز: نەناس
مۆرك: ئەڤینی




خۆم بە خۆمم کرد تیربارانم کەن، ئامۆزا گیان
لە بەر بەیانا دەر بە شارم کەن، ئامۆزا گیان
ئامۆزا تۆ باڵابەرزی
ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی

ئەگەر نەبووایە بە لۆمەی بسات، ئامۆزا گیان
کەپرێکم ئەبەست شەو و ڕۆژ لە لات، ئامۆزا گیان
ئامۆزا تەنیا گوڵەکەم
ماڵوێران فێنکیی دڵەکەم

**٥- هۆ کچە نەرمۆڵەی هەر تۆی نیازم**

هـەڵبـەست و ئـاواز:

مۆرك: ئـەڤینـی




هۆکچە نەرمۆڵەی هـەر تۆی نیـازم
هێلانـەی دڵ و جێگای گشت ڕازم
هۆ کچە نـەرمۆڵـەی نـاسکۆڵـەی سـازم
هـەر بۆ تۆ ئـەڵێم ڕاز و نیـازم

قـەسەم بـەو خاڵـەی بـەو گۆنـاتـاوە
دڵـەی هـەژارم وا بـە لاتـەوە
هـۆ کچە نـەرمۆڵـەی نـاسکۆڵـەی سـازم
هـەر بۆ تۆ ئـەڵێم ڕاز و نیـازم

تـاکو من مـاوم هـەر بـە تـەمـاتم
شێتی جوانییەکەی بـەژن و بـاڵاتم

هۆ کچە نەرمۆڵەی ناسکۆڵەی سازم

هەر بۆ تۆ ئەڵێم ڕاز و نیازم

با بە گۆرانیی حەسوود و بەدکار

دەست کەینە ناو دەست من و تۆ نازدار

هۆ کچە نەرمۆڵەی ناسکۆڵەی سازم

هەر بۆ تۆ ئەڵێم ڕاز و نیازم

من بە گۆرانی، تۆش بە لەنجە و لار

بیکەین بە شایی ناو گوڵ و گوڵزار

هۆ کچە نەرمۆڵەی ناسکۆڵەی سازم

هەر بۆ تۆ ئەڵێم ڕاز و نیازم

**٦- تەنکە**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرک: ئەڤینی



کەژاڵ وا بێ تۆ خۆشیم
تەنکە گەر بێتە دڵا
ئەو دڵە یا خوا دارزێ
لەیلا لە ژێری گڵا
تەنکە، گیانم تەنکە
تەنکە، ڕوحی شیرینم
لەیلا لە دووریی باڵات
بە خوا دڵ پڕ برینم
تەنکە، تەنکە، تەنکە، تەنکە
ئەم لارە و لەنجە تەرکە

کەژاڵ خواوەند نەکەردە
تەنکە ڕۆژێ نەتبینم
بە خوا عەقڵ لێ شێویاو
لەیلێ کوێر ئەبێ زەینم
تەنکە، گیانم تەنکە
تەنکە، ڕوحی شیرینم
لەیلا لە دووریی باڵات
بە خوا دڵ پڕ برینم
تەنکە، تەنکە، تەنکە، تەنکە
ئەم لارە و لەنجە تەرکە

فیکر لە لام نامێنی
بە خوا نە هۆش نە کەماڵ
بە خوا بۆ خۆم بێ خەبەر
لەیلا لە ماڵ و منداڵ

تەنکە، گیانم تەنکە
تەنکە، ڕوحی شیرینم
لەیلا لە دووریی باڵات
بە خوا دڵ پڕ برینم
تەنکە، تەنکە، تەنکە، تەنکە
ئەم لارە و لەنجە تەرکە
کەژاڵ وێنەت لە دڵما
لەیلێ نەخشە وەك خاڵت
بە خوا بەو کوڵمەت قەستەم
لەیلا بە دوو لیمۆی کاڵت
تەنکە، گیانم تەنکە
تەنکە، ڕوحی شیرینم
لەیلا لە دووریی باڵات
بە خوا دڵ پڕ برینم
تەنکە، تەنکە، تەنکە، تەنکە
ئەم لارە و لەنجە تەرکە

**٧- باڵا**

**چاوت بم**

هەڵبەست: سابیری (شێخ نەجمەدین عەبدورەحمان بەرزنجی، قوتبی گوندی شۆرجە-قەرەحەسەن)

ئاواز:

مۆرك: عیرفانی




بەڵا گەردانی چاوت بم
ئەڵێی نەجمی گەلاوێژە
دەمێ عیسا، دەمێ لوقمان
دەمێ سەفاك و خوێنڕێژە
بە ئەوەڵ تیریدا لەرزیم
کە من غافڵ بووم نەمزانی
کە من ئێستاکە هۆشیارم
خەدەنگێ تر بهاوێژە

بەڵا گەردانی چاوت بم
ئەڵێی نەجمی گەلاوێژە
دەمێ عیسا، دەمێ لوقمان
دەمێ سەفاك و خوێنڕێژە
لە بەر ئێش و برینی دڵ
دەکەم فەریادی بێ حاسڵ
بە شێتم ناو دەبەن خەڵکی

زەمانێ پێم ئەڵێن گێژە
بەڵا گەردانی چاوت بم
ئەڵێی نەجمی گەلاوێژە
دەمێ عیسا، دەمێ لوقمان
دەمێ سەفاك و خوێنڕێژە

**٨– نازدار و نازەنینە**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی



نازدار و نازەنینە
شۆخ و شەنگ و شرینە
لە دووریی باڵای تۆدا
دیدەم خەریک گرینە
حەیفە یارم منداڵە، وەی وەی منداڵە
لێوئاڵ و لیمۆکاڵە

باڵا بەرزە وەک ئاڵا
ئەسمەرە، لیمۆکاڵە
دێوانەی کردووم وەڵڵا
گەردن پڕ وردەخاڵە
حەیفە یارم منداڵە، وەی وەی منداڵە
لێوئاڵ و لیمۆکاڵە

چاو ئەستێرەی بەیانە
نەشمیل تا بڵێی جوانە
ئەم شەوە شادومانە
یارم لە لام میوانە
حەیفە یارم منداڵە، وەی وەی منداڵە
لێوئاڵ و لیمۆکاڵە

دەست دەرە، قانوون و نای
سا بۆم بڵێ یەک (ئای ئای)
غەم لە دڵم بکەن بار
من بۆت ئەڵێم یەک (قەتار)
حەیفە یارم منداڵە، وەی وەی منداڵە
لێوئاڵ و لیمۆکاڵە

## ٩- بۆم بڵێ بەستەی خۆشی خەیاڵم

هـەڵبـەست و ئـاواز:

مۆرك: ئـەڤینی




بۆم بڵێ بەستەی، بۆم بڵێ بەستەی خۆشی خەیاڵم

وەی وەی خۆشی خەیاڵم

بیهێنەرە جۆش، بیهێنەرە جۆش گیانی بێ حالم

وەی وەی گیانی بێ حالم

سوورەیش تیژ ئەکا، سوورەیش تیژ ئەکا بەم بەستەی تۆ

وەی وەی بەم بەستەی تۆ

ئەگەشێتەوە، ئەگەشێتەوە دیسان سەر لە نۆ

وەی وەی دیسان سەر لە نۆ

دەمێکە ئازیز، دەمێکە ئازیز گوێ شلی بەستەم
وەی وەی گوێ شلی بەستەم
بەستە و گۆرانی، بەستە و گۆرانی ئەو دیدە مەستەم
وەی وەی ئەو دیدە مەستەم

دیسان بۆم بڵێ، دیسان بۆم بڵێ کام بەستە خۆشە
وەی وەی کام بەستە خۆشە
دڵ بۆ بیستینی، دڵ بۆ بیستینی خەیلێ پەرۆشە
وەی وەی خەیلێ پەرۆشە

## ١٠- گوڵاڵە و گیا

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




گوڵاڵە و گیا، گیا
لە دەشت و چیا، چیا

ئەکەونە شنە، شنە
هەر یەکە جیا، جیا

ئەدەن بە یەکدا گوڵی ڕەنگاوڕەنگ
ئاهەنگ بگێڕە هیچ مەبە دڵتەنگ
گوڵاڵە و گیا، گیا
لە دەشت و چیا، چیا
ئەکەونە شنە، شنە
هەر یەکە جیا، جیا

لە لات نامێنێ فکر و هۆشیاری
چەپکێ لەو گوڵە بۆ بیا بە دیاری
گوڵاڵە و گیا، گیا
لە دەشت و چیا، چیا
ئەکەونە شنە، شنە
هەر یەکە جیا، جیا

نەرگس، ڕەیحانە، شەوبۆ یا سمڵ
نازەنینەکەی ڕوومەت پەڕەی گوڵ
گوڵاڵە و گیا، گیا
لە دەشت و چیا، چیا
ئەکەونە شنە، شنە
هەر یەکە جیا، جیا

بەس بە تیلەی چاو تیر بدە لە دڵ
لە حەسرەت تۆدا وا ئەگریم بە کوڵ
گوڵاڵە و گیا، گیا
لە دەشت و چیا، چیا
ئەکەونە شنە، شنە
هەر یەکە جیا، جیا

## ١١- ئۆغرت خێر بێ ڕێبواری ناسك

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




ئۆغرت خێر بێ ڕێبواری ناسك

لار و لەنجە جوان دیدە وەك ئاسك

لێوە ئاڵەكەت، پەرچەم كاڵەكەت

گەردنی بەرز و وردە خاڵەكەت

ئۆغرت خێر بێ ڕێبواری ناسك

لار و لەنجە جوان دیدە وەك ئاسك

ئەو بزەی لێوە تیرێكە بۆ جەرگ

پێشانم ئەدا نیشەوانەی مەرگ

ئۆغرت خێر بێ ڕێبواری ناسك

لار و لەنجە جوان دیدە وەك ئاسك

سەیری قەد و باڵات کەم جارجار
چلەی هاوینم لێ بێ بە بەهار

**١٢- حەبیبم**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




لێم مەدە بە تیر حەبیبم
دڵ بریندار و غەریبم
من بە ماچی لێوت ڕازیم
خوایە بیکەی بە نەسیبم

ئەی هاوار ئەگەر کچ حەز کا
گیانەکەم کوڕ بلاوێنێ
ئەی وەڵڵا جەرە هەڵدەگرێ
ئەی دەچێ ئاو لە دوور دێنێ
سا وەڵڵا چاوێ هەڵبڕە
گیانەکەم تۆ بزانە من کێم
ئەی هاوار کوڕەکەی دوێنێم
گیانەکەم ماچەکەت داپێم

ئەی هاوار جاهێڵ بە دوو شت
گیانەکەم هەوا دەسێنێ
وەی یەکەم لە کەلاوە
جا دووەم چاو هەڵتەکێنی

ئەی هاوار پەنج و دو ڕۆژێ
گیانەکەم مەیل بدە پێمان
ئەی هاوار ئەگەر خراو بین
نازدارم حاشا بێ لێمان

**١٣ – مەمدوێنە**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی



مەمدوێنە، مەمدوێنە

بەس بەندی عالەم بە سەرم بێنە

ئاهـ بە سەرم بێنە

چونکو غەریبم، چونکو غەریبم

دڵەکەم مەشکێنە، دڵەکەم مەشکێنە

ئاهـ دڵەکەم مەشکێنە

لە ماڵ هاتە دەر، لە ماڵ هاتە دەر

جووتێ تەل بە سەر، جووتێ تەل بە سەر

ئاهـ جووتێ تەل بە سەر

گەورە خۆمی کوشت، گەورە خۆمی کوشت

بیچك لەو بەتەر، بیچك لەو بەتەر

ئاهـ بیچك لەو بەتەر

**١٤- چاوی بە ناز هەڵدێنێ**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




چاوی بە ناز هەڵدێنێ

هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی

تا دڵ بۆ خۆی بدوێنێ
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
یەکسەر، یەکسەر با بوینم
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
کاتێ لەنجەی بنوێنێ
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی

لە ناو گشت شۆخێك دیارە
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
چوینکو گەلێ نازدارە
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
بوینە لە چاوەکانی
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
هەمیشە پڕ خومارە
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی

جوانێکی خوا پێ داوی
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
چاوی پڕ تاوت ماوی
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
کچە کوردێکی جوانی
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی
چاو ئەستێرەی ئاسمانی
هەی ها لەیل، ها لەیل، بێ مەیلی

## ١٥- هەی زاڵم، زاڵم

جێگا: ناوچەی شێخان

مۆرك: دیلان

ناویٚ دیلانەکە: شێخانی

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنیٚ و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە

سەرچاوەی هەڵبەستەکە: حوسێن عەلی

سەرچاوەی ئاوازەکە: کاسێتێکی محەمەد عارف جزیری




هەی زاڵم، زاڵم، زاڵم
مەمکوژە تەنیاباڵم
بۆ ماچی لێوی ئاڵت
گیانە من وا عەبداڵم

بابایەکی عاشقم
ئەمن بیٚ ژن و ماڵم
خودا بۆ مت بنووسیٚ
تۆ ببی بە حەڵاڵم

ئەریٚ ئێوارە دیتم
خانم کاشکە نەدیامەت
ئەم جار پێمت نیشان دا
گیانە گۆشەی قەیامەت

تێبینی/

ئەم سترانە (هەی زاڵم، زاڵم) لە گەڵ سترانی عەرەبی (اه یا اسمر اللون) لە سترانی (هەی شێخانی، شێخانی) هی کوردە ئێزدییەکان کۆپی کراون، شێخانییش دیلانێکە فرە کۆنە. دێڕی یەکەم و دووەمی نۆتەی مۆسیقا دوو سترانا-نەی "شێخانی"ن و هی سێیەم سترانی "هەی زاڵم، زاڵم"ە.

**١٦- خۆشەویستیّ لەیلا**

هەڵبەست و ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




خۆشەویستیّ لەیلا لە دڵ چەسپاویّ
زڕەی ئاڵتوین لەیلا لە کەلاما ویّ
وەی وەی لە کەلاما ویّ

چۆن بە جێمت هێشت لەیلا تەنیا مامەوە
چەنیّ خۆشیم چەشت لەیلا هەمووم دایەوە
وەی وەی هەمووم دایەوە

لە تۆ دویر کەوم لەیلا پیشەم هەرغەمە
خەو بێزارە لێم، لەیلا بەر چاوم تەمە
وەی وەی بەر چاوم تەمە

شەوان لە گەڵ کێ لەیلا من بەسەر بەرم

ڕازی دڵەکەم گیانە لای کێ دەربەرم

وەی وەی لای کێ دەربەرم

**تێبینی**

ئەم سترانە پچراوە و بە لای کەمەوە بەندەك لێی کەمە.

**١٧- نازدار**

هەڵبەست: عەورەحمان زەنگەنە

ئاواز:

مۆرك: ئەڤینی




پێم وت بە دڵدا ڕاوە

چوینکو یار لێم تۆراوە

تاکو دوێنێ پێکەوە بووین

ئەمڕۆ ڕووی وەرگێڕاوە

گەلێ چار ناچارە

دوورم لە ئەو نازدارە

دڵم وا لە پێناوی

پەست و مات و غەمبارە

نازدار لێم بۆ تۆراوە

دڵی لە چی شکاوە

خۆ من تاکو ئەمێنم
دڵم هەر بە ئەو داوە

دەچم بۆ لای ئەو یارە
ئەڵێم دڵم زامدارە
بەشکو ئاشتی کەمەوە
لێم ببووریٚ ئەمجارە

چیی لێم بویٚ بۆی ئەکەم
گیانیشم پێشکەش ئەکەم
تاکو بڕوام پیٚ بکا
خۆمی سەد جار پیٚ دەدەم

# دەنگبێژ و سترانبێژە ناڤدارەکان سەڵاح داودە و فایق داودە*

## سترانە فۆلکلۆرییە سروشتییە سازەندەکان/سازکارەکان

### ١- خڕنێ

مۆرك: دیلان، گەرروویی

ناوی دیلانەکە: سێ پێیی

شێوەی خوێندنی سترانەکە: کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێت و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە




هـا خڕنێ، جوانێ، خڕنێ، خڕنێی نـاو گوڵان
دەم لـە نـاوی دەم خڕنێ، دەست لەو مـەمکۆڵان

هـا خڕنێ، جوانێ، خڕنێ، خڕنێی مـاڵ مـەلا
دەرگـای مـاڵەکەت خڕنێ، لێم بوو بـەو قـەڵا

هـا خڕنێ، جوانێ، خڕنێ، خڕنێی نـاو شـاخـان
کـەوان دەخوێنن خڕنێ، لـە بنـاری بـاخـان

بـە بـەرزیی بـاڵات خڕنێ، وێسیام بـەو پـاوە
هـەی چـاوت کوێر بێ خڕنێ، من کوێم خراوە

وەرە بـەم لاوە خڕنێ، بینم جـەمینت
لـە سـەر چی دینی خڕنێ، بێمـە سـەر دینت

---

* من ئـەم سترانانـەی هـۆزی داودەکان (کفری و چیای حـەمرین) بـە گوێگرتن فێر بووم و دوایی تێکست و نۆتەکانیانم نووسییەوە. ئەم هـۆزە هـەردەم سایە و پشتیوانی دەنگبێژان، سترانبێژان و هونـەرمـەندان بوو.

## ٢- یار وەرەوە

هەڵبەست و ئاواز: فۆلكلۆر

مۆرك: ئەڤینی




یار وەرەوە

خۆتمان لێ مەشارەوە

جەژنەكەت موبارەك بێ و

بە جل كوردیی شۆرەوە

دوگمە و دوڵابی سوخمان

یاخەكەی لە خارەوە

ئەمانەت منالەی تۆ

لەو پەرۆ پێرارەوە

## سترانە میللییە حەزکراوەکان "پۆپولار"

### ٣- عەمرەکەم، چاوەکەم

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




(ئەرێ) سلێمانی خۆشە

(گیانەکەم) قەسر و دوکانی

(ئەوا) لە گەڵ سەرچنار

(گیانەکەم) عەسر و بەیانی

عەمرەکەم، چاوەکەم

تەکبیرە و بۆ تۆی ئەکەم
ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی
(وەی) بابت دەرمان خوارد ئەکەم

(ئەرێ) ماڵی باوکەکەت
(گیانەکەم) وا لەو پەڕ دێوە
(ئەوا) ئەمنیش کاروانچیم
(گیانەکەم) پاڵم دا پێوە
عەمرەکەم، چاوەکەم
تەکبیرە و بۆ تۆی ئەکەم
ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی
(وەی) بابت دەرمان خوارد ئەکەم

(ئەرێ) ئێوارە دیتم
(گیانەکەم) لێو بە خەندەوە
(ئەوا) سڵاوم لێ کرد
(گیانەکەم) بە چاو سەندێوە
عەمرەکەم، چاوەکەم
تەکبیرە و بۆ تۆی ئەکەم
ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی
(وەی) بابت دەرمان خوارد ئەکەم

**تێبینی**

وا لەو پەڕ دێوە: هەندێ جاریش (وا لەو پەڕ زێوە)

## ٤- ڕەیحانێ

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




ڕەیحانێ، ڕەیحانێ (کچێ) ڕەیحانێ گیانم

تۆ قەزات کەوێ (کچێ) لەو خاڵوانم

ها گوڵێ بکە بۆم (کچێ) ئیمشەو میوانم

ڕەیحانێ، ڕەیحانێ

ڕەیحانێ جوانم

ڕەیحانێ تۆ بووکی (گیان) قەد ئالآی ڕووتی

بۆ جاحێڵان تۆ (گیان) زۆر زۆر مەزبووتی

ماچێکم بەرێ (گیان) لەو ڕێگەی بووکی

ڕەیحانێ، ڕەیحانێ

ڕەیحانێ جوانم

بیٚ لە قارت (گیان) بگرم یاری نۆ

چەپکیٚ قورِ بدەم بە دییەی ڕاستی تۆ

تا ڕۆژی ئەزەڵ (گیان) ئەمە حاڵت بۆ

ڕەیحانیٚ، ڕەیحانیٚ

ڕەیحانیٚ جوانم

مەلا لە مزگەوت (گیان) خوتبەی دەخوێنیٚ

یارم لە ناو ماڵ (گیان) خاڵ دەنەخشێنیٚ

ڕەیحانیٚ، ڕەیحانیٚ

ڕەیحانیٚ جوانم

**تێبینی/**

(گیان) یان (کچ): کاتی دووبارەکردنەوەی هەر دێڕەك دەخوێندرێن (بە تەنیا جاری دووەم).

**٥- ڕێبوار**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی



ڕێبوار و ڕێبوار (گیانەکەم)
بە ڕێبوارت بم
لە مۆچەی بەرگت (بە قوربان)
فیدا کارت بم

تو زێڕی خالس (گیانەکەم)
بە عەیارت بم
شەرتە تا مردن (بە قوربان)
نیوەکارت بم

مەکەم بە فیدای (گیانەکەم)
مەکەی تارت بێ
ئەو کۆچەی کردت (بە قوربان)
کۆچی شارت بێ

سوێندم خواردووە (گیانەکەم)
دڵداری ناکەم
ئەو کیژە جوانە (پێم دەڵێ)
ئاشکرای ناکەم

ئەوا بەهارە (گیانەکەم)
بڕۆین بۆ ناو باغ
بە شوێنی یەکا (بە قوربان)
بچین بۆ لاباخ

### ٦- دانه‌-دانه‌ (١)

هه‌ڵبه‌ست: ڕه‌شید ئاغای زه‌نگه‌نه

ئاواز:

مۆرك: ئه‌ڤینی




### ٦- دانه‌-دانه‌ (٢)



ئای

شەویٚ بووم بە میٚوانت

لە سەر باخچە و دووکانت

وەرە بمدەریٚ ماچیٚ

گاور بووم کەوتمە دامت

دانە دانە، خاڵ دانە دانە

دانە دانە، گیان دانە دانە

خاڵی سەر مەمکی جوانە

کوشتمی ئەو بیٚ ئیمانە

ئای

هاوار چەرمیٚنیی چاوت

کچیٚ لیٚم هەڵپلانی

گیانە سەرم دای بە برِ

زاڵم ماڵم رِمانی

دانە دانە، خاڵ دانە دانە

دانە دانە، گیان دانە دانە

خاڵی سەر مەمکی جوانە

کوشتمی ئەو بیٚ ئیمانە

ئای

هاوار تف لە شەرتەکەت

زاڵم بەم بەقاتەوە

ئەم جار دڵم نە تۆریای

گیانە قەت لە لاتەوە

دانە دانە، خاڵ دانە دانە

دانە دانە، گیان دانە دانە

خاڵی سەر مەمکی جوانە

کوشتمی ئەو بێ ئیمانە

**٧- ئامۆزا**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




هەر ئەڕۆم ئەڕۆم دڵم ئەلەرزێ، ئامۆزا گیان

لێم بە جێ ماوە من گەردن بەرزێ، ئامۆزا گیان

ئامۆزا تۆ بالاّبەرزی

ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی

لە تۆ ئەگەڕێم مەنزڵ بە مەنزڵ، ئامۆزا گیان

من لە شوێنی دڵ، دڵ لە شوێنی گوڵ، ئامۆزا گیان

ئامۆزا تۆ بالاّبەرزی

ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی

ئەشێ بەختی من ڕەشی بنوێنێ، ئامۆزا گیان

کێ دیویە بەهار گوڵ هەڵوەرێنێ، ئامۆزا گیان

ئامۆزا تۆ بالاّبەرزی

ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی

## ٨- جەمیلە

هـەڵبەست و ئـاواز: نـەنـاس

مۆرك: دیلان




جەمیلە، جەمیلە

ڕوومەتخۆش بە پێکەنین

جەمیلە، جەمیلە

نـەرم و نۆڵی و نـازەنین

جەمیلە، جەمیلە

جەمۆ، جەمۆ، جەمیلە

جەمیلە، جەمیلە

سنگت بـەفری قـەندیلـە

جەمیلە، جەمیلە

بۆ تۆ جەرگم سووتاوە

جەمیلە، جەمیلە

پیر بووم، عەمرم نەماوە

جەمیلە، جەمیلە

جەمۆ، جەمۆ، جەمیلە

جەمیلە، جەمیلە

سنگت بەفری قەندیلە

**٩- کوێستانان**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: دیلان



ئەچمە سلێمانی، گۆیژەم لێ دیارە
بە بەرزیی گۆیژە، غەم لە دڵم بارە
کوێستانان خاڵخاڵ، بەفری ناچێتۆ
ئەو کچە تۆراوە وەی ئاشتی نابێتۆ

هەستە وەرە لام، یاری نازدارم
لە دووریی باڵات، کز و غەمبارم
کوێستانان خاڵخاڵ، بەفری ناچێتۆ
ئەو کچە تۆراوە وەی ئاشتی نابێتۆ

جارێ نە هاتی، حاڵم بپرسی
دڵت گۆڕییەوە، هەیرۆ ئەترسی
کوێستانان خاڵخاڵ، بەفری ناچێتۆ
ئەو کچە تۆراوە وەی ئاشتی نابێتۆ

دێمە بەر دەرگات، پێم ئەڵێی برۆ
چۆن و کەی بکەم، دەس لە ملانەی تۆ
کوێستانان خاڵخاڵ، بەفری ناچێتۆ
ئەو کچە تۆراوە وەی ئاشتی نابێتۆ

**١٠- مریەم**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




سوێندت ئەدەم وا بە ڕەیحان

بە گوڵاڵە سووری دەشت گەرمیان

تۆ یارمی جا بە قورئان

ئای مریەم ئای

ئەمان مریەم

چاوجوان مریەمێ

لە دووریی باڵات ڕەشپۆشم

مەست و خومار و سەرخۆشم

بۆ چاوی تۆ پەریشانم

ئای مریەم ئای

ئەمان مریەم

چاوجوان مریەمێ

ئەو مریەمەی چاوی جوانە

کوشتمی ئا ئەو گەردانە

بۆ باڵای من پەریشانە

ئای مریەم ئای

ئەمان مریەم

چاوجوان مریەمێ

**١١– ئەرێ ڕاستەی خیابان (١)**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرک: ئەڤینی




ئەرێ ڕاستەی خیابان

گیانە باچەی میللەتە

ئەرێ کراسەکەی بەرت

گیانە چیتی شیرکەتە

لای لای لای لای لای

کەوی گەردن بە خاڵی

بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
منداڵی چوارده ساڵی
شێت بووم بۆ چاوی کاڵی

ئەرێ پرسیم لە چیمەن
گیانە ئەو قەبری کێیە
وتی قەبری مەجنوونە
شێت و کوشتەی لەیلێیە
لای لای لای لای لای
کەوی گەردن بە خاڵی
بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
منداڵی چوارده ساڵی
شێت بووم بۆ چاوی کاڵی

ئەرێ هەی داد و بێداد
گیانە خۆ من نەماوم
ئەرێ وەك تەیری بێ باڵ
گیانە سەر لێ شێواوم
لای لای لای لای لای
کەوی گەردن بە خاڵی
بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
منداڵی چوارده ساڵی
شێت بووم بۆ چاوی کاڵی

ئەرێ باڵاکەت بەرزە
گیانە بە قەد چنارێ
ئەرێ کێ تۆی عاجز کرد

گیانە بەردی لێ بارێ
لای لای لای لای لای
کەوی گەردن بە خاڵی
بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
منداڵی چواردەساڵی
شێت بووم بۆ چاوی کاڵی

**ئەرێ ڕاستەی خیابان (٢)**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

ئەرێ ڕاستەی خیابان
گیانە باچەی میللەتە
ئەرێ کراسەکەی بەرت
گیانە چیتی شرکەتە
لای لای لای لای لای
کەوی گەردن بە خاڵی
بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
منداڵی چواردە ساڵی
شێت بووم بۆ چاوی کاڵی

ئەرێ بێنێ سەر دڵم
گیانە ناسکە پەنجەکەت
ئەرێ باوەشێنم کە
گیانە بە ئەگریجەکەت
لای لای لای لای لای
کەوی گەردن بە خاڵی

بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
مندالّی چوارده سالّی
شێت بووم بۆ چاوی کالّی

ئەرێ ئاهـ و هەناسەم
گیانە کێو لە بن دێنێ
ئەرێ بزانە خوای من
گیانە چیت بە سەر بێنێ
لای لای لای لای لای
کەوی گەردن بە خالّی
بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
مندالّی چوارده سالّی
شێت بووم بۆ چاوی کالّی

ئەرێ ئاهـ و هەناسەم
گیانە گەر بڕوا بە تاو
ئەرێ نەك تۆ کە گوڵ بی
گیانە بەرد ئەکا بە ئاو
لای لای لای لای لای
کەوی گەردن بە خالّی
بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ؟
مندالّی چوارده سالّی
شێت بووم بۆ چاوی کالّی

## ١٢ – ئیمجا هەردووکمان دوورین

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




ئیمجا هەردووکمان دوورین، دەی دەی دوورین
وەڵڵا بەینێ ببەستین، گیانە بەینێ ببەستین
ئەوا بە فرمێسکی چاو، باوکت بمرێ
گیانە جۆگە هەڵبەستین، ئیمجا جۆگە هەڵبەستین

ئیمجا بێرە سەرینم، دەی سەرینم
گیانە پێ بکە شینم، ئیمجا پێ بکە شینم
ئەوا دونیا مردنە، وەی مردنە
وەڵلا نە وەك نەتبینم، ئیمجا نە وەك نەتبینم

ئیمجا ڕێگاکەی کۆیێ، ڕێگای کۆیێ
گیانە هەر هوردەبەردە، هاوار هەر هوردەبەردە
ئیمجا سوخمەکەی لەیلا، گیانە لەیلا
وەڵلا گوڵگوڵیی زەردە، گیانە گوڵگوڵیی زەردە

بەو خوایە بێ مەکەنە، بێ مەکەنە
دونیا دەوران دەورانە
عاشق خاڵێ بوو گیانی وەی وەی گیانی
ئیمجا ناو شارا جوانە

ئیمجا هەر کەس عاقڵە، دەی عاقڵە
گیانە ساحیب کەماڵە، ئیمجا ساحیب کەماڵە
ئیمجا بڕوانە دنیا، وەی وەی دنیا
وەڵڵا دنیا بەتاڵە، ئیمجا دنیا بەتاڵە

ئیمجا خاڵی هاوابە، وەی وەی وەی بە
گیانە پەنجەی پاتەوە، ئیمجا پەنجەی پاتەوە
ئیمجا هیچ فایدەی نییە، گیانە نییە
وەڵڵا دڵ بە لاتەوە، گیانە دڵ بە لاتەوە

ئیمجا کراسەکەت دڕیا، وەی وەی دڕیا
گیانە بۆ کراسێ ناکەی، هاوار بۆ کراسێ ناکەی
وەڵڵا من خۆ یاری تۆم، وەی یاری تۆم
گیانە بۆ حاشا ناکەی، ئیمجا بۆ حاشا ناکەی

**تێبینی**

ئەم سترانە پچراوە و بە لای کەمەوە دوو بەند لێی کەمە.

### ١٣- لەبلەب

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرک: ئەڤینی



لەبلەب لەبلەبێ وە
تیپی سێوەر هات لە ڕێوە
تاجی ڕەزا شاهە پێوە
ئەرێ چەرمەڵە دڵ تاوە کێوە

چاو بکردا دەمی چاو بکردا
ماچی تەڕ و ساردە بکردا
شەو لە سەر سنگی جا بخەفتەم
لەبلەب لەبلەبێ وە
تیپی سێوەر هات لە ڕێوە
نەجمەی ئەو یارە ها پێوە
ئەرێ چەرمەڵە دڵ تاوە کێوە

# سترانە فۆلکلۆرییەکان

١- گیان گیان و باوانم

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر

مۆرک: گەروویی




گیان گیان و باوانم، (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
ئەی سەوزەم ون بووە
جا نازانم چاوجوان (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
ئەی وەڵڵا کوێ چووە

ئەی خاڵێ هاوەبان، (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
ئەی سەر گۆناتەوە
جا هیچ فایدەی نییە، (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
ئەی دڵ بە لاتەوە

ئەی عارەق و شەراب، (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
جا مزەی نەکەردم
ئەی بەو ماچی لێوت، (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
ئاخ سەرخۆشی کردم

ئاخ لە خوار گۆیژەوە، (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
ئاخ سلێمانی یە
ئای یاری قەتباریک، (سەوزەڵێ، سەوزەڵێ)
ئاخ جوانی وا نییە

تێبینی/ سەوزەڵێ، باوانم، باوکەکەم، ئەی وەڵڵا کوێ چووە (ئاخ ماڵی کێ چووە) لەم سترانەدا دووبارە و سێ بارە دەکرێن.

٢– لەرزانە

هەڵبەست و ئاواز: فۆلكلۆر

مۆرك: گەروویی




لەرزانەكانی لەرزم لێ دێنێ

خۆزیا بە جارێ ڕیشەم دەربێنێ

ئەی وەی لەرزانە، چاوم لەرزانە

چاومەست وە بێ تۆ (گیان) ماڵم وێرانە

ئەگەر نەمدەیتێ (گیان) دو ماچ بەو جارێ

دوو برات بمرن (گیانە) هەر یەك لەو شارێ

ئەی وەی لەرزانە، چاوم لەرزانە
چاومەست وە بێ تۆ (گیان) ماڵم وێرانە

نامەکەت گەیشت (گیان) نام بە سەر چاوم
بە نامت قەسەم (گیان) بۆ تۆ سووتاوم / نەماوم
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
خۆزیا بە جارێ ڕیشەم دەربێنێ

بە باڵەی بەرزی (گیان) بەو ڕەنگ مرداری
سەر کۆشێکت کرد (گیان) بەوا قەتاری
لەرزانەکانی لەرزم لێ دێنێ
خۆزیا بە جارێ ڕیشەم دەربێنێ

دەچی بۆ مەکتەب (ئاخ) بمبە لەگەڵ خۆت
بمکە بە قەڵم، (ئاخ) بمکە بن باخەڵ
ئەی وەی لەرزانە، چاوم لەرزانە
چاومەست وە بێ تۆ (گیان) ماڵم وێرانە

تازەم زانیوە، (ئاخ) ماوی وەم دەشتی
ماچی وردەخاڵ (گیان) نیوەی بەهەشتی
ئەی وەی لەرزانە، چاوم لەرزانە
چاومەست وە بێ تۆ (گیان) ماڵم وێرانە

٣- سەوزە

هەڵبەست و ئاواز: فۆلكلۆر

مۆرك: ئەڤینی




ئەو باڵات خانم

سەوزە خۆشە چاوم لێیە

فەسڵی بەهەشتە

سەوزە جێگای لەیلێیە

سەوزە جێگای لەیلێیە

ئەو كۆیە بەرزە

سەوزە دەیكەین بە بێستان

شەمامە و بیدە

دەی دەی بۆ دەستی دۆستان

سەوزە بۆ دەستی دۆستان

سەوزە گیان سەوزە

دەی دەی بێ مەتۆرەوە

ئەم شەو لە لات بم

دەی دەی بە بیرکەرەوە

دەی دەی بە بیرکەرەوە

## سترانبێژ و هەوابێژ هابە (عبدالوهاب بەرغەش)

## سترانە فۆلکلۆرییەکان

### ١- هەی بەلار و بەلار

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر

مۆرك: ئەڤینی




هەی بەلار و بەلار و بە لارەوە

تۆ سەرێ دایکت، وەرەماڵەوە

هەتا نوێژ ئەکەم، نوێژم بەتاڵە

(الحمد) ئەخوێنم، تۆم لە خەیاڵە

عەسکەر عارەبی کۆڵ بە کۆڵەوە

عەرەق دەرشێنێ بە رێی چۆڵەوە

## ٢– یار زەینەب

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر

جێگا: نەناس

مۆرك: دیلان

ناوێ دیلانەکە: پێلان (گولشێنی)




یار زەینەب، زەینەب، زەینەب
زەینەبا من
ئێڤارە، درەنگە و نایێ
چاڤڕەشا من

وەرە حەمامێ، گەرمە
زەینەبا من
سنگێ تە خوەش و نەرمە
چاڤڕەشا من

تێبینی /ئەم سترانە کورمانجییە لە دەڤەری گەرمیان و بە تایبەت لە شاری کەرکووك زۆر بە ناوبانگە.

## سترانە میللییە باوەکان/حەزلێکراوەکان "پۆپولار"

**٣- هەی ئاغا**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە

بۆم تێکە لەو قۆنیاغە

هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە

بۆم تێکە جەرگم داغە

هەوا:

سەمەن گوڵەکەی دەم نوقڵ و نەبات

بمدەرێ ماچێ با برۆم لە لات

هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە

بۆم تێکە لەو قۆنیاغە

هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە

بۆم تێکە جەرگم داغە

ئەرێ مشکییەکەی سەرت

قورئان دەرزیشکێنە

ئەرێ منت بەرباد کرد

بە خودا چاوێ هەڵێنە
هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە
بۆم تێکە لەو قۆنیاغە
هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە
بۆم تێکە جەرگم داغە

هەوا:
تا ئەوەندەم ماوە بمنێیتە قەفەس
نە چاو تێر ئەبێ نە دڵ ئەڵێی بەس
هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە
بۆم تێکە لەو قۆنیاغە
هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە
بۆم تێکە جەرگم داغە

دانیشتووە لە سەر کورسی
نوختە بە نوختە دەینووسی
کێ حاکمە و کێ دەیپرسی
بۆم تێکە جەرگم داغە
هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە
بۆم تێکە لەو قۆنیاغە
هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە
بۆم تێکە جەرگم داغە

**تێبینی/**

١- لە بەر سەرواکانی (قۆنیاغە و داغە) لێوکردنی پەیڤی (ئاغا) کورت بوو و بوو بە (ئاغە): واتە پیتی (ا) بوو بە (ئە).

٢- وەك وا دەبێژن کە سەرچاوەی ئەم سترانە ناوچەی پردێیە.

## ٤- چی بکەم نیمە چارە (ڕەحیمیٚ ڕەحیمایێ)

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی

جێگا: دەرڤەری بۆتان (کاسێتێکی هونەرمەند حەسەن جزیری)




ئەریٚ شەرت بیٚ لە داخت، دیسان بچمە کڵیسا
وەڵڵا شایەتمان بێنم، قورئان بە دینی عیسا
ئای چی بکەم نیمە چارە
دەرمانم نییە لەم شارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە

وەڵڵا بە باڵای بەرزت، قورئان بە سینەی تەیرت
وەڵڵا مەگەر ئێواران، قورئان تێر بکەم سەیرت
ئای چی بکەم نیمە چارە
دەرمانم نییە لەم شارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە

ئەریٚ شەرت بیٚ لە داخت، قورئان بگرم یاری نۆ
وەڵڵا چەپکیٚ قوڕ بدەم، بیللا بە دیدەی ڕاستی تۆ
ئای چی بکەم نیمە چارە

دەرمانم نییە لەم شارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، تازە بۆسەی کێشاوە
بالاگێڕی دایکت بم، مەمکی لە دەمت ناوە
ئای چی بکەم نیمە چارە
دەرمانم نییە لەم شارە
یاری خۆمە و لێم بێزارە

## ٥- زارا

سەرچاوەی ئاوازەکە: موکریان، حەسەن زیرەك
هەڵبەست: نەناس
مۆرك: ئەڤینی




بێرە ماڵەکەم، قەت مەڕۆڕەوە
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
غەمی سەد ساڵەم لە بیر بەرەوە
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
با بڕوا زارە، بەو لەنجە و لارە
سوبح و ئێوارە، عافەرین زارە

هەی داد هەی بێداد، ئەمە حاڵ نییە
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
کەس لە دەردی کەس، ئاگادار نییە
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
با بڕوا زارە، بەو لەنجە و لارە
سوبح و ئێوارە، عافەرین زارە
هەوا:
چاوەڕێی تۆمە، عەزیم لە کوێ ماوی
هەر تۆ شادی، بەشی من عەزیم، عەزیزم شەکرەی خاوی
با بمرم

**٦- چی بکەم جەرگم سووتاوە**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس
جێگا: دەڤەری دیاربەکر (جەلال سەزیگوزەل)
مۆرک: ئەڤینی




چی بکەم جەرگم سووتاوە (لێ لێ)
چونکو و یار لێم تۆراوە

عەقڵ و هۆشم نەماوە (قوربان)
خواردن و خەوم خوێناوە

سێو پێ گەیی نەهاتی (لێ لێ)
جا لیمۆ زەرد بوو وەرە
نەخۆش کەوتم نەهاتی (قوربان)
وادەی ڕوحکێشان وەرە

گیانە سەرێ هەڵبڕە (لێ لێ)
تا بزانی گیان وا من کێم
وەڵڵا کوڕەکەی دوێنم (قوربان)
دیسان ماچەکەت دا پێم

### ٧- ئەرێ هەستە با بڕۆین

هەڵبەست و ئاواز: نەناس
بۆنە: سەیران
مۆرك: ئەڤینی




ئەرێ هەستە با بڕۆین
وەی بۆ کوێ ئەڵێی تێم
وەڵڵا بۆ ناو بەدکاران
وەی دانت مەدە لێم

ئەرێ کراس کەتانچین

ئەم ژینە زۆر جوانە

بابڕۆین، هەڵسە وەرە

دەم دەمی سەیرانە

**٨- عارەق و شەراب (یا عزیز الروح)**

جێگا: عیراق

سەرچاوەی ئاوازەکە: زهور حسێن

مۆرك: ئەڤینی

سەرچاوەی هەڵبەستەکە: نەناس




عارەق و شەراب، مەستی نەکردم

کچی ئۆنباشی، سەرخۆشی کردم

**تێبینی**

ڕاستە کە ئەم سترانە عەرەبییە، بەڵام بە شێوەیەکی کوردی دروست کراوە.

٩- ليمۆ

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

مۆرك: ئەڤینی




هەوا:

ئای ئای، چاوێکم کوێرە، بە خودا چاوێکم تانە

چاوێکم کوێرە، چاوێکم تانە

کوشتە شەخسێکم، کوڕە بارزانە

ئای کوشتە شەخسێکم، کوڕە بارزانە

ئەی لیمۆ، لیمۆ، لیمۆی کەرکووکی

بمدەرێ ماچێ (لیمۆ)، تۆ تازە بووکی

سایق سەیارەم، ناوت نازانم

بە زمانی کوردی (لیمۆ)، دەردت لە گیانم

عارەق و شەراب، مەستی نەکردم

ماچی کۆرپە کچ (لیمۆ)، سەرخۆشی کردم

باڵاکەت بەرزە، بە قەد ئەو بییە

تۆ منت کوشتووە (لیمۆ)، لەم غەریبییە

باڵاکەت بەرزە، بە قەد چنارێ

کێ تۆ هان داوە (لیمۆ)، بەردی لێ بارێ

چەپکە کنێران، وە شاخانەوە
داخی ها وا بان (لیمۆ)، گشت داخانەوە

دامدا گورمشەم، زلفن هورمشەم
گەلەن گێچەن (سایقتەن)، یار سۆرمشەم

**تێبینی**

تۆ تازە بووکی: هەندێ جاریش (ئەڵێی نۆ بووکی).

بەندی دووەم (سایق سەیارەم) دروست کراوە، هەروەها بەندی کۆتاییش بە تورکمانییە، ئەویش تازەیە.

# سترانه فۆلكلۆرییه سازەندەكان
# سترانه میللییه باوەكان "پۆپولار" و سترانه میللییه دانراوەكان "كۆمپۆسد"

یەكێتیی لاوانی كوردستان

**١ – یار بەدبەختەن**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

جێگا: شاری كەركووك

مۆرك: ئەڤینی




یار بەدبەختەن یار

دڵ وە زینهارەن

یار بێكەسەن یار

بەو دونیا تارەن

ئامان ئامان یار ئامان

بەو بەو بەو بەو گوڵی گەرمیان

ئۆی

دڵت چون گوڕەن
لێوگەزۆ و –هەنگوین
بەهەشت کەرد ئاور
ورێزە بوین
ئامان ئامان یار ئامان
بەو بەو بەو بەو گوڵی گەرمیان
ئۆی

**٢– بۆچ منت ناوێ**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس
جێگا: ناوچەی شوان




مۆرك: ئەڤینی
بۆچ منت ناوێ
بۆچ منت ناوێ
خۆ من وەبێ تۆ (گیانەکەم)
دڵم ناسرەوێ

دەبم بە هۆنەر
بۆ چاوی کاڵت
خۆ من گاور نیم (گیانەکەم)
هاتوومە ماڵت
بۆچ منت ناوێ...
دەبم بە هۆنەر

بۆ چاوی مەستت
خۆ من گاور نیم (گیانەکەم)
کەوتوومە دەستت
بۆچ منت ناوێ...

**٣- هەی بەلار و بەلار**

هەڵبەست و ئاواز: فۆلکلۆر
جێگا: ناوچەی جاف-کەلار
مۆرك: ئەڤینی
نۆتە: جەمیل بەشیر (العود و طریقه تدریسه)




هەی بەلار و بەلار و بە لارەوە
تۆ سەرێ باوکت وەرەماڵەوە

من بەم بەرەوە و تۆ بەو بەرەوە
هەر دوکمان سووتاین وە بەر خۆرەوە

چنار و لاولاو سەریان کردووە گیر
من بۆ کێ ئەگریم؟ بە کێ ئەمکەن ژێر؟

چنار و لاولاو سەریان نەمامە
من بۆ کێ ئەگریم؟ کێ بە تەمامە؟

وەنەوشەم ئەچنی مەڵۆ بە مەڵۆ
عالەم پێی شاد بوون، منیش ڕەنجەڕۆ

وەنەوشەم ئەچنی دەستم کەوت لە گوڵ
شەوگارم شەق کرد، نەگەییم بە دڵ

### ٤– ئامینێ و ئامین

هـەڵبـەست و ئـاواز: فۆلکلۆر

جێگا: گـەرمیـان

مۆرك: ئـەڤینی




ئـامینێ و ئـامین، ئـامینێ شووشه

بمدەیه مـاچێ (وەی)، حـاڵم مـەخشووشه

ئـامینێ و ئـامین، تۆ دنیـا و دینم

قۆڵـەکەت دانێ (وەی)، بیکه بـه سـەرینم

ئـەوا مـانگ هـەڵات، مـانگ خـەیلی بـەرزه

دۆست و دەزگیران (وەی)، بۆ ئـەم شەو فـەرزه

ئـەوا مـانگ هـەڵات، دای لـه نـاو هـۆبـه

مـاچکردن خۆشه (وەی)، نۆبـه بـه نۆبـه

ئـەوا مـانگ هـەڵات، مـانگی یـەك شـەوه

لـه دەشت و شـاخـان (وەی)، چریکـەی کـەوه

**تێبینی**

هونـەرمـەندی مـەزن حـەسـەن زیرەکیش ئـەم سترانـه خوێند، بـەڵام بـه ئـاواز و ڕیتمێکـی دیکه بوو، که لـه گـەڵ گۆڤـەند بگونجێ (مۆرکی دیلان). کـەچی ئـەم سترانـه لـه دەڤـەری گـەرمیـان بۆ گوێگرتنـه (مۆرکی ئـەڤینی) .

## ٥- لەیلێ گوڵنازەن

جێگا: شاری کەرکووک

هەڵبەست: خەلیل مەنەوەر

ئاواز: بەشیر سەبری بۆتانی

مۆرك: گەروویی




لەیلێ گوڵنازەن، لەیلێ گوڵنازەن
ئیسم شەریفش ماچان گوڵنازەن

سەدای چون بولبول سوب خۆش ئاوازەن
پەی سەیران گوڵ هەر جە پەروازەن

کاڵای کراسش چیت نازنازەن
توحفەی قافڵەی شار شیرازەن

ڕەوشت و لەنجەش وە غەمزەی نازەن
شۆخەن سەرکەشەن وێنەی شاهبازەن

## ٦- کناچەی کوردەن

جێگا: شاری کەرکووك

هەڵبەست: خەلیل مەنەوەر

ئاواز: بەشیر سەبری بۆتانی

مۆرك: گەروویی




کناچەی کوردەن، خاوەن خەت خاڵەن

دەم نوقڵ و نەوات، دوو لیمۆش کاڵەن

پەروەردەی سارای نام کوردستانەن

پەپوولەی ناسك نام کۆهسارانەن

پرچش لوول و خام چەنی زوڵفانش

پەخش واردەن چون حەی وە بان مەمانش

دگانمرواری باڵاش چون چنار

خۆ لەبش ناسك گۆناش گوڵهەنار

# سترانە میللییە باوەکان/حەزلێکراوەکان (پۆپولار)

شۆڕش عەلی عەسکەری

**١ – ئەمبەرە و بەرە**

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

جێگا: گەرمیان

مۆرک: ئەڤینی




ئەمبەرە و بەرە، ناسکە دولبەرە

لە سەر ماچێکت شەڕە خەنجەرە

ئەمبەرە و بەرە، تۆ لە کام بەری

ئەڵێی بەگزادەی دەوری پشدەری

من بەم بەرەوە، تۆ بەو بەرەوە

هەر دوکمان سووتاین وە بەر خۆرەوە

## ٢- کەتان، کەتانە

هەڵبەست و ئاواز: نەناس

جێگا: گەرمیان

مۆرك: ئەڤینی




کەتان، کەتانە (باوانم)، عەمرم کەتانە
کەتان گوڵێکە (ئەی هاوار)، چاوی زۆر جوانە
کەتانە، کەتانە، خاڵ دانە دانە

ئەوە تۆ ئەڕۆی، (باوانم)، بە خوام سپاردی
خۆم بۆم نەکرا بێم، (ئەی هاوار)، دڵم بۆ ناردی
کەتانە، کەتانە، خاڵ دانە دانە

بۆ لای کێ بچم، (باوانم)، دەست بە زامەوە
کێ دەرمانم بکا، (ئەی هاوار)، شەو بە لامەوە
کەتانە، کەتانە، خاڵ دانە دانە

ئەگەر بیزانی (ئەی هاوار)، لە حاڵی دەردم
بزەییت ئەتێ (ئەی هاوار)، بە ڕەنگی زەردم
کەتانە، کەتانە، خاڵ دانە دانە

سوێندم بۆ خواردووی (ئەی هاوار)، بە حەق ئەو چاوە
تینوێتیم تۆ بووی (ئەی هاوار)، بەهانەم ئاوە
کەتانە، کەتانە، خاڵ دانە دانە

**٣- باران، بارانە (باروون باروونە)**

جێگا: لوڕستـان (هونـەرمـەند پـەری زەنگـەنـە)

سـەرچاوەی هـەڵبـەستـەکـە: شـاری کـەرکـووك

مۆرك: ئـەڤینی




بـاران، بـارانـە، نم نم تـەڕمـی کرد

لـەنجە و لارەکـەت لـە دین دەرمـی کرد

مردن لـە بیرمـی لـە مـە و دواوە

پـاڵ ئـەدەم بـە پـاڵ دەرگـای خوراوە

خوا، خوامـە، بتبینم جـارێ

کێ تۆی وا لێ کرد، بـەردی لێ بـارێ

**تێبینی**

ئـەم سترانـە خـاوە بـە دەیـان تێکستـی بـە زاراوەکـانی گـۆرانی و لوڕی لـە ستـانی کرمـانشـان هــەیــە، لــە دەڤــەری کــەرکــوکـیش بــە زاراوی سـۆرانــی و گـۆرانــی پــەیـدا دەبـێت، بــەڵام ئـاوازەکـەی خێراترە، هـەروەهـا لـە سلێمـانی، هـەولێر و خـانـەقینیش گـەلـەك تێکستـی جۆر بـە جۆری هـەیـە.

# سترانە میللییە باوەکان

## بە زمانی کلدانی

**١ – یا لبناتیٚ**

جێگا: شاری کەرکووك

مۆرك: دیلان

ناوی دیلانەکە: پێلان (گولشێنی)

سەرچاوە: یەکێتیی لاوانی کوردستان – کەرکووك




یا لبناتیٚ ئازخ شارە
ئدیوو یومت رقدیٚ زمارە
خەچچە جەلدیٚ دانە وەڕە
ئەڵدو قومەخ نازك ڕامە(*)

سووریٚ تێوەت، چمەخ ل تێوەت
شوبرەت دونیٚ پوورەق تێوەت
شوبرەخ خلیە مسلەق تێوەت
لبت جوەنقیٚ موقەت تێوەت

**تێبینی**

گەلی کلدانی لە لایەن نەژاد وئاییینەوە لە تورکیا، ئێران، سووریا و عیراق چەوساوەتەوە، بەڵام ئەوانەی کە دراوسێی کوردان، ڕەوشیان باشترە.

---

(*) نازك ڕامە: (نەجیب ڕامە) ش دەوترێ.

## ٢- ئەتیوەت غەزالە

جێگا: شاری کەرکووك

مۆرك: دیلان

ناوی دیلانەکە: چۆپی

سەرچاوە: کاسێتەکی سترانبێژ ئەلبێرت




ئەتیوەت غەزالە گوورە و بەڕییە

وەنا سەیادە بارەخ خنوییە

مەسلتلی لمدیتا قەتلتلی مخوبی

بابی گووریٚ لیٚ بەڕییە یممی

قەموودتلیم خشنتە قەموودی سەییادە

لوبوخ بی کابوورە لیٚ لیٚ بقیادە

قەموو لییا گاتن ئەییێ لە دونییٚ

بووسامە ڕابە یوومانوو کرییٚ

# سترانه میللییه دانراوەکان "کۆمپۆسد"

## بـه زمـانـی تورکمـانـی

**١- هەلهەله وێرن**

جێگا: شـاری کـەرکووک

مۆرك: ئـەڤینی

سـەرچـاوە: ئـامـادەییی کـوردسـتـان-کـەرکووك

دەنگ: سترانبێژ مـحـەمـەد قـەڵای

هـەڵبـەست و ئـاواز:



هەلهەلە وێرن بۆینە

دەستە گول وێرن ئالنە

ئاڵتوونکەمەر باغڵەمش

گالنن ئینجە بێلنە (بەبا)

هەلهەلە وێرن بۆینە

دەستە گول وێرن ئالنە

چایرە ساڵدم نینە

قز ئوزو مەنە دۆندەر

دۆندەرمەسەو دۆندەررەم

گالنن ئینجە بێلنە (بەبا)

هەلهەلە وێرن بۆینە

دەستە گول وێرن ئالنە

**٢- قاخ گێداغن شێخ باغنا**

جێگا: شاری کەرکووك

مۆرك: ئەڤینی

سەرچاوە: هونەرمەند نووری سەزیگوزەل، ئوورفا

هەڵبەست و ئاواز:



قاخ گیداغن شێخ باغنا غەزەلە
نەجیب خانم سەر فیستانم غەزەلە
گولم دوشت هەیواندەکی گوزەلە
گوزەلەرن مەسکەنی بو بەغداد
ئیچمشەم بەبا بیلمرەم سەودام هەڕداد

ماوی یازم یار باغڵەمش باشنا
ساچ ئاغلاری دوشمش هیلال قاشنا
یەنگی گیرمیش ١٤–١٥ یاشنا
گوزەلەرن مەسکەنی بو بەغداد
ئیچمشەم بەبا بیلمرەم سەودام هەڕداد

سورمە ساچلی دەباننا ئاریشی
مەن ئۆڵمشەم نازلی یارم دەرویشی
گویلم قردی سۆڕە مانی بارشی
گوزەلەرن مەسکەنی بو بەغداد
ئیچمشەم بەبا بیلمرەم سەودام هەڕداد

### ٣- چەخماغ چاخ

جێگا: شاری کەرکووك

مۆرك: ئەڤینی

سەرچاوە: ئامادەیی کوردستان – کەرکووك

هەڵبەست و ئاواز:




چەخماغ چاخ

چراغ یاندرمامشەم

یارم چن پۆتین ئاڵدم

تاکن یوڵدا ساڵمشەم

چرادا یاغ تۆکەندی

نە یامان وەخت تۆکەندی

نە سەندە بیر گوزەلليك

نە مەندە ئاهـ تۆکەندی

چەخماغ چاخ...

چراغ یاندرایدم

یۆڵ ئوستە کوندرایدم

یارم بزە گەلەندە

هەیباسن ئەندرایدم

چەخماغ چاخ...

چراغم ئاتەش وێردی

کولگاسن گولە وێردی

نێدەرەم یار مەن سەننەن

تێز مانی دیلە وێردی

چەخماغ چاخ...

ئۆف دامدا چراغ یانر

ئۆف مان گورەر سوندر

ئۆف کاند کێف سەفادا

ئۆف مان دەرتەن ئولدر

چەخماغ چاخ...

**تێبینی**

زۆربەی تورکمانەکان لە مووسڵ، هەولێر و کەرکووك لەگەڵ کورد، عەرەبە و کلدانییەکان دەژین. ئەمانە بە سایەی گەلی کورد لە عیراق ماون، کەچی لە سووریا بوون بە عارەب، هەروەها لە تورکیاش هەبوون "وەك لە دەڤەری ئورفا"، بەڵام هەموویان لە بەر سیاسەتی کەمالیزم بوون بە تورك. شایانی باسە کە چەند پەیڤێکیان بە ز–مانی تورکمانی ماوەنەتەوە، وەك: وار (هەیە)، ئێوخەراب (ماڵوێران)، مەن حەزێ دە–رەم (من حەز دەکەم)، نەجێسسەن (چۆنی)، مەن گالرەم/گێدەرەم/بیللەم (من دێم/دەچم/ دەزانم) و هتد.

## ٤ – ئاینەیا باختم

جێگا: ئورفا

مۆرك: ئەڤینی

سەرچاوە: هونەرمەند نووری سەزیگوزەل، ئورفا

هەڵبەست و ئاواز:




ئاینەیا باختم، ساچ بەیاز ئۆڵمش
ئاخ نەدەن ڕەنگم، سەڕاڕمش سۆڵمش/ ئۆڵمش
بویلە داگیلدم، مەنە نە ئۆڵمش
ئاغڵە گوزلارم، صزڵە دیزلارم
مەن بو حالمە، مەن بو حالمە

حەیاتم گێچتد، گورمادم صەفا
یەڵان بو دونیادا، ئۆڵڕم وەفا
یارمدەن گوردم، بینلارجە جەفا
ئاغڵە گوزلارم، سزڵە دیزلارم
مەن بو حالمە، مەن بو حالمە

# موزیکی فۆلکلۆری - دەڤەری گەرمیان

١




٢




٣




٤



٥




٦




٧




٨




٩



# چەند پەیڤەك

لە زمانی کوردیدا گەلەك پەیڤی هونەری هەیە، بەڵام مخابن کە تاکو ئەم سەردەمە کۆنەکراون. من لە گەنجیی خۆمدا نزیك ٥٠٠٠ پەیڤم کۆ کرد، بەڵام لە بەر گۆڕینی چەند ناوونیشانەك، مخابن کە ون بوون. ئێدی لەم پەرتووکەدا چەند پەیڤەك بڵاودەکەمەوە، وەك:

گۆڤەند: خەلەك، بازن، گرۆڤەر، تۆك و ئەڵقە، هەروەها بەزم، ئاواز و ئاهەنگ

گۆڤەندگرتن لە بەر دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایە، یان تەڤتەڤیك (کەمەنچەی سێتەلی)، واتە گۆڤەند بە بێ دەهۆڵ و زوڕنا، یان بە بێ کەمەنچە هەر نابێت، مەبەست بە بێ موزیك هەر نابێت.

دیلان

گۆڤەندگرتن لە بەر ستران خوێندن و گێڕانەوە لە دوای یەکتری، واتە دیلان بە بێ ستران خوێندن دیلان نییە.

سەما

بادانی سەربەست لە لایەن کەسەکەوە یان لە لایەن چەند کەسەوە، ئەو کاتەی کە یەکەك یان بەتەر لە دیلانەکە یان گۆڤەندەکە دەربچن و خۆیان بادەدەن، واتا سەما دەکەن.

ساز: موزیك

موزیك پەیڤەکی بە زمانی یونانییە و بێجگە لەم زمانە وا بزانم بە تەنیا نەتەوەی کورد پەیڤەکی بە واتای موزیکی هەیە، ئەویش (ساز)ە.

سازبەند: موزیکژەن

ئەو کەسەی کە موزیك دەژەنێت.

بەزم و ڕەزم: ئاواز و ڕەوت، ئاواز و گوڕمە–گوڕم، ئاواز و ئاکل

نەتەوەی کورد دەبێژێت (ئەڤ چ بەزم و ڕەزمە؟)، واتە (ئەڤ چ ئاواز و چ گوڕمە–گوڕمە؟)، (گوڕمە–گوڕم)یش دەنگی هەورانە.

بەزم: ئاواز، گۆڤەند، ئاهەنگ

بە زمانی کوردی (ئەڤ چ بەزمە؟)، واتە (ئەڤ چ ئاوازە؟)، (ئەڤ چ گۆڤەندە؟) و (ئەڤ چ ئاهەنگە؟).

ڕەزم: ڕەوت، ئاکل

بە زمانە ئەوروپییەکان (ڕیتم–Rythm)ە؛ وەك بە زمانی سویدی (Rytm)ە. کە لە (Rythmos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، هەروەها (ڕەزم) و (ڕەوت)یش هەردووکیان لە زمانە ئەوروپییەکانەوە نزیکن.

پیکەپیك و دنگەدنگ: دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ

بە زمانی کوردی (ئەڤ چ پیکەپیك و دنگەدنگە؟)، واتە (ئەڤ چ دەنگی زوڕنا و دەهۆلە؟)، یان (ئەڤ چ زوڕنا و دەهۆلە؟).

چۆپی: چۆ + پێ = چۆپێ

لە پەیڤی (چۆپێ) پەیڤی (چۆپی) پەیدا بوو، وەك (شێخان و شێخانی، سێپێ و سێپێیی و هتد). چۆپیش ناوی ڕەزم و گۆڤەندەکە، وەك سترانی (ئەسمەر تە دگۆت وا ناکم) و (گرێ سیرا ب سیرە)...

گولشێنی: گوڵی میللەت

ناوی سترانەکە، هەروەها بوو بە ناوی ڕەزم و گۆڤەندەکیش کە پێ دەبێژن پێلان، سێهوپ و سێقەفزك.

دوودەنگی: دووقۆڵی

شێوەی خوێندنی سترانەکە، کە کەسی یەکەم سترانەکە دەخوێنێت و کەسی دووەم بۆی دەسێنێتەوە.

بێریك

ئاوازەك لە لایەن شوانانەوە لە دەمی مەڕدۆشیندا بە بلوێر دەژەنرێت.

بێلووتە

سترانەك لە لایەن چەند کەسەوە پێشکەش دەکرێت.

بێلووتەڤان (بێلووتەبێژ)

ئەو کەسەی کە سترانەك لە گەڵ چەند کەسەك دەخوێنێت.

دەنگبێژ: دەنگ (نۆتە) + بێژ

ئەو کەسەی کە هەوا و بەستەی فۆلکلۆری دەخوێنێت.

سترانبێژ

ئەو کەسەی کە سترانی بە ڕەزم دەخوێنێت "فۆلکلۆر و میللی".

هەوابێژ: مەقامبێژ

ئەو کەسەی کە هەوا دەخوێنێت.

لاوکبێژ

ئەو کەسەی کە لاوك دەخوێنێت.

پاهیزۆکبێژ

ئەو کەسەی کە پاهیزۆك دەخوێنێت.

حەیرانبێژ

ئەو کەسەی کە حەیران دەخوێنێت.

حەیرانۆکبێژ

ئەو کەسەی کە حەیرانۆك دەخوێنێت.

ئاهەنگبێژ: بەزمگێڕ

ئەو کەسەی کە هەوا و بەستەی فۆلکلۆری و میللی بە ئاهەنگی (گرب) دەخوێنێت، واتا بەزمگێڕە (مطرب).

هونەرمەند

ئەو کەسەی کە هونەری هەیە، واتا خودان هونەرە.

ئارەزوومەند

ئەو کەسەی کە ئارەزووی هەیە، وەك موزیك یان وەرزش، وێنە و هتد، واتا خودان ئارەزووە.

# چەند ڕەزمەك

ڕەزمـەكـانـی ئـاوازە فۆلكلۆری و میـلـلـیـیـەكـانـی كوردی گـەلـەكن و بـە گشتـی ئـاسانن، هـەروەهـا هـەموویـان سادەن و بـەشێكیـان لێكدراو و تێكەڵاون، بە كورتـی ئـالۆزن نین. بۆ زانین زۆربـەیـان هـەر وەك ئـەو ڕەزمـانـەی كە لـە ئـاوازە فۆلكلۆری و میللییەكاندا لە لایـەن هـەموو گـەل و نـەتـەوەكـانـی ڕۆژهـەلاتـی نێوەڕاستـەوە بـەكـاردەهـێـنرێن. هـەروەهـا چەند ڕەزمـی دیكـەمـان هـەیـە كـە لـە چـەنـد سـتـران، سەمـا، دیـلان و گۆڤـەنـدە فۆلكلۆری و میللییەكانی كوردیدا بەكاردەهێنرێن، هەر بە یەكجاری بێ ناون.

**١- چۆپی**

ئەم پەیڤە لە (چۆ+پێ) هـاتووە و واتـای (چۆ) دارە. پـەیڤـەكی دیكـەمان هـەیە (چۆگان)، ئـەویش دارەكـی سەرخـوارە و لـە لایـەن پیرەكـانـەوە بـەكـاردەهـێنرێت. بـەم ڕەزمـە چـەند دیلان، گۆڤەند و سەمای دار لە لایەن كوردەكانی بۆتان و دیاربەكرەوە پێشكەش دەكرێت و پیڤانـەكەی (C)ە و لێدانی بـەم شێوەیە:



دەستی ڕاست: دوم دوم دوم

دەستی چەپ: تەك

دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك تەك

**٢- چوارمەزرەبی - مەزن**

پیڤانی ئەم ڕەزمە (٨/٤)ە و لێدانی بەم شێوەیە:



دەستی ڕاست: دوم دوم

ئێس

دەستی چەپ:  تەك

دەستی ڕاست:  دوم

ئێس

دەستی چەپ:  تەك تەك

**٣- چوارمەزرەبی - بچووك**

پیڤانی ئەم ڕەزمە (C)ە و لێدانی بەم شێوەیە:



دەستی ڕاست:  دوم دوم

دەستی چەپ:  تەك

دەستی ڕاست:  دوم

دەستی چەپ:  تەك

**٤- ئەیووبی**

پیڤانی ئەم ڕەزمە (٢/٤)ە و لێدانی بەم شێوەیە:



دەستی ڕاست:  دوم

دەستی چەپ:  تەك

دەستی ڕاست:  دوم

دەستی چەپ:  تەك

**٥- دەهۆڵی**

ناوی ئەم ڕەزمە لە ئامێری (دەهۆڵ)ەوە هاتوە و دوور نییە کە زۆربەی جاران بە ئامێری دەهۆڵەوە پێشکەش دەکرا. گەلەك دیلان، گۆڤەند و سەما لە گەڵ ئەم ڕەزمە پێشکەش

دەکرێن، وەك سێپێیی، چەپی، هورزی، گۆڤەند، و هەژاندن و پیڤانی ڕەزمەکەی (٢/٤)ە و لێدانی بەم شێوەیە:

دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك تەك

دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك تەك

**٦- جۆرجینا**

ا- پێلان (گولشێنی/سێهوپ/سێقەفزك)

پەیڤی پێلان لە (پێل+ان) هاتووە و واتای (پێل) (شەپۆل)ە. دیلان، گۆڤەند و سەمای پێلان بە تەنیا لە گەڵ ڕەزمی (پێلان) پێشکەش دەکرێت و پیڤانی ڕەزمەکەی (٥/٨)ە و لێدانی بەم شێوەیە:



دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك تەك

دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك

ب- شێران

پەیڤی شێران لە (شێر+ان) هاتووە و پیڤانی ڕەزمەکەی (١٠/٨)ە و لێدانی بەم شێوەیە:



دەستی ڕاست: دوم

ئێس ئێس

دەستی ڕاست: تەك

ئێس

دەستی ڕاست:   دوم دوم

دەستی چەپ:   تەك

ئێس ئێس

تێبینی/ پیڤانی ڕەزمی جۆرجینا (١٠/١٦)ەش دەنوسرێت.

**٧- ڤالس**

ئەم ڕەزمە نەمساوییە، پیڤانی (٣/٤)ە و لە موزیکی کلاسیکی، فۆلکلۆری و میللیی ئەوروپی بەکاردەهێنرێت، هەروەهاش لە موزیکی کوردیدا و لێدانی بەم شێوەیە.



دەستی ڕاست:   دوم

دەستی چەپ:   تەك تەك

**٨- بابلەکان**

دەبێژن کە کچەك ناوی بابلەکان بوو، کوژرا... ئەم ڕەزمە لەگەڵ دیلان، گۆڤەند و سەمای (بابلەکان، گۆڤەند، سێ پێیی، چەپی و...) پێشکەش دەکرێت. ئەم دیلان، گۆڤەند و سەمایە بە تەنیا لەگەڵ ڕەزمی (بابلەکان) پێشکەش دەکرێن و پیڤانی ڕەزمەکەی (٦/٨)ە و لێدانی بەم شێوەیە:



دەستی ڕاست:   دوم

دەستی چەپ:   تەك  تەك

دەستی ڕاست:   دوم

دەستی چەپ:   تەك

ئێس

## ٩- گەڕان

واتای پەیڤی گەڕان (پیاسەکردن)ە و لە بواری ئاهەنگگێڕاندا بە واتای (سەرەتا، دەست پێکردن) دێت، وەك سەرەتای ئاهەنگەك. پیڤانی ڕەزمەکەی (٧/٨)ە و لێدانی بەم هەر سێ شێوەیە:



دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك تەك

دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك



دەستی ڕاست: دوم

ئیس

دەستی چەپ: تەك

دەستی ڕاست: دوم

ئیس

دەستی چەپ: تەك تەك



دەستی ڕاست: دوم

دەستی چەپ: تەك تەك

دەستی ڕاست: دوم

ئیس

دەستی چەپ: تەك

ئیس

## فەرهەنگۆکی سترانەکان

ئاهیر: ئاگر، ئاور

ئاری: ئەریٚ، هەریٚ

بابا: گەنج

باعیس: هۆ

بانپووشین: زێڕ یا زیو لە سەر پووشینی سەری ئافرەت دەدرێت

باوان: پێچەوانەی بەرەبا، باو و باپیران

بچویك: بچووك، ئەم بەلێوكردنە لە چەند ناوچەكانی گەرمیان هەیە

بەگەرد: بەناز

بەند: قسە، بەشەكی ستران

بەند: بەندیخانە

بسات: دونیا، جیهان

بەتەر: بێتر، بێهتر، زیاتر

جە: چە، لە، ژ

جەمین: هەنی، ئەنی، توێڵ

جەرسە: جۆرە قوماشەكە

چەشتن: تامكردن، خواردن

چەرمێن: سپینیی چاڤ

چڵێ داوێتی

چیغ: دەرگای حەوشە، بۆ حەوشی حەسیر بەكاردێت

چریكە: خوێندن بە دەنگەكی خۆش

چون: وەك

دەماغ: زەوق

دی : چاو

دیشوار: دژوار، ناخۆش

دویر: دوور، هەروەها (ئاڵتوین: زێڕ)ە

ئەنجن: وردە وردە، پارچە پارچە

عەناب: زۆر نایاب

فرە، فرێ: زۆر، پڕ

گۆشەگیر: تەنیا ژیان بە سەربردن، دوور لە خەڵکی

هانا: بە هانایەوە هات، واتا بە دەنگییەوە هات

هانداوە: عاجز کردووە

هەڵپلانی: چاوگێڕان، بۆ چاوی جوان دەوترێت

هورمەشانۆ: هەڵکەنن

هوون: خوون، خوین، خوێن

حەی: مار

ژار: زار، لاواز

ژار: ژەهر، زەهر

کاڵا: قوماش

کاشکە: خۆزیا، خوەزی

کەل: کەندال، بەرزایی

کەساس: مەلوول، دەردەدار

کەشکۆڵ: جێگای خۆراك بۆ سەفەر

کناچە: کچ

کوچە: کۆڵان

کیانا: هنارت، نارد، شاند

کۆڕ: زەوییەك، یان دەشتەك کە دەور و پشتی بەرزایی بێت

کووهسار: زۆزان، کوێستان

لووتەوانە: خەزێم، خزێم

ماچان: دەبێژن، دەڵێن

مەینەت: دەرد و بەڵا

مۆلەق: (معلق) پەیڤەکی عەرەبییە، واتا لە نێوان ئەرز و ئاسماندا هەڵواسراو

نە بەین: لە بەین، چە بەین

نەدیامەت: نەتم دیبا

نەوات: نەبات

نم-نم: وردەباران

نۆ: نوو، نوێ

پایان: کۆتایی

پەژارە: خەم، خەفەت

پەستەك: کوڵە باڵ، لێرەدا بۆ سوخمەی ئافرەت بەکار دەهێنرێت

قۆنیاغ: کۆنیاك

ڕەنجەڕۆ: ئەو کەسەی کە زەحمەتییەکەی بە فێڕۆ بڕوا

ڕەوش: بار و دۆخ، وەزع

ڕۆ: ڕۆژ

ڕۆین: ڕۆیشتن، چوون

سارا: سەحرا

سایق سەیار: شوفێری ترومبێل

سەمەن: گوڵی یاسەمین، یاس، ناوی کچە

سەرکەش: هێزدار/بەهێز، توانادار/بەتوانا، شیاندار/بەشیان

سمڵ: گیایەکی بۆنخۆشە

سورمە: کل

شۆرتەن: شێوەن

تاوێ: ماوەیەکی کەم

تار: تاری، تاریك

تاتە: باب، باڤ، باڤك، باوك

تەفرە: خەلەتاندن، خاپاندن

تەن: لەش

تەنیابالْ: تاقانە

تەم: دومان

تەور: ئاوا، جۆر، شێوە

تۆکڵ: تووڤل، تویڤل

واردە: خواردەمەنی

وەسەت: تفەنگی وەسەت، واتە کورت.

وێستیا: ڕاوەستاوە

ورشە: شەوق، خولیایی

خاڵوان: ماڵخاڵۆ

خراو: خراپ

یاڵ: بەرزایی، کەندال

یازوخ: مخابن

زێ: ئاو، جۆبار، ڕووبار

زگار: هاوار

زننار: ئازار

زڕە: دەنگ

## سەرچاوەکان

ڕادیۆی بەغدا – بەشی کوردی

تەلەفزیۆنی کەرکووك – بەشی کوردی و تورکمانی

چوار کاسێتی عەلی مەردان

دوو کاسێتی حوسێن عەلی

عەورەحمان زەنگەنە – سوید، کاسێتەکی گەرمیانی، دوو کاسێتی حسێن عەلی و کاسێتەکی هابە

جەبار هەماوەندی – سوید، کاسێتەکی شوکور خەیات و سەلاّح داودە و کاسێتەکی هابە و سەلاّح داودە

سامان حوسێن فەتاح – سوید، دوو سی دی–ی عەلی مەردان

شوان سەراج – ئوستراليا، کاسێتەکی عەلی مەردان

دوو کاسێتی محەمەد عارف جزیری

کاسێتەکی حەسەن جزیری

کاسێتەکی ئەلبێرت

دوو کاسێتی نووری سەزیگوزەل

شەوکەت ڕەشید، تیپی سۆلاڤ – کەرکووك

شۆڕش عەلی عەسکەری – سوید

یەکێتیی لاوانی کوردستان – کەرکووك

قوتابخانەی ئامادەییی کوردستان – کەرکووك

پەرتووکی (محەمەد عارفێ جزیری–سترانبێژێ مرۆڤپەروەر)، دار الحريه للطباعه–بغداد، نووسینی ئەحمەدێ جزیری، لاپەڕەی ١٧

پەرتووکی (العود و طريقة تدريسة)، جەمیل بەشیر

پەرتووکی (في اصول الموسيقي الفولكلورية)، لاپەڕەی ١٢–١٥، نووسینی اسعد محمد علي، مطبعة دار الساعة ١٩٧٦.

# ناوەڕۆك


هونەرە فۆلكلۆری و میللییەكانی دەڤەری كەركووك ........ ٧
باخچەی منداڵان ........ ١٥
دیلان، گۆڤەند و سەما ........ ٢٠
هەوا و لق و پۆپ ........ ٣١
سترانە فۆلكلۆرییەكان – بێ ڕەزم (بێ ڕەوت، بێ ئاكل) ........ ٧٧
سترانە میللییە حەزلێكراوەكان (پۆپولار)– تێكەڵاو (بە ڕەزم و بێ ڕەزم) ........ ٨٧
سترانە كۆكراوەكان ........ ٨٩
موزیكی فۆلكلۆری – دەڤەری گەرمیان ........ ٢٢٢
چەند پەیڤێك ........ ٢٢٤
چەند ڕەزمێك ........ ٢٢٧
فەرهەنگۆكی سترانەكان ........ ٢٣٢
سەرچاوەكان ........ ٢٣٦